WWW.RUDAW.NET


# ڕووداو
RUDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (338) دووشەممە 2014/12/15 24ی سەرماوەزی 2714 (750) دینار

محەممەد ڕەئوف :

## ڕێککەوتنەکەی سلێمانی تەنیا بۆ بەڕێکردنی کاتە




**ڕووداو – هەولێر**

محەممەد ڕەئوف، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی یەکلانەکردنەوەی هەڵوێستی حیزبەکەی دەکات بەلای یەکێتی یان گۆڕاندا و دەڵێت "ئەگەر گۆڕان 70+ 1 یشی هەبووایە یەکێتی پۆستی پارێزگاری سلێمانی رادەست نەدەکرد". هەروەها دەڵێت "ئەگەر لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتباین، دەستکەوتی ماددی و پلە و پۆستمان دەبوو لە حکومەتدا. لەگەڵ گۆڕانیش ڕێککەوتباین سۆزی خەڵکمان بەدەستدەهێنا". محەممەد ڕەئوف پێیوایە ڕێکەوتنەکەی سلێمانی تەنیا بۆ بەڕێکردنی کاتە لەلای یەکێتی و گومانیشی هەیە دوای دوو ساڵی دیکە یەکێتی پۆستی پارێزگار تەسلیمی گۆڕان بکات و دەڵێت "ئیمزای کابینەی پێنج و شەش و حەوت و بگرە هەشتیشمان هەیە، کوا یەک ئیدارەیی؟".

محەممەد ڕەئوف حیزبەکەی بە "دۆڕاو" دەزانێت لەو ڕێکەوتنەی سلێمانی، بەڵام دەڵێت "ئەگەر دەستکەوت تەنیا پۆست بێ عەقڵمان بەوە دەشکا لەگەڵ گۆڕان یان یەکێتی ڕێکبکەوین". گوتیشی "وانەی گەورەمان لەو ڕێککەوتنە وەرگرت".

« 5



11

### پێشمەرگە کەنەدییەکە قسە بۆ (ڕووداو) دەکات

### مەلاکانی ڕواندز داوا دەکەن کلاسیکۆ نەمێنێ

2



کەمال عەدنان مەرعی:

### ئامادە بووم تەرمی 18 پێشمەرگەکە لە داعش وەربگرمەوە

4

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی نامە هاوبەشەکەیان :

# بەرهەم ساڵح لەلایەن هێرۆ خانەوە تەواو بووە

« 3






ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (338) دووشەممە 2014/12/15

## لە هەولێر مەلایەک دەستگیر دەکرێت



**ڕووداو- هەولێر**

شـەوی 2014/12/12 مامۆسـتایەکی ئایینی بەناوی فوئاد عەلی خەتێ لە ناخیەی دارەتووی سـەر بە شـاری هەولێر لە لایەن ئاسایشـەوە دەستگیرکرا و سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانیش دەڵێ "لە سەر بابەتی ئەمنی دەستگیرکراوە". مەلا هەورامان گەچێنەیی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵ بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو مەلایە لەگەڵ کەسێکی دیکە دەستگیرکراوە و لە لایەن ئاسایشەوە زۆری لێدراوە و ئێستا لە نێو جێگادا کەوتووە". بەڵام تاریق نووری، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەولێر ڕەتیکردەوە ئەو مەلایە لە لایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیرکرا بێت.

# مەلاکانی ڕواندز داوا دەکەن کلاسیکۆ نەمێنێ




**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو- ڕواندز**

یاری کلاسیکۆ لە نێوان گەنجانی ڕواندز و چەند مەلایەکی شـارۆچکەی ڕوانـدز لەسـەر کافتریایـەک دەسـتی پێکـردووە، مەلاکان داوای داخستنی کافتریاکە دەکەن و گەنجانیش داوای مانەوەی دەکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجامی یارییەکە دیار نییە.

کافتریای کلاسـیکۆ مـاوەی چوار مانگە لـە شـارۆچکەی ڕوانـدز کراوەتـەوە، ئەو کافتریایە زۆرتر گەنجان بۆ کات بەسەربردن ڕووی تێدەکـەن. بـەڵام ئـەوەی مەلاکانی نیگەران کردووە بوونی کارمەندێکی ژنە لە کافتریاکە، بۆیە داوای داخستنی دەکەن.

ئـەو ژنە کە بە "بەغـدادی" بانگدەکرێ، کاتێـک گەنجـەکان داوای خواردنەوەیـەک دەکەن، ئـەو بە زەردەخەنەیەکەوە بە دەم داواکەیانەوە دەچێت.

هەینـی ڕابردوو مەلایەکی شـارۆچکەکە هێرشـی کـردە سـەر کافتریاکـە و گوتی "بەداخـەوە شـاری ڕۆشـنبیری و هونـەر و پیـاوە گـەورەکان چی تێـدا کراوەتەوە کە گەنجانی دەرەوەی شـار بـۆ ڕابواردنی شەوانە ڕوو لەو کافتریایە دەکەن".

دوای قسـەی ئـەو مەلایـە، چەنـد کەسـێک هێرشـیان کردە سـەر کافتریاکە و بەردبارانیـان کـرد. هەر قسـەکانی ئەم مەلایـە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسـبووکی پڕ کرد، هەندێکیان شوێنەکەیان بە سەنتەری "مەساج و ڕابواردن" ناوبرد، بەڵام هەندێک لـە گەنجانیش داوایـان لە خاوەنەکەی کرد قسەکانی ئەو مەلایە ساردی نەکاتەوە.

هێـور ئەزهـەر، 23 سـاڵ، خاوەنـی کافتریای کلاسـیکۆ دەڵێت "چەند مەلایەک بەبـێ بوونـی هیـچ بەڵگەیـەک کۆمەڵێک تۆمەتیان خستووەتە پاڵ کافتریاکەم".

هێـور پێشـتریش لەشـاری کەرکـوک کافتریایەکـی بەهەمـان ناو هەبـووە، بۆیە حەزی کـردووە لە ڕواندزیـش کافتریایەک بەم ناوە بکاتەوە. هێور دەڵێت "بەداخەوە دوای ماوەیەک لە کردنەوەی ئەو کافتریایە دژایەتیمـان کـراو نـاو و ناتـۆرەی زۆر ناشـرینیان بۆ داتاشـین کە مـن لێرە پێم شـەرمە باسیان بکەم، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی کـە لەلایەن ئافرەتێکـی عەرەبەوە بەڕێوەدەبرێت".

### "بۆچی مەلا باسی یانەی ڕواندز ناکات؟"

هێـور دەڵێـت کـە دراوسـێیەکی کافتریاکـە واژۆی بۆ داخسـتنی کافتریاکە کۆکردووەتەوە و وای لە خەڵکی گەیاندووە کـە کاری "بێڕەوشـتی" لـە کافتریاکـەدا دەکرێـت. پەناشـی بۆ مەلاکانـی مزگەوت بـردووە "بۆیە یەکێک لەمەلاکانی شـار لە وتاری هەینیدا داوای لەگەنجان کردووە ڕوو لەو شوێنە نەکەن و خەڵکی هانداوە بەوەی کافتریاکە بسووتێنن و ئەوەشی گوتووە کە ئێمـە ناوی ڕواندز ناشـیرین دەکەین، بۆیە مـن لێرەوە لەو مەلایانە دەپرسـم: ئەی بۆ قسـە لەسەر نادی ڕواندز ناکەن کە شوێنی مەیخواردنەوەیـە و ڕێک بەرامبەر مزگەوتە، تەنیا لەبەر ئەوەی خاوەنەکەی بەرپرسە؟".

هێـور هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە کـە بـۆ کافتریاکـەی ئـەو هەڵبەسـتراون و دەڵـێ "ئـەوەی ئـەو قسـانە دەکات با سـەردانی کافتریاکە بکات، ئەگەر شتێکی وای بینی با راسـتەوخۆ ئاگـر لەکافتریاکە بـەر بـدات". هەروەهـا دەڵێـت "ئەگـەر ئافرەتێـک لەشـوێنێک کاری کـرد ئـەوە ناگەیەنێت کە ئەو ئافرەتە بێڕەوشـتە، من نازانم تاکەی ئێمەی کورد بەو شـێوەیە لە ئافرەت دەڕوانین".

### بەغدادی: ئەگەر گومانتان هەیە سکاڵا تۆمار بکەن

دونیـا بەغـدادی، 40 سـاڵ، دایکـی کوڕێکی تەمەن 15 سـاڵە و هاوسەرەکەی لـە ژیاندا نەماوە، ئـەو فەرمانبەر بووە لە شـاری بەغـدا، دوای تێکچوونـی ڕەوشـی ئەمنیی شـاری بەغدا ڕووی لە شارۆچکەی سۆران کردووە.

دونیـا ڕۆژانـە لە دوای کاژێـر 2ی دوای نیـوەڕۆ تاوەکو 12ی شـەو لـە کافتریاکە کار دەکات. لەبارەی ئەو هێرشـەی لەسەر ئـەو و کافتریاکـە هەیـە دەڵێـت "بەڵـێ بیسـتوومە چییان لەسەر من گوتووە، ئەم قسـانە زۆریان ئازار داوم، بەداخەوە ئەوانە دەڵێن موسـڵمانین، بەڵام بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەک تۆمەت بۆ خەڵک هەڵدەبەستن، باشـە ئەوانە لـە ڕۆژی دوایی ناترسـن؟". دونیا گوتیشی "هەر کەسێک گومانی لە من هەیە، با بچن سکاڵام لەسەر تۆمار بکەن".

### مەلا لە خەمی حەیای شاردایە

تاوەکو ئێسـتا 4 مەلا لە گوتارەکانیاندا لە ڕۆژی هەینی هێرشـیان کردووەتە سـەر کافتریاکـە. مـەلا تاهیـر حەمـەد گرتکی، ئیمام و خەتیب لە مزگەوتی عومەری کوڕی خەتـاب لە گەڕەکی ئازادی شـاری ڕواندز، کـە یەکێکـە لـەو مەلایانـەی لـە گوتاری هەینیدا هێرشـی کردووەتە سەر کافتریاکە بـە (ڕووداو)ی گوت "من لـە خەمی حەیا و شـەرم و شـوورەیی خەڵکـی ڕواندزدام. بەداخـەوە پێشـتر خەڵـک لە شـارەکانی دیکەوە دەهاتن بۆ ئەم شـارە و دەیانگوت با بچینە شـاری ڕۆشـنبیری، کەچی ئێستا خەڵکـی دەوروبەری ڕوانـدز دەڵێن با بچین پیاسـەیەک بکەین بـۆ کافتریـای ژنان لە ڕواندز".

ئەو مەلایـە ڕەتیکـردەوە هانی خەڵکی دابێـت بۆئـەوەی کافتریاکە بسـووتێنن و دەڵێـت "ئێمـە دەسـەڵاتی قەدەغەکردنی چایخانە و کافتریا و ئەو جۆرە شـتانەمان نییە، ئەو قسانەی دەشکرێن هیچیان وانین و خەڵکانێـک بـە هەڵـە خوێندنەوەیان بۆ قسـەکانم کـردووە. مـن تەنیـا گوتوومـە مخابنـە خەڵکی ڕواندز لە ئاسـت ئەو کارە بێ شەرعییە بێدەنگ بێت، بێ شەرعیەکەش ئەوەیە کە گەنجانی ئێمە دوای کاژێر 12ی شـەو دەچنە ئەو شـوێنە و خـوا بە خۆی دەزانێ چ لەوێ ڕوودەدات، ئێمە گوتوومانە بوونی شـوێنێکی وا ئاسـاییە، بـەڵام بەو شێوازە کارەساتە".

سەبارەت بە بەغدادی، مەلا تاهیر دەڵێت "کارکردنـی ئافـرەت لەو شـوێنە لە ڕووی شـەرعەوە ڕەوا نییـە، بەڵام کە ڕێگاشـی پێـدراوە، هـەر هیچ نەبێ بـا جلوبەرگێکی شـەرعی لەبەر بکات، مـن پێموایە 90%ی ئـەو گەنجانەی ڕوو لـەو کافتریایە دەکەن لەبەر خاتری ئەو ژنەیە".

---

### ئەندازیارێک خشتەیەکی بۆ دادەنێت

# کاتی بانگدان لە کوردستان هەڵە و کەموکوڕیی تێدایە

**ڕووداو- سلێمانی**

ئەندازیارێکـی پرۆگرامسـازی دەڵێـت کاتەکانـی بانگدان لە کوردسـتان هەڵە و کەموکوڕییان تێدایە و بۆ ئەم مەبەستەش پرۆژەیەک بۆ کاتەکانی بانگ پێشکەشـی وەزارەتـی ئەوقـاف دەکات، وەزارەت و یەکێتی زانایانیش لیژنەیان بۆ دیراسەکردنی پرۆژەکە پێکهێناوە.

کۆسـرەت دڵشـاد ئەحمەد، دەرچووی زانکـۆی پۆلەتەکنیکـی هەولێـر بەشـی ئەندازیـاری کۆمپیوتـەرە و پرۆژەیەکـی ئامادەکـردووە بۆ دارشـتنەوەی کاتەکانی بانـگ بەشـێوەی "زانسـتی و یاسـای فەلەکناسـی". چونکـە بە گوتـەی خۆی "ئێستا ئەم یاسایانە لە وڵاتانی ئیسلامیدا پەیڕەو دەکرێت و کاتەکانی ئێسـتای بانگ لە کوردستان بە چاو دانراوە و کەموکوڕیی تێدایە".

کۆسرەت، ئاماژە بەوە دەکات کاتەکانی بانـگ بە یاسـای فەلەکناسـی و بیرکاری ڕێکخـراوە و ئەویـش هێڵـی درێـژی و پانیـی شـوێنەکە وەردەگرێـت و داخڵـی ئـەو پرۆگرامـەی دەکات کە بـۆ مۆبایل و کۆمپیوتـەر دروسـتی کـردووە و کاتەکان دیاری دەکات.

ئـەو گوتـی "ئـەوەی ئێسـتا هەیە لە تەواوی هەر پارێزگایەک یەک کاتیان هەیە بۆ بانگ، هەموو قەزا و ناحیەکانی ئەو پارێزگایـە بەکاریدێنن و لە هەندێک قەزا و ناحیەدا یەک خولەک یان دوو خولەکیان بۆ کاتەکانی بانگی پارێزگاکەیان زیاد کردووە و هەندێـک قـەزاو ناحیەش هەمـان کاتی پارێزگاکەیـان بەکاردەهێنن، بەبێ گوێدانە ناوچەی جوگرافی".

گوتیشی "بۆ نموونە لە شاری هەولێر و قەزای سۆران لە یەک کاتدا بانگ دەدرێت، ئـەوەش هەڵەیە، چونکـە بەپێی ناوچەی جوگرافی کاتەکـە دەگۆڕێت". هەروەها بۆ جیاوازیی کاتەکانی بانگی شـارێک لە کاتە نوێیەکـە و ئەوەی ئێسـتا کـە بەکاردێت، دەڵێت کاتی بانگی نیوەڕۆی ڕۆژێکی شاری هەولێـری بـە نموونە وەرگرتـووە، بەپێی کاتـە تازەکە 11،58 خولـەک بووە، بەڵام کاتەکەی ئێستا 12،08 خولەک بووە، واتە 10 خولەک جیاوازی هەبوو".

ناوبـراو جەختیکردەوە کـە پرۆژەکەی پشت ئەستوورە بە قورئان و فەرموودەکان و گوتی "کاتەکانی ئێستای بانگ بەو پێیەی لە سـەردەمەکانی زوودا دانراون و ئەوکات زانست پێشکەوتوو نەبووە بۆیە کەموکوڕیی تێدایـە، بەڵام مـن دەمەوێت زانسـتیتر و وردبینـی زیاتـری تێـدا بێـت، پرۆژەکەی منیش پرۆژەیەکی جیهانیی ئیسلامییە".

بۆ وردبینی لە پرۆگرامەکەی کۆسرەت، ئێستا لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەی فەتوای یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، پێکهێنراوە.

سـەلام کەریـم سـیدان، ڕاوێـژکار لە وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئاینـی ئـەو پرۆژەیەی بـە "سـەرکەوتووترین و پیرۆزترین" پرۆژە وەسف کرد کە هاتبێتە وەزارەتەکەیـان و گوتـی لـە هەرسـێ شـارەکەی هەرێمی کوردسـتان هەتا 7ی نیسانی سـاڵی داهاتوو وردبینی دەکرێت و پاشـان دانیشـتنی دووەمی بۆ ئەنجام دەدرێتەوە بە سـوودوەرگرتن لە تەکنیکی سەردەم.

بـۆ دیاریکردنـی کاتـی جەژنەکانـی قوربان و ڕەمەزان، پشت بە بینینی مانگ دەبەسـترێ. ئەوە یەکەمجـارە کاتەکانی نوێژکردن بەو شێوەیە ڕەخنەی لێبگیرێت و بە نادروست لەقەڵەم بدرێ.

عەبدوڵـڵا سـەعید، سـەرۆکی یەکێتی زانایان ڕاگەیاندنی ڕاسـتی و دروستی ئەو پرۆژەیـەی گێڕایـەوە بۆ "ئـەو لیژنەیەی وردبینی لە پرۆژەکەدا دەکەن". هەرچەندە خـۆی پرۆژەکـەی بینیوە، بـەڵام ئامادە نەبوو تاوەکو کاتی یەکلابوونەوەی قسەی لەسەر بکات.

لیژنـەی ئەوقـاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی کوردستان کە لایەنێکی دیکەی پەیوەندیـدارن بـەو پرۆژەیـە، بێئاگایـی خۆیانـی لـێ نیشـان دەدەن. غەریـب پێنجوێنـی، ئەندامـی لیژنـەی ئەوقـاف دەڵێ "هەتا ئێستا دەقی ئەو پرۆژەیەمان پێنەگەیشتووە".



---

# حاجییەک ملیۆنێک و 550 هەزار دۆلاری هاووڵاتیان دەبات



**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو- سۆران**

دانیشـتوویەکی قەزای سۆران کە کاری ئاڵوگۆڕی دراو دەکات، بڕە پارەیەکی زۆری هەشـت هاووڵاتی ناوچەکـە دەبات و خۆی ون دەکات.

(ج.ش.ج) کـە خەڵک بە حاجی بانگی دەکـەن، خەڵکـی شـەمزینانی باکـووری کوردسـتانە، ماوەی 15 سـاڵە لە سـۆران دادەنیشـێ و کاری ئاڵوگۆڕی دراو دەکات. حاجـی سـێ مانـگ لەمەوبـەر کارەکەی فراوانتـر دەکات، ئەویش لە ڕێگەی براکەی کـە لـە ئیسـتەنبوڵ دادەنیشـێ و کاری حەواڵەی دراو دەکات. حاجی لە باشووری کوردسـتان لیرەی تورکی وەردەگرت و بۆ براکـەی دەنارد، ئەویش دۆلاری بۆ حەواڵە دەکـرد، بەڵام لە نـاکاو ون دەبێت و بڕی ملیۆنێـک و 550 هەزار دۆلاری 8 هاووڵاتی دەبات.

جاسم مەحموود ڕەشۆ، کاری گۆڕینەوەو حەواڵـەی پـارە دەکات لـە سـۆران. ئەو کـە 120 هـەزار دۆلاری لای حاجییـە، بە (ڕووداو)ی گـوت "حاجـی پێشـتر لێـرە کاری دەکـرد، دواتر چووە هەولێر و لەوێ نووسـینگەی دانـا. ئێمـە متمانەمان پێی هەبوو، ڕۆژانە بایی 150 هەزار دۆلار لیرەی تورکیمان بـۆ دەنارد، 7 مانگ بوو کارمان لەگەڵ دەکـرد، بەڵام هیـچ گومانمان لێی نەبوو".

جاسـم ڕۆژی 27ی مانگـی ڕابـردوو چاوەڕێـی 120 هـەزار دۆلارەکـەی دەکات کە بۆی حەواڵە بکرێت لەبەرامبەر ئەو بڕە لیـرە تورکییەی بـۆی ناردبوو "ئـەو ڕۆژە پەیوەنـدی تەلەفۆنیمـان لەنێواندا هەبوو، پێمگوت حاجـی پارەکە دواکەوت، ئەویش دەیگوت خەمـت نەبێ وا بزانە لە گیرفانی خۆتە، بەڵام دواتر مۆبایلەکەی داخرا".

شەهاب عەبدوڵڵا کە هاوپیشەی جاسمە، بایـی 890 هـەزار دۆلار لیـرەی تورکی بە حاجـی فرۆشـتووە، بـەڵام یـەک دۆلاری وەرنەگرتـووە. ئەو گوتی "8 سـاڵە حاجی دەناسـم، کاری بچووکـی دەکـرد و ئـەو پارەیەی لەدەسـت نەبـوو، بەڵام کە چووە هەولێر مامەڵەی گەورەی دەکرد". گوتیشی "ئێمـە ڕۆژانە بایی 200 هەزار دۆلار لیرەی تورکیمان بـۆ دەنارد و ئەویش دەینارد بۆ تورکیا و لەوێـش براکەی دەیکرد بە دۆلار و بۆمانی دەناردەوە، لەم ناوەشدا هەردوولا قازانجمان لەو ئاڵوگۆڕە دەکرد".

هەروەکو جاسم باسی دەکات، دەبووایە حاجـی لە 23 تـا 27 /11 بەشـێک لەو پارەیـەی بـۆ گەڕاندبایەوە، بـەڵام خۆی ون کـرد، ئەو دەڵێ "بەردەوام پێمدەگوت حاجـی ئەوە پـارەی خەڵکە تـا دەتوانی زوو زوو پارەکـەم بـۆ بگەڕێنەوە، ئەویش دەیگوت ڕەحەت بن و هیچ خەمتان نەبێ".

جاسـم ئێسـتا ئۆتۆمۆبێلەکـەی خۆی بردووەتـە پێشـانگە بـۆ فرۆشـتن و ئەگـەر حاجـی پەیـدا نەبێتـەوە ناچارە خانووەکەشـی بفرۆشێت بۆ ئەوەی پارەی خەڵک بداتەوە.

حاجـی هەندێ موڵـک و خانووی هەیە لە سـۆران و یەکێک لە براکانی هاتبوو بۆ سۆران گوتبووی خانوو و موڵکەکانی ئەو هەڵبگرنەوە، بـەڵام ئەوانەی پارەیان لای حاجییە، دەڵێـن موڵکەکانی بایی نیوەی ئەو پارەیە نابێت کە لەلای حاجییە.

ئەوانـەی پارەیـان داوەتـە حاجـی، سۆراغی نازانن، تەنیا زانیویانە لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە گەشـتی کردووە، بـەڵام نەچووەتـەوە تورکیـا. ئـەوان برا گەورەکـەی حاجـی کـە لە ئیسـتەنبوڵ دەژیـت، بـە نەخشـەداڕێژەری پلانەکەی حاجی دەزانن.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (338) دووشەممە 2014/12/15

## بارزانی: بە تەنیا شەڕی ئازادکردنی موسڵ ناکەین



**ڕووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی فارسی کەناڵی bbc ڕایگەیاند بەو چەکانەی لە دەستی پێشمەرگەدان و بەو یارمەتیانەش کە هێزەکانی هاوپەیمانان پێیانی داوە، تەنیا هێزەکانی پێشمەرگە توانیویەتی بەسەر داعشدا سەربکەوێت. لەبارەی ڕزگارکردنی شاری موسڵیش بارزانی دەڵێت "ئەم بابەتە پەیوەندیی بە حکومەتی فیدراڵ و خەڵکی مووسڵ خۆیانەوە هەیە، ئەگەر ئەوان بەرنامەیەکی لەو شێوەیەیان هەبێت، ئێمەیش ئامادەین هاوکاریان بکەین، بەڵام ئێمە بە تەنیایی کارێکی لەو شێوەیە ناکەین، ڕەنگە ئەوکات شەڕەکە ببێتە شەڕی کورد و عەرەب کە ئێمە نامانەوێت شتێکی وا بقەومێت".

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# بەرهەم ساڵح لەلایەن هێرۆخانەوە تەواو بووە



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

نامەکەی هەریەک لە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و بەرهەم ئەحمەد ساڵح، جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بوو لەنێو یەکێتی، بەڵام بووەتە هۆی پەیدابوونی چەندین دەستەی نوێ. ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێ نامەکەی ئەو دوو بەرپرسە باڵایە "ئەنجامی نەخوازراوی لێکەوتووەتەوە".

ڕۆژی 4/12/2014 کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و بەرهەم ساڵح، هەردوو جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی، سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوخۆی یەکێتی و چاکسازی نامەیەکیان ئاراستەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیان کرد، بەڵام وەک ئەندامێکی دیکەی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە دەڵێ "ئێستا نامەکەیان لێ بووەتە بەڵا".

ئەو بەرپرسە باڵایەی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "لەگەڵ نووسینی نامەکەدا نەبووم و پێشکەشکردنی داواکارییەکان و چاکسازی لەنێو یەکێتیدا بەو شێوەیە ناکرێ". گوتیشی "هەموو لایەک لەنێوخۆ و دەرەوەی یەکێتیش، چاک دەزانن ئێستا هێرۆخان خاوەنی بڕیارەکانی یەکێتییە، هەر کارێک لەدژی هێرۆخان بکرێ لە نێو یەکێتیدا وەکو نووسینی ئەو نامەیە سەرناگرێ".

بەپێی نامەکە کە لە پێنج خاڵ پێکدێت، داوا دەکرێ چاکسازی لەنێو یەکێتیدا بکرێ و کۆنگرەی چوارەم ببەستێ، دارایی یەکێتی لە دەستی هێرۆ ئیبراهیم دەربهێنرێ، هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی بخرێنە ژێر فەرماندەیی پێشمەرگەی یەکێتی، ڕاگەیاندنی یەکێتیش پەرت و بڵاونەبێ، بەڵکو بخرێتە ژێر سەرپەرشتی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی. نامەکەش تەنیا ئیمزای بەرهەم ساڵح و کۆسرەت ڕەسولی لەسەرە.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕەخنە لەو نامەیە دەگرێ و پێیوایە "نامەکە کێشەکانی نێو یەکێتی قووڵتر کردەوە". هەروەها گوتی "ڕەنگە هێرۆخان بە ئاسانی لەگەڵ کاک کۆسرەت بتوانێ مامەڵە بکات، بەڵام لای هێرۆخان دەمێکە بەرهەم ساڵح لەنێو یەکێتیدا تەواوبووە و شوێنی نەماوە، کاک بەرهەم ساڵحیش ئەمە باش دەزانێ".

پێشتریش لە ڕۆژی 1/2/2014 هەردوو جێگرەکەی تاڵەبانی، کێشەکانی یەکێتییان گەیاندە لێواری تەقینەوە، دوای ئەوەی یاداشتێکی هاوبەشیان پێشکەش کرد و ئەوکاتیش داوای چاکسازییان کرد لە نێو یەکێتیدا. ئەوان ڕایانگەیاند کە ڕێککەوتنیان لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد واژۆ کردووە، بەڵام ئەو کاتیش نامەکەی ئەوان ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو.

## "کاک کۆسرەت و بەرهەم ساڵح نامەکەیان لێ بووەتە بەڵا"

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە نامەکەی هەردوو جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی چەند گرووپێکی دروستکردووە "ئێستا گرووپ دروستبووە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو یەکێتی دەدەن".

### فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:
### هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکێتی ئەنجامی نەخوازراوی لێکەوتووەتەوە

فەرید ئەسەسەرد پێیوایە نامەکە هیچ شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە نوێ بێت بۆ یەکێتی و لە بایەخی نامەکەی کەمکردەوە و گوتی "نامەکە کێشەی زۆر گەورەی تێدا نییە، بۆ نموونە داوای بەستنی کۆنگرە دەکەن، ئێ خۆ هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی داوای بەستنی کۆنگرە دەکەن". گوتیشی "باسی چاکسازی دەکەن، بەڵام ڕوونیان نەکردووەتەوە کە چاکسازییەکان و هەنگاوەکان چین، کە دەڵێن دەبێ چاکسازی بکرێ، ئێ ئەویش داوای هەموو لایەنێکە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی ئاشکرای کرد کە هەوڵەکان بۆ لێکنزیککردنەوەی هەردوو جێگرانی یەکێتی و هێرۆخان بێ ئەنجام بووە و دەڵێ "هەوڵی ئاشتکردنەوە و لێکنزیکبوونەوە هەیە، بەڵام هەوڵەکان ئەنجامی ئەوتۆیان لێنەکەتووەتەوە".

ئەسەسەرد ڕەخنە لە شێوازی پێشکەشکردنی نامەکە دەگرێت و دەڵێت "ئێستا هیچ بەرنامەیەکی هاوبەش لەنێو یەکێتیدا نییە، دەبێ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی لەسەر نامەکە کۆببێتەوە و بڕیار بدات کە نامەکە پەسەند دەکات یان ڕەتیدەکاتەوە".

کێشەکانی یەکێتی گەیشتوونەتە بنبەست. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر کێشەکانی نێوخۆی یەکێتی هاتوونەتە سەرخەت، بەڵام هەوڵەکان بێ ئەنجام بوونە.


فەرید ئەسەسەرد، ئەو زانیاریانەی (ڕووداو)ی پشتڕاستکردەوە و گوتی "لە دەرەوەی یەکێتی، هەوڵدراوە کێشەکانی یەکێتی چارەسەر بکرێن، بەڵام هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبوون". گوتیشی "ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی لەهەموو لایەنێک باشتر دەزانن کێشەکان چین و چۆن چارەسەر دەکرێن".

(ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی باڵای نێو بزووتنەوەی گۆڕانەوە زانیویەتی کە سەردانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بۆ لای نەوشیروان مستەفا، بە مەبەستی گەیاندنی پەیام بووە بۆ ڕکابەرەکانی لەنێو یەکێتیدا. ئەو سەرچاوەیە هەروەها گوتی "ئێستا کاک نەوشیروانیش دەزانێ بڕیاری کۆتایی و دارایی یەکێتی هەمووی لە دەستی هێرۆخانە، ئێرانیش پشتگیری هێرۆخان دەکات، بۆیە ئەوانیش تەنیا مامەڵە لەگەڵ ئەو دەکەن".

# وازهێنانی نەوشیروان مستەفا لە گۆڕان ڕاستە

### سەرۆکی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان:
### بەڵێ کاک نەوشیروان مستەفا گوتی وازدێنم

### هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان:
### کاک نەوشیروان وازبێنێ، گۆڕان تەفروتونا دەبێ



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان واز لە پۆستەکەی دەهێنێ. سەرۆکی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە نەوشیروان مستەفا ئەو داوایەی کردووە و دەشڵێ "هەر کاتێ ڕێکخەری گشتی وازی هێنا، جڤاتی نیشتیمانی دەتوانێ کەسێک لە شوێنی ئەو دابنێ". بەڵام کەسە نزیکەکانی دامەزرێنەری گۆڕان گومانیان لە تەوقیتی داواکەی نەوشیروان مستەفا هەیە.

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان کە لەبارەی ئەو دەنگۆیە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، گومانی خۆی لەنیازێکی لەوجۆرە دەربڕی و گوتی "کاک نەوشیروان بێ ئەوەی هیچ کەسێکی بۆ شوێنەکەی خۆی ئامادەکردبێ، ئەو تەرحە دەکات، بۆیە گومانمان هەیە لەو هەڵوێستە".

وازهێنانی نەوشیروان مستەفا لە هەرەمی بزووتنەوەی گۆڕان دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە دێت کە لە 12/12/2014 دەستپێکردووە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لەدوایین کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕاندا کە دوو هەفتە پێش ئێستا کراوە، نەوشیروان مستەفا بە ئەندامانی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕانی گوتووە کە ئەو ماندوو بووە و واز لە سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە دەهێنێ.

جەمال محەممەد، سەرۆکی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان ئەوەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاست کردەوە و گوتی "بەڵێ کاک نەوشیروان گوتی ماندووم و دادەنیشم". جەمال محەممەد گوتیشی "هەوڵدەدەین کاک نەوشیروان ئەو بڕیارە نەدات، بەڵام هەر کاتێک ڕێکخەری گشتی وازی هێنا، ئەوا جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان دەتوانێ کەسێک لە شوێنی ئەو دابنێ".

سەرۆکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەکە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات لەسەر دەستنیشانکردنی جێگرەوەی نەوشیروان مستەفا "ئەوە نییە ئەگەر ڕێکخەری گشتی وازی هێنا دەبێ کۆنگرە ببەستین، بەڵکو جڤاتی نیشتیمانی کەسێک هەڵدەبژێرێ و مەرجیش نییە ئەندامی جڤات بێ".

چەند ڕۆژێکە هەواڵی وازهێنانی نەوشیروان مستەفا لەنێو خودی بزووتنەوەی گۆڕاندا گەرمە. عەلی حەمە ساڵح، پەرلەمانتاری گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە پۆستێکدا لە واڵەکەی خۆی لە فەیسبووک نووسیویەتی "نەوشیروان مستەفا پێیوایە ئەرکی ئەو تەواو بووە، پێنج ساڵی ڕابردوو بۆ نەوشیروان مستەفا، پێنج ساڵی پڕ هەوراز و نشێو بوو".

بزووتنەوەی گۆڕان لە زستانی ساڵی 2012 تووشی گەورەترین کێشەی ناوخۆیی هات، کاتێک سێ لە سەرکردە دیارەکانی ئەو کاتەی گۆڕان (قادری حاجی عەلی، سالار عەزیز و عوسمانی حاجی مەحموود) ڕەخنەی توندیان لە شێوازی سەرکردایەتیکردنی نەوشیروان مستەفا گرت و دانیشتن و تاوەکو ئێستاش بۆ کارکردن نەگەڕاونەتەوە نێو بزووتنەوەکە.

عەلی حەمە ساڵح باسی ماندووبوونی ڕێکخەری گشتی گۆڕان دەکات و دەڵێت "لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو تاوەکو لەگەڵ هاوڕێکانی گۆڕانی گەیاندە ئێرە زۆر ماندوو بوو، زۆریش ماندووکرا بە هەندێک گرفتەوە کە نەدەبوو بکرێت".

بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان ڕەخنەش لە نەوشیروان مستەفا دەگرێ "ئەرکی کاک نەوشیروان تەواوبووە. هەرچەندە دەستکەوتی گەورەی هەبووە، بەڵام بێ کەموکورتیش نەبوو، بەتایبەتی لە دیاریکردنی خەڵک بۆ پۆستەکان هەندێکجار دەقیق نەبووە". بەپێی پێڕەوی نێوخۆی گۆڕان، ڕێکخەری گشتی لەلایەن جڤاتی نیشتمانییەوە هەڵدەبژێردرێ.

جەمال محەممەد، دەڵێ "کاک نەوشیروان تەنیا موڵکی خۆی نییە، موڵکی هەموو بزووتنەوەی گۆڕانە، گۆڕانیش پێویستی بە کاک نەوشیروانە، ناڵێم وەکو ئەو حیزبانە تاوەکو مردن دەبێ کەسی یەکەمی گۆڕان هەر لە شوێنی خۆی بمێنێ، بەڵام ڕێگە نادەین لەم قۆناغەدا واز بهێنێ". گوتیشی "ڕاستە کاک نەوشیروان ماندووە، بەتایبەتی بە دروستکردنی بزووتنەوەی گۆڕانەوە زۆر ماندوو بووە".

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان کە وەک خۆی دەڵێ کاک نەوشیروان چاک دەناسێت، گوتی "ئەو زوو زوو دەڵێ وازدێنم، بەڵام جددی نییە". گوتیشی "گومانم هەیە لە تەوقیتی ئەم داوایەی کاک نەوشیروان، چونکە هەموو شتێک لە دەست خۆیدایە، ئەگەر واز بهێنێ خۆیشی باش دەزانێ گۆڕان تەفروتونا دەبێ".

ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان هەندێ لە نیازەکانی نەوشیروان مستەفا بۆ وازهێنان و دانیشتن ئاشکرا دەکات و پێیوایە ئەم داوایەی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەیە "پێی بڵێن نابێ و قبووڵ ناکەین وازبێنێ، ئەویش بڵێ باشە دەمێنمەوە، بەڵام دەبێ بەقسەی من بکەن".



## سەنگاوی: ڕێگانادەین سوپا بێتە نێو جەلەولا

**ڕووداو- هەولێر**

مەحمود سەنگاوی، بەرپرسی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری گەرمەسێر ڕایگەیاند، ئەگەر مەرجەکانی کورد جێبەجێ نەکەن، بەهیچ شێوەیەک ڕێگا نادەین، جگە لە پێشمەرگە هیچ هێزێکی دیکە لە جەلەولا بێت. سەنگاوی ئەو مەرجانەی ئاشکرا کردن و گوتی "دەبێت لە بەڕێوەبردنی ئیداری و ئەمنی سەعدیە و مەندەلیش کورد بوونی هەبێت و فەوجی هاوبەش هەبێت. گوتیشی "دەبێت بەرپرسی میحوەرەکە و هەواڵگری لە کوردبێت، ئەگەر ئەم مەرجە قبوڵ نەکرێت بەهیچ شێوەیەک ڕێگا بە هاتنە ناوەوەی بە سوپا و پۆلیسی عێراقی نادەین بێنە جەلەولاوە".

### کەمال عەدنان مەرعی:

# ئامادە بووم تەرمی 18 پێشمەرگەکە لە داعش وەربگرمەوە

**دوای ئەوەی تەلەفزیۆنی (ڕووداو) ڕاپۆرتێکی لەبارەی کەمال عەدنان مەرعی بڵاوکردەوە و وەکو ئەندامێکی داعش ناساندی، هەروەها بڵاویکردەوە کە ئەو کەسە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراوە و دواتر ئازاد کراوە، ڕۆژی 14/12/2014 ئاسایشی پارتی لە کەرکووک، کەمال مەرعی لە بەغداوە هێنایەوە کەرکووک و لەوێ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ سازکرد. بەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.**

**هەڤپەیڤین: هیوا حوسامەدین**
**ڕووداو – کەرکووک**



■ خزمایەتیم لەگەڵ عەبدولئەمیر زەیدی هەیە

■ ئەگەر براکەم کوژرابێت ئەوە باجی داعشبوونی خۆی داوە

■ چوومە بارەگایەکی یەکێتی و ناسنامەیەکیان دامێ

■ هیچ شوێنێک بۆ داعش پڕناکەمەوە و بایەخێکم نییە لەلای ئەوان

**ڕووداو: تۆ خەڵکی چ پارێزگایەکی؟**

**کەمال مەرعی:** من لە دایکبووی شاری کەرکووکم و لە سنوری داقووق نیشتەجێم، ماوەی 10 ساڵە مامۆستام لە دوو قوتابخانەی داقووق و کەرکووک، من لە هۆزی عەزاویم، دوو هاوسەرم هەیە کە یەکێکیان کارمەندە لە کەرکووک. باوکی نۆ منداڵیشم.

**ڕووداو: تۆ چ پەیوەندییەکت لەگەڵ داعش هەیە؟**

**کەمال مەرعی:** من هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ داعش نییە، ڕێگە بەکەسیش نادەم بە چاوی داعش لە من بڕوانێت و هەر کەسێکیش پەنجەی تیرۆرم بۆ درێژ بکات، ئامادەم لەڕووی بوەستمەوە، چونکە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیم پێیانەوە نەبووە. ئەوکاتەی مووسڵ گیرا من لەکەرکووک بووم و پەیوەندیم بەکەسەوە نەبووە، تەنانەت بۆ بینینی کەسوکارەکەم، هەتا باوکیشم کە لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون، ئامادە نەبووم بچمە لایان.

**ڕووداو: گوتت یەکێک لە هاوسەرەکانت لە کەرکووکە، ئەوەی دیکەیان لە کوێیە؟**

**کەمال مەرعی:** من و دوو هاوسەرم لە کەرکووک دەژین، بەڵام باوک و دایکم و براکانم لە عەلی سەرای دانیشتوون، من هیچ پەیوەندییەکم پێیانەوە نییە، تەنیا بە تەلەفۆن لەگەڵ باوکم قسە دەکەم و دەزانم زۆر نەخۆشە، لەبەر ئەوەی پێنج برام لەلای ئاسایش دەستبەسەرن.

**ڕووداو: کە تۆ داعش نەبووی، ئەی بۆچی داعش ئامادە بوو بە تەرمی 18 پێشمەرگە بتگۆڕێتەوە؟**

**کەمال مەرعی:** ئەوان تەرمەکانیان نەدەدایەوە، ئەگەر من بچوومایە لایان، دەمتوانی قسەیان لەگەڵ بکەم نەک بمگۆڕنەوە، چونکە من هیچ شوێنێک بۆ داعش پڕناکەمەوە و هیچ بایەخێکم نییە لەلای داعش. من بانگکرام لەلایەن ئاسایشەوە، دواتر منیان بەم بابەتی ئاڵوگۆڕەوە گرێدا. من نە بڕیاری دەستگیرکردنم بۆ دەرچووە و نە بە ئەمیری داعشیش لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە ناسێنراوم، بۆیە بەپێی خۆم ڕۆیشتم بۆ ئاسایش.

**ڕووداو: ئەی بۆچی خۆت حەشار دەدا؟**

**کەمال مەرعی:** من بڕیاری خۆم داوە، نامەوێ هیچ کات شیرازەی خێزانم تێکبدەم و بچمە ریزی باندێکی چەکداری بۆ ئەوەی شەڕ بۆ ئامانجێکی نادیار بکەم، بەبەردەوامیش دەزگا ئەمنییەکانی داقووق ئاگاداری من بوونە و ڕەنگە بەهۆی سەرقاڵیم زۆرجار دەرنەکەوتبم، ئەگەر هیچ شتێک هەیە لەسەر من با بدرێمە دادگا. ئەگەر کەرکووکییەکانیش بە بوونی من لەم شارە هەراسانن من ئامادەم بڕۆم.

**ڕووداو: تۆ خاوەنی پشتگیرییەکی سەربازیت، کێ لەپشتی تۆیە؟**

**کەمال مەرعی:** من کارێکی هەڵە ناکەم تاوەکو کەسێک پشتگیریم بکات، بەڵام خزمایەتیم لەگەڵ عەبدولئەمیر زەیدی هەیە و ئەمەش وای لەمن کردووە کە هەڵە نەکەم، بەڵام ڕاپۆرتەکەی ڕووداو کاریگەری زۆر خراپی لەسەر من دروستکرد.

**ڕووداو: بۆچی هەڵاتی بۆ بەغدا؟**

**کەمال مەرعی:** من هەڵنەهاتووم، خاڵی یەکێک لە هاوسەرەکانم کۆچی دوایی کرد، منیش چووم بۆ پرسەکەی، بەڵام زۆر لە بەغدا نەمامەوە و ئاسایش تەلەفۆنی بۆ کردم و پێیانگوتم دەبێت بێمەوە بۆ کەرکووک و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەشداری بکەم، بۆیە منیش گەڕامەوە. من هاوسەر و منداڵەکانم نەبردبوو ئەگەر بەنیازی هەڵهاتن بوومایە ئەوانیشم دەبرد، من مامۆستام و ناتوانم دەوامی خۆم بەجێبێڵم.

**ڕووداو: دەگوترێت تۆ ئەندامی حیزبێکی کوردیت وایە؟**

**کەمال مەرعی:** من زۆر هاوکاری لایەنە ئەمنییەکانم کردووە، ڕۆژێکیان چوومە بارەگایەکی (ی.ن.ک) و ناسنامەی ئەندامێتیان پێدام و نامەوێت لەوە زیاتر لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم.

**ڕووداو: تۆ ئێستا سەربەستی یان نا؟**

**کەمال مەرعی:** من تەنیا بۆ ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیە هاتوومە و سەربەست کراوم، سبەی دەگەڕێمەوە سەر دەوامی خۆم و درێژە بەکاری خۆم دەدەم. ئەم شارەش شاری منە و جێی ناهێڵم، ناچمە ناو داعشیشەوە لەبەرئەوەی ئەگەر بڕۆم داعش سەرم دەبڕێت، ئەو ناسنامانەم لە گیرفاندا ببینن جارێکی دیکە ڕووناکی نابینمەوە.

**ڕووداو: بۆچی، داعش هیچ بڕیارێکی لەبارەی تۆوە داوە؟**

**کەمال مەرعی:** بەڵێ پێیانگوتم تۆ بەکرێگیراوی، ئەگەر نەگەڕێیتەوە بۆ گوندەکەت دەتکوژین و هەڕەشەیان لێکردم. ئەوانیش دەزانن کە من ناگەڕێمەوە نێویان.

**ڕووداو: بەڵام تۆ برایەکت داعش بووە و کوژراوە؟**

**کەمال مەرعی:** ئێوە مەبەستتان مەروانی برامە، من تەنانەت ژمارە مۆبایلی ئەوم نییە، پێشتر لەگەڵ براکانم لەسەر میرات و زەوی و زار تووشی کێشە هاتووین، نازانم کوژراوە یان نا، بەڵام ئەگەر داعش بوو بێت و کوژرابێت ئەوە باجی داعشبوونی خۆی داوەو منیش بۆی خەمبار نیم.

**ڕووداو: بەڵام دەگوترێت ئێوە بە بنەماڵە سەرسامن بە داعش؟**

**کەمال مەرعی:** داعش گرووپێکی توندڕەوە و بڕوای بە هیچ شتێک نییە، من دەبێت بە چی ئەم چەکدارانە سەرسام بم. نەخێر من نەفرەتیان لێدەکەم، وڵاتیان تێکدا و خێزانی ئێمەیان شێواند، براکانم دەستبەسەرکراون و ماڵ و سامانی ئێمەیان فەرهود کرد و لە زەویەکانیشمان بێبەشیان کردین.

**ڕووداو: تۆ چۆن ئازاد کرایت؟**

**کەمال مەرعی:** من بۆ ماوەی 25 ڕۆژ لەلای ئاسایش دەستبەسەربووم، بەهۆی ئەوبرایەمەوە کە گوایە کوژراوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نەبوو لەسەر من، بۆیە بڕیاری ئازادکردنیان دام. دواتر من ویستم هاوکاری پێشمەرگە بکەم و گوتم ئەگەر بەڕادەستکردنەوەی من داعش تەرمی کوژراوەکانتان دەداتەوە من ئامادەم، بەڵام داعش ئامادە نەبوو ئەو ڕێککەوتنە بکات.

# گرتنەوەی مووسڵ دەکەوێتە بەهاری داهاتوو

## سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ: شەڕی مووسڵ کۆڵان بە کۆڵان دەبێت

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

هێدی هێدی سەرەداوی پلانی ڕزگارکردنی مووسڵ ئاشکرا دەبن، بەرپرسانی ئەو شارە هەر لە ئێستاوە زەنگی شەڕێکی قورس لێدەدەن و پێشبینی دەکەن، کۆنترۆڵکردنی مووسڵ پێویستی بە شەڕی کۆڵان بە کۆڵان بێت.

شاری مووسڵ، زۆر بە ئاسانی و لە ماوەی تەنیا شەو و ڕۆژێکدا کەوتە دەست چەکدارانی داعش، بەڵام ئەستەمە وا بە ئاسانی لە دەستیان دەربهێنرێتەوە کە ئێستا دوای پارێزگای ڕەقە لە سووریا، بە دووەمین پێگەی ستراتیژیی داعش دادەنرێت.

ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو چەکدارانەی پێشتر لە مووسڵ بوون، لەوانەش پۆلیس و سەرباز، هەروەها عەشایرەکان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ڕاهێنانیان پێدەکرێت، جگە لەوەش لەلایەن سوپای عێراق و هێزەکانی ئەمریکاوە چەک و تەقەمەنییان بۆ دابین دەکرێت، بە مەبەستی ڕزگارکردنی شارەکە لە دەست چەکدارانی داعش.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، زیاتر لە 10 هەزار چەکدار کە زۆربەیان خەڵکی مووسڵن ئامادەکراون بۆ هێرشکردنە سەر ئەو شارە، بەڵام هێشتا دیارنییە پێشمەرگە بەشداری لەو هێرشەدا دەکات یان نا. هەرچەندە پێشتر بەرپرسانی عێراق ڕایانگەیاندووە کە پێویستیان بە یارمەتی هێزەکانی پێشمەرگەیە جا بە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.

عیسمەت ڕەجەب، بەرپرسی لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ، ئاماژە بە ڕەوشی نێوخۆی ئێستای مووسڵ دەکات و دەڵێت "مووسڵ وەکو گرتووخانەیەکی لێهاتووە بۆ خەڵکی شارەکە، ناتوانن بچنە دەرەوەی شار، هەروەها ناتوانن بە تەلەفۆن پەیوەندی بە خەڵکی دەرەوەی مووسڵ بکەن، ئەوان ئێستا چاوەڕێی هێرشی پێشمەرگە و سوپای عێراقن".




### شەڕەکە کۆڵان بە کۆڵان دەبێت

چاودێران پێیانوایە سیاسەتی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق بەرامبەر بە سوننەکانی عێراق، ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ هاتنی داعش بۆ نێو مووسڵ، چونکە زۆر لە سوننەکان نەک دژایەتی هاتنی داعشیان نەکرد، بگرە سەرەتا پشتگیریان لە داعشیش کرد.

بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ دەڵێت دوو بۆچوون هەن بۆ کونترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵ "یان شەڕەکە زۆر قورس دەبێت و کۆڵان بە کۆڵان شەڕ دەکرێت تاوەکو کۆنترۆڵ دەکرێت. یان شەڕەکە ئاسان دەبێت و چۆن داعش بە ئاسانی هاتنە نێو مووسڵ ئەوهاش بە ئاسانی دەردەکرێن".

بەرپرسی لقی مووسڵی پارتی هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت "خەڵکی مووسڵ پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لە داعش کرد، بەڵام ئێستا زۆر پەشیمانن، بۆیە پێشبینی دەکەم هاوکاریی داعش نەکەن لەکاتی هێرشکردندا".

### 150 عەرەب بەرگری لە کوردستان دەکەن

لەو ئاوارە عەرەبانەی کە لە باشووری کوردستان بە تایبەت لە هەولێر و دهۆک نیشتەجێبوون، ئێستا زیاتر لە 4 هەزار پیاویان ئامادەن بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ.

بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت "ئێستا لە بەغدام بۆ ئەوەی لەسەر چەند تەوەرێک لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت دانوستاندن بکەین، لەوانەش پرسی مووچەی ئەو 4 هەزار کەسە، لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەو 3 فەوجەی پۆلیسی نەوت دەکەین کە زیاتریان کوردن و شەش مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە".

کیکی باسی بەشداریکردنی هێزی عەشایری سوننە دەکات لە کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ و دەڵێت "ئێستا زیاتر لە 150 کەس لە هێزە عەشایرەکانی سوننە لە سنووری مەخموور لەگەڵ پێشمەرگە شەڕ لە دژی داعش دەکەن، پێویستە ئەوهاش بۆ مووسڵ بێنەوە پێشەوە".

### تاوەکو بەهار هێرشەکە ناکرێت

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ کە ئاگاداری هەندێک لە پلانەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵە باسی کات و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەکات و دەڵێت "تاوە بەهار هێرش ناکرێتە سەر مووسڵ، شەڕەکەش زۆر سەخت دەبێت و شارەکە کاول دەبێت لەبەر ئەوەی چەکدارانی داعش بە زۆر خەڵکی ناو مووسڵیان تووشی شەڕەکە کردووە".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتیشی "پێشتر ئەمریکیەکان مەرجیان هەبوو بۆ کونترۆڵکردنەوەی مووسل، پێیانوابوو دەبێ مووسڵ کونترۆڵ بکرێت ئینجا شەنگال، بەڵام ئێستا زەحمەتە هەر هەمان مەرجیان هەبێت".

بەڵام بەشار کیکی ڕەتیکردەوە کە هیچ بەرپرسێک زانیارییەکی ڕاست و دروستی هەبێت لەسەر کات و شێوەی شەڕەکە و دەڵێت "ئەو چوار هەزار خۆبەخشە ڕاهێنانیان بینیوە و پڕ چەک کراون لەلایەن ئەمریکاوە بە چەکی سووک و ناوەند، ڕەنگە پێشمەرگەش ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕەکە بکات".

### کەلوپەلی فەرمانگەکانی مووسڵ ئاودیو دەکات

عیسمەت ڕەجەب باسی کارێکی چەکدارانی داعش دەکات کە پێیوایە ئاماژەیە بۆ چۆڵکردنی مووسل و دەڵێت "هەر چی کەلوپەلی فەرمانگاکانە ئێستا دەبەینە ئەو دیوی سنووری سووریا و مووسڵیان تاڵان کردووە".

سەبارەت بە بەشداری پێشمەرگە لەو شەڕەدا، عیسمەت ڕەجەب گوتی "هەر هێرشێک بۆ سەر مووسڵ بەبێ هەماهەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵ و کورد و ئەمریکا ناکرێت، ئەرکی پێشمەرگەش سەرەتا کونترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی سەر بە مادەی 140، نەک مووسڵ".


ڕووداو
ژمارە (338) دووشەممە 2014/12/15

هەر لە سەرەتای ئەم هەڤپەیڤینەدا، دانی بەوەدانا کە حیزبەکەی لە ڕێککەوتنی بەشکردنی ئیدارەی سلێمانی لە نێوان گۆڕان و یەکێتیدا دۆڕاوە، بەڵام گومانی هەیە کە یەکێتی دوای دوو ساڵی دیکە پۆستی پارێزگاری سلێمانی رادەستی گۆڕان بکات. محەممەد رەئوف، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کە بە کەسی یەکەمی نێو یەکگرتوو دادەنرێ، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێ "ئیدی کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان زیادە". بۆ یەکەم جاریش هەوڵەکانی یەکێتی و گۆڕان لەگەڵ حیزبەکەی بۆ پێدانی پۆست و ئیمتیازات بەرامبەر پاڵپشتیی یەکگرتوو بۆ ئەوان ئاشکرا دەکات. دەشڵێت "بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی دواجار کۆمەڵی ئیسلامی پەشیمان بووەوە".

**هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد**

## محەممەد رەئوف، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ (ڕووداو):

# وانەی گەورەمان لە ڕێککەوتنی سلێمانی وەرگرت





**جگە لە گۆڕان و یەکێتی هەموو لایەنەکانی دیکە دۆڕاون**

**ڕێککەوتنەکەی سلێمانی تەنیا بۆ بەڕێکردنی کاتە**

**کۆمەڵی ئیسلامی پاشگەز بووەوە لەوەی دەنگ بە گۆڕان بدەین**

**ئەگەر دەستکەوت تەنیا پۆست بێ عەقڵمان بەوە دەشکا لەگەڵ گۆڕان یان یەکێتی ڕێکبکەوین**

**ئەگەر گۆڕان 1+70یشی هەبووایە یەکێتی پۆستی پارێزگاری سلێمانی رادەست نەدەکرد**

**وەزارەتی پێشمەرگە لەدەست گۆڕانە بەڵام پێشمەرگە بەدەست یەکێتییەوەیە**

**هیچ سەیر نییە گۆڕان و یەکێتی یەکبگرن و 50% دروست بکەن**

**ڕووداو: یەکگرتوو و کۆمەڵ لە ڕێککەوتنی سلێمانی لە نێوان گۆڕان و یەکێتیدا، دۆڕاندیان، وایە؟**

**محەممەد رەئوف:** ئەگەر پێوەر بەرکەوتەبێ و چەند بەری گۆڕان و یەکێتی کەوتووە و هیچ بەر لیستی خزمەت، پارتی و سۆسیالیست نەکەوتووە، بەڵێ ئەوە بە ئاشکرا دیارە دۆڕاندنە. بەڵام حیسابی ئەوە بکەین کە پێشتر ڕێککەوتن لەسەر ئەوە بووە حکومەتی بنکەفراوان لەسەر شێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت و هەر لایەنێک بە گوێرەی قەبارە و دەنگ و کورسی خۆی بەرکەوتەی هەبێ، نەخێر نەدۆڕاوین.

**ڕووداو: بەڵام ڕێککەوتنەکە کرا و حیساب بۆ ئێوە نەکرا؟**

**محەممەد رەئوف:** راستە جگە لە گۆڕان و یەکێتی هەموو لایەنێک دۆڕاوە، بەڵام میللەت بکەین بە شایەت و پێوەرەکە ڕێککەوتن بێ، ئێمە نەدۆڕاوین.

**ڕووداو: دەتەوێ بڵێی ڕێککەوتنی پێشوەختە هەبووەو دواتر خیانەت کراوە؟**

**محەممەد رەئوف:** ڕێککەوتنەکە وابووە کە یەکەمجار تەنیا لەسەر پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا ڕێکبکەون و ڕێککەوتنەکەش تەنیا بۆ سلێمانی بووە. ڕێککەوتنەکە لەنێوان هەموو لایەنێکدا بووە کە ئەندامیان هەیە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی. دەمەوێ ئەوەش بڵێم لیستی خزمەت (یەکگرتوو و کۆمەڵ) دەستپێشخەری ئەوەی کردووە کە یەکێتی و گۆڕان لەسەر پۆستی پارێزگار بگەنە ڕێککەوتن، ئەوانی دیکە بەدەستەجەمعی بێ. ئەوەی ئینسافی هەیە دان بەوەدادەنێ کە دەستپێشخەرییەکەی ئێمە لەپێناو ئارامیی سلێمانی بوو. ئەگەر دەستکەوت تەنیا بەدەستهێنانی پۆست بێت خۆ ئێمەش عەقڵمان بەوە دەشکا لەگەڵ گۆڕان ڕێکبکەوین کە کورسییەکی زیادی هەبوو. یان لەگەڵ یەکێتی کە دەسەڵات و هەیمەنەی سەربازی و ئەمنی و نفوزی ناوچەیی و ماددی هەیە. دەمانتوانی یەکێک لەو دوو بژاردەیە هەڵبژێرین.

**ڕووداو: ئەی بۆ نەتانکرد و خۆتان یەکلایی نەکردەوە؟**

**محەممەد رەئوف:** وەڵامەکە روونە، دڵنیابووین کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان تەنازول لە پۆستی پارێزگار ناکات، بە عالەمی ئاشکرا ئەمەی پێوەدیاربوو. گۆڕانیش کورسی و دەنگی زیادی هەبوو، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەی گۆڕان موستەحەق بوو پاڵپشتی لێبکەین، یەکێتیش کۆنترۆڵی ناوچەکەی لەدەستبوو. هاوکێشەیەک هەبوو پێیگوتین ئەم بابەتە ناگاتە ئەنجام و دەبێ مەخرەجێک بدۆزرێتەوە. دەرچوونەکە لای یەکێتی درێژکردنەوەی کات بوو. لای گۆڕانیش گوشار بوو بۆ ئەوەی دەنگەکانی خۆمان بدەین بە گۆڕان. دەنگی ئێمە و کورسی ئێمە هەمووشی بچێ بۆ گۆڕان هەر نەیدەکرد بە 1+50 و پۆستی پارێزگار بباتەوە. یەکێتی تەسلیم نەدەبوو.

با لەسەر ئەرز قسە بکەین، وەزارەتی پێشمەرگە لە حکومەتدا لە دەست گۆڕانە، بەڵام پێشمەرگە لای کێیە. سەرکردایەتی سەربازیی هێزی پێشمەرگە لەدەست کێدایە؟ بەدەست یەکێتی نییە! بەڵێ بەدەست یەکێتییە. ئەی وەزارەتی پێشمەرگە لە کوێیە و بۆچی خۆڵ بکەینە چاوی خەڵک. قۆناغەکە ماویەتی، ئێمە هەنگاوێکمان ناوە بۆ نزیککەوتنەوە، لەسەر ئاستی کوردستان مەسەلەی 50 بە 50 تێپەڕی، تەنانەت تەجاوزی 40%یش کرا، کە هیچ لایەنێک 40%یشی نەبێ و رازیش بن، کەچی گۆڕان و یەکێتی هاتن مۆدێلی 50 بە 50یان هێنایەوە. رەنگە ئەمە سەرەتاش بێت بۆ مۆدێلی دیکە! سەیر نییە گۆڕان و یەکێتی یەکبگرن و 50% دروست بکەن و دیسانەوە ناوچەی سەوز و زەرد دروستبکەنەوە.

**ڕووداو: یەکگرتوو بڕیاری خۆی داوە کە ئیدی بەشداری لە حکومەتی سلێمانی ناکاتەوە؟**

**محەممەد رەئوف:** بەو شێوازە بەڵێ، شوێنێک نەماوە بەشداری تێدا بکەین. پۆستی تێدا نەماوە، ژمارەی پۆستەکانی کە ماون کەمترە لەو فراکسیۆنانەی ماون. سێ قایمقامیان هێشتووەتەوە، کەچی چوار فراکسیۆن ماون پۆست وەربگرن. تاوەکو ئێستا هیچ کەسێ لەنێو یەکگرتوو بڕوای ئەوەی نییە بەشداری بکەین. ئەوان (یەکێتی و گۆڕان) گوتوویانە دێینە لاتان و کۆدەبینەوە، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدام کە کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان زیادەیە. مادام ئەوان پۆستەکانیان کردووە بە دەستکەوتی خۆیان ئیدی کۆبوونەوەش زیادەیە، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێ بڵێن کاکە ئێمە ئەوەمان بە باش زانیبوو، بەڵام دیارە باش نییە بۆ حاڵەتی سیاسی کوردستان و 50 بە 50 ناشیرینە و ناتەندروست و نادیموکراتیە، وەرن با کۆببینەوە و کێشەکە چارەسەر بکەین.

**ڕووداو: ئەم خۆیەکلانەکردنەوەی یەکگرتوو لەسەر ئیدارەی سلێمانی، کاریگەری لەسەر یەکگرتوو نابێت بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو؟**

**محەممەد رەئوف:** یەکگرتوو لەو ماوەیەدا هەموو بژاردەکانی باش دیراسە کردووە، هەبوو لە نێو یەکگرتوو قەناعەتی وابوو لەگەڵ یەکێتی ڕێکبکەوین و ئەم بابەتە یەکلابکرێتەوە، هەشبوو داوای کرد لەگەڵ گۆڕان ڕێکبکەوین. دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەگەر لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتباین، دەستکەوتی ماددی و پلە و پۆستمان دەبوو لە حکومەتدا. لەگەڵ گۆڕانیش ڕێککەوتباین سۆزی خەڵکمان بەدەستدەهێنا. ئەم دوو بژاردەیە هەبوو. یەکێتیش ئامادەبوو پۆست و پلەمان بداتێ، تەنانەت گوتیان ئامادەین هەموو شتێکتان بدەینێ. گۆڕانیش بەڵێنی پێدابین ئەوەی لە دەستیان بێت بۆمانی بکەن. کە دیراسەتمان کرد، بۆ نموونە جێگری پارێزگار، قایمقامی سلێمانی، قایمقامی هەڵەبجە و پۆستە گرنگەکان هەموو پۆستی یەکێتین، نازانین گۆڕان بە چ قودرەتێک لە یەکێتی دەستێنێ و بە یەکگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست و پارتی دەدات، ئایا چ دەسەڵاتێکی هەیە، چۆن چۆنی ئەوە دەکات؟ ئایا ئەم وڵاتە وای لێهاتووە فەرمانێک لە شوێنێکی باڵا دەربچێ و لە خوارەوە هەموو وەکو یەک جێبەجێی بکەن! کوا لەسەر ئەرزا وایە. لە کابینەی پێنجەوە تاوەکو ئێستا حکومەت کراوە بە یەک، بەڵام ئایا ئەمە تەنیا لەسەر کاغەز نەبووە؟ بەڵێ. خۆمان بە شتێکی وەهمی هەڵناخەڵەتێنین.

لەنێو یەکگرتوودا هێشتا نەزەریەی ئەخلاق لەنێو سیاسەتدا ماوە. بەڵام دەرکەوت کە بەهەر ڕێگایەک دەستکەوتت زۆربێ براوەیت و چەپڵەت بۆ لێدەدرێ. ئەمە وێستگەیەکە بۆ بەخۆداچوونەوە و یەکگرتوو بەخۆیدا دەچێتەوە. ئێمەش بەدەرنابین لەو هاوکێشەیە، ئەمە دوا وانەیە وەرمانگرت. لەو ماوەیە دوو وانەی گەورەمان وەرگرت، هەم بۆ وەزارەتەکەی بەغدا و هەمیش ڕێککەوتنی بەشکردنی ئیدارەی سلێمانی. ئیدی حاڵی بووین کە ئەمە دەرسێکی گەورە بوو بۆ ئێمە. لێرە بەدواوە دەستمان کراوە دەبێ کە هاوپەیمانی چۆن دەکەین و لەگەڵ کێی دەکەین.

**ڕووداو: ئێران گوشاری هەبوو لەسەر یەکگرتوو کە دەنگ بە کام لایەن بدات بۆ ئیدارەی سلێمانی؟**

**محەممەد رەئوف:** ئێران لەپێش هەڵبژاردنەکانی 2013ی پەرلەمانی کوردستان، تەنیا ئەوەی گوتووە کە دۆخێکی تایبەت لە سلێمانی هەیە و ریعایەتی بکەن باشترە و ریعایەتی یەکێتی زەرورە، چونکە مام جەلال لە حاڵەتێکی تایبەتدایە و دۆخی یەکێتی لە وەزعێکی نائاساییدایە. بەڵام ئێران بە ئێمەی نەگوتووە دەنگ بەم لایەن و ئەم لایەنە بدەن.

**ڕووداو: کادیرێکی یەکگرتوو نووسیویەتی یەکگرتوو لە ڕێکخراوێک دەچێ داوای ئاشتەوایی بکات، نەک وەکو حیزبێک داوای پۆست بکات؟**

**محەممەد رەئوف:** راست دەکات، بەو کادیرە و غەیری ئەو کادیرە دەڵێم، ئەگەر گۆڕان و یەکێتی بیانگوتبا لەسەر ڕۆشنایی دەستپێشخەری یەکگرتوو ئەم ڕێککەوتنەمان کردووە و دەبێ یەکگرتوو پاداشت بکرێ. ئێستا شیعر بە باڵاماندا دەگوترا، هەر ئەو کادیرە پێچەوانەکەی دەگوت، بەڵام کە وا نییە دەکەوێتە سەنگەر و بە زمانی رەخنە قسە دەکات. ئێمە کە ویستمان ئاشتی کۆمەڵایەتی سلێمانی بپارێزین بەرامبەرەکەمان دەیانزانی باسی چیمان دەکرد و تێدەگەیشتن. ئەگەر گۆڕان و یەکێتی بگەیشتبوونایە حاڵەتی لێکدان، ئەوا هەموو کەس دەزانێ لێکدان لە سلێمانی چ ئەنجامێکی دەبێ، واتە خوێن و کوشتن و گرتن و ئارامی تێکدان و کۆڵان داخستن و سەنگەر لێدان. ئەوکاتە هاواریان دەهێنا و بۆ خاتری خوا بکەونە نێوانیان. بەڵام مادام مۆدێلەکە لەسەر ئەوەیە دواجار کێ دەستکەوتی زۆری هەیە جا بەهەر ڕێگایەک بێت، ئێمەش ئیدی دەزانین چۆن سیاسەت دەکەین.

**ڕووداو: دەگوترێ کۆمەڵی ئیسلامی داوای لە یەکگرتوو کرد دەنگ بە گۆڕان بدەن، بەڵام یەکگرتوو نەیهێشت، وایە؟**

**محەممەد رەئوف:** ئەگەر ئەو قسەیە کرابێ، دەمەوێ وەکو خۆی بنووسرێ. ڕۆژی کۆنفرانسی یەکگرتوو لە سلێمانی ڕۆژی دوای ئەوە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بوو بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگار، کاتەکە دیارە. پێش ئەوەی بچن بۆ سلێمانی بۆ کۆنفرانس، بڕیاری کۆتایی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو ئەوەبوو تەواوی دەسەڵات دەدەین بە ئەندامەکانی خۆمان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی خزمەت و پێمانگوتن، چی بە باش دەزانن دەتوانن بڕیار بدەن و هیچ گوشارێکتان لەسەر نییە و ئازادن لە هەر بڕیارێک. لەو کاتەش دڵنیا بووین کە دەنگەکە بە گۆڕان دەدرا و ئەمە بڕیاری ئێمە بوو. ئەو ڕۆژەی لە سلێمانی بووین بۆ کۆنفرانسەکە، کۆمەڵی ئیسلامی زۆر هەوڵی دا ئەو بڕیارە بگۆڕن و بڕیارەکە لە دەست مەکتەبی سیاسی هەردوولا بێت، نەک لە دەست فراکسیۆنی خزمەت، بەڵام گوتمان ئەوە بڕیاری کۆتایی ئێمەیە. کۆمەڵی ئیسلامی پەشیمان بووەوە، دیارە بۆ ئەوەبوو شتەکە سەرنەگرێ و دەنگەکە بۆ گۆڕان نەبێ.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا لای چەند کەسێک باسی کردووە کە متمانەی بە یەکگرتوو نەماوە؟**

**محەممەد رەئوف:** شت کە کرا 50 بە 50 ئیدی متمانەی بۆچییە! ئێمە باش ئەوەمان زانی کە دەنگی ئێمە لەگەڵ دەنگی گۆڕان ناکاتە 1+50، ئەگەر بگاتە 1+70یش یەکێتی پۆستەکەی رادەست ناکات.

**ڕووداو: بەڵام ئێستا یەکێتی ڕێککەوتنی لەگەڵ گۆڕان ئیمزاکرد و دوو ساڵی دیکە پۆستەکە رادەستی گۆڕان دەکات؟**

**محەممەد رەئوف:** ئەوەش قسەیە، ئێ ئیمزای کابینەی پێنج و شەش و حەوت و بگرە هەشتیشمان هەیە، کوا یەک ئیدارەیی.

**ڕووداو: دوای دوو ساڵی دیکە وەبیری گۆڕان دەهێننەوە کە گوتتان یەکێتی پۆستی پارێزگاری سلێمانی رادەست ناکات؟**

**محەممەد رەئوف:** بیری ناوێ، دوو ساڵی دیکە پێچێکی مێژەر دەکات، تەواو دەبێ و هەموو کەسیش لەبیریەتی و ئەو شتە ئیمزا کراوە، تاوەکو دوو ساڵی دیکە عێراق نەخشەی دەگۆڕێ، گۆڕان رەنگە گۆڕانی بەسەردا بێت، یەکێتی کۆنگرەی لە پێشە و سەرکردایەتی دەگۆڕدرێ. ڕێککەوتنەکەی سلێمانی تەنیا شتێکە بۆ بەڕێکردنی کات. یەکێتی باش دەزانێ بۆچی دوو ساڵی یەکەمی داواکردووە، گۆڕانیش دەزانێ بۆچی خۆی داوە بەدەستەوە و قەناعەتی کردووەو تەسلیم بووە، ئەمە روون و ئاشکرایە. بەڵام دەیەوێ بیخاتە سەر ئێمە و ئەمە ئەسڵی مەسەلەکەیە. واقیعی عێراق و کوردستان بەشێوەیەکە کە تاوەکو دوو ساڵی دیکە ئەوەندە شتی گەورە ڕوودەدەن، ئەم جۆرە ڕێککەوتنانەی دوو ساڵی و یەک ساڵی لوول دەدەن.

**ڕووداو: هەندێ لە کادیرانی یەکگرتوو دەڵێن مادام یەکگرتوو لە حکومەتەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و هەولێر هیچی بەرنەکەوتووە، با لە حکومەتیش بکشێتەوە؟**

**محەممەد رەئوف:** دۆسیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوچەیی تێکەڵ ناکەین، هیچ پارێزگایەک لەگەڵ پارێزگایەکی دیکەش تێکەڵ ناکەین.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەن ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی شتی دیکەشی بەدوادا بێت؟**

**محەممەد رەئوف:** گۆڕان و یەکێتی لەهەر لەحزەیەکدا ئەگەری ئەوە هەیە یەکبگرنەوە. ئایا یەکگرتنەوەکە لەسەر ئاستی کەسی یەکەم دەبێ، یان کۆنگرەیەک پێکەوە دەبەستن. دووریش نییە ئەو ئەزموونەی سلێمانی ئەگەر خێری لێ ببینن بەرەو یەکگرتنەوە بچن، ئەمەش مەحاڵ نییە. کاک نەوشیروانیش رەنگە ئەو قودرەتەی هەبێ بتوانێ گۆڕان و یەکێتی پێکەوە ببەستێتەوە.

**ڕووداو: دیندار نەجمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووە، گوتی ئەگەر غەدر لە یەکگرتووانی بادینان بکرێ، ئەوا حیزبێک دروست دەکەن، رای تۆ لەسەر ئەوە چییە؟**

**محەممەد رەئوف:** کاک دیندار قسەی خۆی کرد و گوتی خۆزگە ئەو قسەیەم نەکردبا، قسەش وەکو فیشەک وایە کە دەرچوو ناگەڕێتەوە شوێنی خۆی. ئەو هەڵوێستە شتێکی گەورەی لەپشت نییە کە ئامادەکاری بۆ کرابێ.

**ڕووداو: پێشنیازێک هەیە لەنێو یەکگرتوودا، کۆنگرە پێش بخرێ بۆ ساڵێک؟**

**محەممەد رەئوف:** یەکگرتوو هیچ کۆنگرەیەکی نائاسایی نابەستێ، یەکگرتووش هیچ کێشەیەکی نییە تاوەکو داوای کۆنگرەی پێشوەخت و نائاسایی بکات.

**ڕووداو: لەم قەیرانە داراییە کە حکومەت پارەی حیزبەکانیشی بڕیوە، یەکگرتوو چۆن ژیاوە؟**

**محەممەد رەئوف:** بە دوو شت ژیاوین، سەبر و تەقەشوف، تا سەر ئێسکان تەقەشوفمان کردووە. بەهیچ شێوەیەک نەسرییە نەماوە، گەشتکردن نەماوە، چالاکییەکان هەندێکیان راگیراون، دروستکردنی باڵەخانە بۆ مەڵبەندەکان راگیراوە.



ڕووداو

ژمارە (338) دووشەممە 2014/12/15

## کوردێکی مهابادی بە 42 مانگ حوکم دەدرێت



**ڕووداو- کوردپا**

دادگای مەهاباد چالاکڤانێکی کوردی ئەو شارەی بە 42 مانگ زیندانی مەحکوم کرد. جەمشید گوڵئەندامی تەمەن 41 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی "فەجر"ی شاری مەهاباد، بە تۆمەتی "تێکدانی ئەمنیەتی نیزام و هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکان" بە 42 مانگ حوکمدرا.

بە گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، جەمشید پێشتر لەگەڵ بەسیجێکی سوپای پاسداران بە کێشە هاتووە و بەسیجەکە تەقەی لێکردووە و برینداری کردووە، پاشان لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەرکراوە.



# 28 زیندانییەکەی ورمێ لە مردن نزیک دەبنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

زیندانییە مانگرتووەکانی زیندانی ورمێ تادێت ڕەوشی تەندروستییان بەرەو خراپی دەچێت، بە جۆرێک چیدی ناتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

ماوەی 26 ڕۆژە زیندانیانی سیاسی بەندی 12ی گرتووخانەی ورمێ بە مەبەستی جێبەجێکردنی داوکارییەکانیان لەلایەن بەرپرسانی ئێرانەوە، مانیان لەخواردن گرتووە.

ئەو زیندانییانە سەرەتا 29 کەس بوون، دواتر یەک لە مانگرتووان بۆ بەندیخانەی مەهاباد و یەکێکی دیکەش بۆ بەندێکی دیکەی گرتووخانەی ورمێ گوازرایەوە. ماوەی چەند ڕۆژێکیشە پارێزەر مەسعود شەمس نەژاد کە لە بەندێکی دیکەی گرتووخانەی ورمێ دایە، بەهۆی ڕێگەنەدان بە چوونەدەرەوەی لە زیندان بۆ چارەسەری پزیشکی و هەروەها پشتیوانی لەو مانگرتووانە، دەستی داوەتە مانگرتن. ئێستا 28 زیندانی لەو بەندیخانەیەدا مانیان لە خواردن گرتووە.

مانگرتووان داوا دەکەن بەندی زیندانیانی سیاسی لە زیندانیانی دیکە کە زۆرتر بەهۆی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر یان تاوانی کۆمەڵایەتی دەستگیرکراون، جیا بکرێنەوە و لە بەندێکی تایبەتیدا ڕابگیرێن. بەڵام بەرپرسانی بەندیخانەی ورمێ داواکارییەکەیان ڕەتکردوونەتەوە و هەڕەشەیان لێکردوون ئەگەر مانگرتنەکەیان نەشکێنن سزا دەدرێن، هەروەها سزای ئەو کەسانەی کە لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە، جێبەجێ دەکەن.

دوای ئەوەی مانگرتنی ئەو زیندانیانە لە میدیاکاندا دەنگیدایەوە، چەند چالاکییەک لە دەرەوە و نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لەو مانگرتووانە بەڕێوەچوو. بنەماڵەی زیندانیانی مانگرتوو تاوەکو ئێستا چەندجارێک لەبەردەم دادگا و بەندیخانەی ورمێ کۆبوونەتەوە.

هەروەها لە باشووری کوردستان نزیکەی 20 چالاکڤان و بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەبەردەم نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی، مانیان لەخواردن گرت و لە هەولێریش خۆپێشاندانێک بۆ پشتیوانی لەو زیندانییانە بەڕێوەچوو.

خۆپێشاندەرانی هەولێر و مانگرتووانی سلێمانی لەڕێگەی پەرلەمانەوە داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، لەڕێگەی پەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ حکومەتی تاران، هەوڵ بدا گوشاری سەر بەندکراوانی سیاسی کەم بکاتەوە.

لە هەندێک وڵاتی ئەورووپاش وەکو نەرویج و بەریتانیا، خۆپێشاندان بۆ پشتیوانی لەو زیندانییانە بەڕێوەچوو، ئەوانیش داوایان لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ کرد، بۆ جێبەجێکردنی داواکاری مانگرتووان، گوشار بخەنە سەر حکومەتی ئێران. هەروەها لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش چەندین هەوڵ بۆ سازدانی گردبوونەوە و خۆپێشاندان لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دراوە. بەڵام هیچکام لەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوونە و تاوەکو ئێستاش نە خەڵک و نە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەسەر ئەو مانگرتووانە بەدەنگ نەهاتوون. ئەوەش ڕەخنەی زۆری هێناوەتە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە کەمتەرخەمی لە ئاست ئەو مانگرتنە تۆمەتبار دەکرێن.

زۆربەی ئەو زیندانییانە بەهۆی چالاکیی سیاسی و بە تۆمەتی ئەندامێتی لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سزای بەندکردن یان لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە. لە بەرامبەر ئەو مانگرتنەشیاندا، بەشێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، ڕاگەیەندراویان بۆ پشتیوانیکردنیان دەرکرد.

### سوودی مانگرتنەکە بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات

خالید محەممەد زادە، چالاکڤانی مافی مرۆڤ، لەبارەی هەڵوێستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە مانگرتنی زیندانیان بە (ڕووداو)ی گوت "حیزبەکان دەیانتوانی پرسی مانگرتنەکە بکەنە بابەتێکی میدیایی گەورە و هەروەها لەئاستی نێودەوڵەتیدا، کاری دیپلۆماسی بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکەن. لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هانی خەڵک، پارێزەری بەندکراوان و بنەماڵەکانیان دابا، پشتیوانی و بەدواداچوونی زیاتری ئەو پرسەیان کردبا".

بەگوتەی ئەو چالاکڤانە سیاسییە، ناکۆکییە ناوخۆییەکانی حیزبەکان کاریگەری لەسەر پێکەوەکارکردنی ئەو حیزبانە داناوە و ئەوان ئامادەنین تەنانەت بۆ پشتیوانی لەو زیندانییە مانگرتووانەش، هەوڵی هاوبەش بدەن و پێکەوە هاوکاری بکەن.

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبارەی هەوڵەکانیان بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی مانگرتوو بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوان وەکو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ پشتیوانی لەو زیندانییانە بکەن و وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵیانداوە ئەو بابەتە بە میدیایی بکەن، هەروەها بەرپرسان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی لێ ئاگادار بکەنەوە.

عەزیزی ئاماژەی بەوەش دا، بەهۆی بەرتەسکبوونی گۆڕەپانی چالاکییەکانیان لەنێوخۆی ڕۆژهەڵات، ناتوانن بە ڕادەی پێویست بە هانای ئەو زیندانیانەوە بچن.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) دۆخی تەندروستی مانگرتووان نالەبارە، بە جۆرێک کە توانای لەسەر پێ وەستانیان نییە و ژمارەیەکیشیان بۆ بنکەی تەندروستی نێو بەندیخانە گوزراونەتەوە. هەروەها یەکێک لە مانگرتووانیش بەناوی عەلی ئەفشاری بۆ نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی بەندیخانە بردراوە کە لەڕێگەدا لەلایەن سەربازەکانی پاراستنی بەندیخانەوە هێرشی کراوەتە سەر.

ژمارەیەک لە چالاکڤانانی مافی مرۆڤ و زیندانیانی نێو بەندیخانەی ورمێ داوایان لە زیندانیانی مانگرتوو کردووە، بۆ پاراستنی ژیانیان مانگرتنەکەیان بشکێنن، بەڵام پێشنیازەکەیان قبوڵ نەکراوە.

# گۆڕانکارییەکانی سیستمی هەڵبژاردن ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناگرێتەوە

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

پارلەمانی ئێران لە هەوڵی گۆڕینی شێوازی هەڵبژاردنی نوێنەراندایە، کە بەوپێیە ئاستی پارێزگا ناوەندی هەڵبژاردن دەبێت. ئەو گەڵاڵەیە نەیاری زۆریشی هەیە. نەیارەکان نوێنەرەکان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەیانەوێ بوار بۆ دەنگهێنان لە هەڵبژاردنی خولی داهاتوودا فەراهەم بکەن.

بەپێی ئەو گۆڕانکارییەی بڕیارە لە سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەری شارەکاندا بکرێت بۆ پەرلەمان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەرەرمەندی یەکەمە، چونکە ئەو گۆڕانکارییە شارێکی وەکو ورمێ ناگرێتەوە کە ئەگەر بکرێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن ئەوا کورد زۆربەی نوێنەرەکانی ئەو شارە دەبات.

ئەو یاسایە تەنیا لە پارێزگاکانی سیستان و بەلوچستان و ورمێ جێبەجێ ناکرێ. چەند ناوەندێکی هەڵبژاردنیش لەو یاسایە دەرکراون کە یەکێک لەو ناوەندانە شاری بیجاڕە لە پارێزگای سنە.

شاری بیجاڕ دانیشتووانەکەی کورد، بەڵام شیعە مەزهەبن، کەمینەیەکیش لە تورکی ئازەری لە شارەکەدا دەژین. بیجاڕ یەک نوێنەری هەیە. بەپێی ئەو پڕۆژە یاسایە هەموو شارەکانی دیکەی پارێزگای سنە دەبنە یەک ناوەندی هەڵبژاردن و بیجاڕیش بە تەنیا یەک ناوەند دەبێت.

سەید ئەحسەن عەلەوی، نوێنەری شارەکانی سنە، کامیاران و دیواندەرە، لە بارەی ئەو پڕۆژە یاسایە و جیاکردنەوەی بیجار لە سنە دەڵێ "ئەم جیاکارییە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئێرانەوە کراوە". عەلەوی پێیوایە "جیاکردنەوەی بیجاڕ لە شارەکانی دیکەی پارێزگای سنە یەکگرتوویی خەڵکی ئەو پارێزگایە عەیبدار دەکات".

بەڵام سەید محەممەد بەیاتیان، نوێنەری شاری بیجاڕ، پشتگیری ئەو پڕۆژە یاسایە دەکات. ناوبراو هۆکاری جیاکردنەوەی ئەو شارە دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە کێشەی ئەمنی ڕوونەدات، ناکۆکییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان قووڵتر نەبنەوە و کەسانێک کەڵکی خراپی لێوەرنەگرن.

پارێزگای کرماشان سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان، ئەو یاسایەی تێدا جێبەجێ دەبێت. کرماشان لە سێ پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە. شیعە، یارسانەکان و سوننەکان. دوو شێوەزاری سەرەکی کوردیش لەو پارێزگایەدا هەن: گۆرانی و کەلهوڕی. جافەکانیش بن زاراوەیەکی کوردین لەو پارێزگایەدا. زۆرینەی ڕەهای پارێزگای کرماشان کەلهوڕە شیعە مەزهەبەکانن.

سەید سەعید حەیدەری تەیب، نوێنەری کرماشان لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لە کرماشان جیاوازییەکان زۆرن ، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەڵبژاردن لەسەر ئاستی پارێزگا دەبێت. ئەگەری ئەوەی هەیە ڕکابەری ناتەندروست لەنێوان لایەنە جیاوازەکاندا دروست ببێت و یەکێک لەو لایەنانە نەتوانن نوێنەری خۆیان بگەیەننە پەرلەمان". حەیدەری تەیب باس لەوە دەکات کە ئەو گەڵاڵەیە جارێ لە لێژنەکانی پەرلەمانە و تاوتوێ دەکرێت، بۆیە بواری ئەوە هەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، ئینجا بەرزبکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و دانیشتنی لەسەر بکرێت.

عابد فەتاحی، تەنیا نوێنەری کوردە لە شاری ورمێ، پشتڕاستیکردەوە ئەو پڕۆژە یاسایە شاری ورمێ ناگرێتەوە. ناوبراو بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو گەڵاڵەیە پارێزگای ورمێ ناگرێتەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو نەتەوەی جیاواز لەو پارێزگایەدا (کورد و ئازەری) چونکە ترس لەوە هەیە سەرجەم نوێنەرەکانی پارێزگا یان کورد بن یان ئازەری، ئەوکات ڕەنگە کێشە لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیە دروست ببێت.

فەتاحی پێی باشترە هەڵبژاردن لەسەر ئاستی پارێزگا بەڕێوە بچێت، چونکە نوێنەرەکان کاتی کەمتریان بۆ پرسە بچووک و خۆجێییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی تایبەتی خەڵک بە فیڕۆ دەچێت. بەڵکو لە شێوازی بە پارێزگاکردنی هەڵبژاردندا، نوێنەرەکان گرنگی بە پرسە گشتییەکان دەدەن.

پارێزگای ورمێ، کە ئێران پێیدەڵێت (ئوستانی ئازەربایجانی غەربی)، چەند شار و شارۆچکەیەکی بەسەرەوەیە کە زۆربەی دانیشتووانیان کوردن، لەوانەش مهاباد، بۆکان، پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، ساین قەڵا و تیکاب و چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکەش.

بەپێی ئامارەکان، ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای ورمێ نزیکەی 3 ملیۆن کەسە کە 58%ی دانیشتووانەکەی کوردن و 41%ی پارێزگای ورمێش تورکی ئازەرین.

مەهدی عیسا زادە، نوێنەری شارەکانی میاندواو، تیکاب و سایین قەڵا، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتبووی "هەر 12 نوێنەرەکەی پارێزگای ورمێ داواکارییەکان واژۆ کردووە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارێزگای ورمێش لەسەر ئاستی پارێزگا بەڕێوەبچێت". بەڵام عابد فەتاحی ئەو زانیارییەی عیسازادەی ڕەتکردەوە و گوتی ئەوان شتێکی لەو بابەتەیان واژۆ نەکردووە.


ئەم گەڵاڵەیە لە کاتێکدا هاتووەتە گۆڕێ کە هەڵبژاردنی خولی داهاتووی نوێنەرانی پەرلەمانی ئێران ساڵێک و سێ مانگی ماوە. بۆیە ڕەخنەگرەکان دەڵێن، نوێنەرەکانی ئەم خولەی پەرلەمان هەست بە مەترسی دەکەن کە دەنگ نەهێننەوە، بەڵام ئەگەر ئەو گەڵاڵەیە پەسند بکرێ، شانسی دەنگ هێنانەوەیان زیاتر دەبێت.

گەڵاڵەیەکی هاوشێوە پێشتریش لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی ئێران پەسەند کرا، بەڵام ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور گەڵاڵەکەی دژ بە یاسای بنەڕەتی ئێران لێکدایەوە و ڕەتیکردەوە. ئەو پڕۆژە یاسایە ئەگەر پەسەندیش بکرێت، دەبێت لە فلتەری ئەنجوومەنی پاراستنی دەستووردا بڕوات.



### ئاسۆ ڕەحیم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ (ڕووداو):

# متمانەمان هەیە یەکێتی دواتر پارێزگارمان تەسلیم بکات



**هێزە سەوز و نیلییەکە کە لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردن و تاوەکو ماوەیەکیش دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکی گرژدا بوون، هەفتەی ڕابردوو بە بەردێک دوو نیشانیان شکاند: کۆتاییان بە پەیوەندی ساردوسڕی نێوانیان هێنا و کێشەی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانیشیان یەکلایی کردەوە.**

**ئاسۆ ڕەحیم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، کە هاوکات بەرپرسی مەکۆی سلێمانی بزووتنەوەکەشە، پێیوایە ئەو ڕێککەوتنەی هەفتەی ڕابردوو لە نێوان گۆڕان و یەکێتی واژۆ کرا لەسەر پۆستەکانی سلێمانی، قۆناغی سەرەتای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە و "پێویستە شۆڕبکرێتەوە بۆ خوارەوە". ئاسۆ ڕەحیم، ڕەتیکردەوە هەموو پۆستەکانی سلێمانی دابەشکرابن و لایەنەکانی دیکە بەشخوراو بن و گوتی "ئەگەر لایەنێک خۆی بە ستەملێکراو بزانێ، ئامادەین لە بەشی خۆشمان بێت بەشی بدەین".**

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

> « بۆ ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی بارزانی دەستخۆشی لە کاک نەوشیروان کرد

> « ئامادەین لە بەشی خۆمان بەشی ئەو لایەنە بدەین کە خۆی بەستەملێکراو دەزانێ

## ڕێکەوتنی دابەشکردنی پۆستەکان

**ڕووداو: دوای حەوت مانگ لەگەڵ یەکێتی هاتنە سەر ئەو بڕوایەی بە هاوبەشی سلێمانی بەڕێوە ببەن، پێتوایە دەتوانن لەگەڵ یەکێتی کاری هاوبەش بکەن دوای ئەو هەموو ناکۆکییە؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** ڕاستە وەک ڕێککەوتن و ئیمزاکردن، ڕێککەوتننامە لە نێوان ئێمە و یەکێتیدا هەیە، بەڵام لە شێوەی کارکردن تەنیا لە نێوان ئێمە و یەکێتی نییە و لەنێوان 5 لایەندا ڕێککەوتن کراوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە کاری هاوبەش بکەین و لەسەر پۆستەکان ڕێکبکەوین. ئێمە بڕوامان بە کاری هاوبەش هەیە و هەرواشمان کردووە.

**ڕووداو: بەڵام ئێوە ڕێککەوتنەکەتان دوو قۆڵی کردووە و ئیمزای ئێوە و یەکێتی بە سەرەوەیە؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** ڕاستە وایە، بەڵام ئێمە لەو ماوەیە بە بەردەوامی پەیوەندیمان لەگەڵ برادەرانی پارتی هەبووە و قسە و گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون، هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیدا هەبووە و ئەوان بەردەوام داوایان کردووە لێمان کە خۆمان دوو لایەنە قسەبکەین و ڕێکبکەوین. ئەوان زۆر بە لایانەوە باشبوو.

**ڕووداو: ئەوان دەڵێن ڕاستە گوتمان ڕێکبکەون، بەڵام ئاواشمان نەگوت کە هەموو شتەکان لە نێوان خۆتاندا بەش بکەن؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** ئێمە 3 ستوونمان دروستکردووە، بۆ گۆڕان و یەکێتی و لایەنەکانی دیکە. هێشتا پۆستی دیکە ماوە و هەمووی بەشنەکراوە.

**ڕووداو: واتە ئەوەی ڕاتانگەیاندووە جارێکی دیکە ئامادەن دەستکاری بکەن؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** بەڵێ نەمانگوتووە ئەوەی ڕامانگەیاندووە قابیلی دەستکاری نییە. ئێمە ئامادەین ئەگەر لە ئیستیحقاقی خۆشمان بێت بەشی ئەو لایەنانە بدەین، ئەگەر لایەنێک هەستبکات ستەمی لێکراوە. ئاساییە لە بەشی خۆشمان بێت بەشی بدەین. وەک گۆڕان بڕیارمانداوە لەبەر خاتری پۆستێک شتەکان تێکنادەین و شارێکیش ناکەین بە قوربانی پۆستێک.

**ڕووداو: ئێستا قۆناغی نوێی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئێوە و یەکێتی دەستپێکردووە؟ ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێ پەیوەندییەکانتان بەتەواوی ئاسایی بکاتەوە؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** واقیعەکە ئەوە دەخوازێ و ئەوە تەنیا بە ئێمە و یەکێتی ناکرێ و دەبێ لایەنەکانی دیکەش وا بکەن، بەڵام ئەوە سەرەتایەکە بۆئەوەی لە پەرلەمان و دەزگاکانی دیکەش لەیەک نزیک ببینەوە و کاری باش بکرێت. ئەمە یەکێکە لەو هەنگاوانەی دەنرێ بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئێمە و یەکێتی. ڕۆژی شەممەی ڕابردووش ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لەکاتی پێشوازی لە شاندی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتی، ئەوە سەرەتایە بۆ ئاساییبوونەوە و شۆڕکردنەوەی ئەو پەیوەندییە بۆ نێو جەماوەر و لایەنگرانی هەردوولا بۆ ئەوەی ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی هەبوون نەمێنێ. ئەمە سەرەتایە بۆ ئەوەی لەیەک نزیک ببینەوە، بەڵام دەبێ ئەم ڕێککەوتنە دابچۆڕێتە خوارەوە و تەنیا لە نێوان سەرکردەکان و ڕێکخەری گشتیدا نەبێ.

ڕووداو: چۆن شۆڕی بکەنەوە؟

ئاسۆ ڕەحیم: دەبێ ئێمەش وەک مەکۆ و ڕایەڵەکانیش لەگەڵ مەڵبەند و کۆمیتە و لقەکان تەنسیق بکەین بەیەکەوە. ئەو دابڕانە وایکردووە گرژی دروست ببێ.

## پەیوەندی یەکێتی و گۆڕان

**ڕووداو: بۆ پۆستەکانی سلێمانی پێویستتان بەوە هەبوو ڕێککەوتننامەیەک واژۆ بکەن، ئەی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانتان ڕێککەوتننامە واژۆ ناکەن؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** نەخێر پێویستمان بە ڕێککەوتن نییە. ئەوە متمانەی دەوێ و دەبێ متمانە لە نێوانمان هەبێ.

**ڕووداو: لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی گوتی، ئاساییکردنەوەی پەیوەندی ئێمە و گۆڕان بەوە دەستپێدەکات کە ئەندام و لایەنگری یەکتری ڕانەکێشین و دەستنەخەینە نێو کاروباری یەکدی؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** نەخێر من لەگەڵ ئەوە نیم، من هەقم چییە بەسەر کەسێکەوە لەو هەڵبژاردنە دەیەوێ دەنگ بەکێ بدات و دەنگ بەکێ نەدات. ئینجا دەنگدەری ئێمە کێن؟ خۆ ئێمە پارە و ئیمتیازاتمان نییە بیدەین بە کەس لەکاتی هەڵبژاردندا. سەبارەت بە دەستتێوەردانیش، بەهیچ شێوەیەک دەستمان نەخستووەتە نێوخۆی یەکێتی. ئێمە دەستناخەینە نێو کاروباری خۆشمانەوە نەک ئەوان.

**ڕووداو: ئێوە و یەکێتی دوو بەرنامەی تەواو جیاوازتان هەبوو بۆ هەڵبژاردن، بەڵام دەتوانن بە دوو بەرنامەی جیاواز ئیدارەیەک بەیەکەوە بەڕێوە ببەن؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** جیاوازییەکانیش لە خزمەتی خەڵک دەبن. بڕوامان وایە دەبێ دەسەڵاتەکانیش شۆڕ بکرێنەوە. ڕاستە لەکاتی هەڵبژاردن زۆر بەرنامە ئاشکرا دەبن، بەڵام بەرنامەی دوور و نزیک هەیە، ئێمە و 4 لایەنەکەی دیکەش زۆر خاڵی هاوبەشمان هەیە بیکەینە بەرنامەی پارێزگاکان. ئەگەر هەموو بەرنامەی خۆشمان پێ جێبەجێ نەکرێت بە هاوبەشی کار دەکەین.

**ڕووداو: متمانەتان هەیە کە یەکێتی 2 ساڵی داهاتووی پارێزگارتان بداتێ؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** بەڵێ هەمانە، ئەگەر متمانەمان نەبووایە ڕێککەوتنمان واژۆ نەدەکرد. لەوانەیە کەسێک لای ئێمە و لای یەکێتی هێشتا متمانەی نەبێت، بەڵام زۆرینەی سەرکردەکانی نێو ئێمە و یەکێتی متمانەیان بۆ دروستبووە. شێوەی دابەشبوونی ئیشەکانیش لێرە وایە کە وادەخوازێ متمانەمان بەیەک هەبێت.

**ڕووداو: بەرپرسێکی یەکێتی گوتی لەوانەیە ئەم ڕێککەوتنە لە چەند مانگی داهاتوو وا لەیەکێتی و گۆڕان بکات زیاتر لەیەک نزیک ببنەوە، چونکە بۆ مەسەلەی دەستوور و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕووبەڕووی خواستی پارتی دەوەستنەوە؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** من گوتم ئەوە سەرەتایەکە بۆ نزیکبوونەوە. ئێمە لە پێناو خزمەتی خەڵک دروستبووین. من نازانم بۆ ئەوەی تۆ دەیڵێی، بەڵام هەرچی بێتە پێشەوە بۆ بەرژەوەندی خەڵک، گۆڕان تەنیا دەیەوێ خزمەت بکات.

## هەڵوێستی پارتی

**ڕووداو: بارزانی هەڵوێستی چی بوو لەسەر ڕێککەوتنەکەتان؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** بە فەرمی نازانم، بەڵام پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە ڕێکخەری گشتی کردووە بۆ ڕێککەوتنەکە و لە ڕێککەوتنەکەش ڕازی بووە.

**ڕووداو: بۆ فراکسیۆنەکانی پەرلەمانیش بیر لەو نزیکبوونەوەیە دەکەنەوە؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** فراکسیۆنەکانیش ئەوە دەکەن، هەندێک شت ڕوودەدەن بەدەرن لە دەسەڵاتی یەکێتی و گۆڕان و پارتی، واقیعەکە جیاوازە. هاتنی داعش و شەڕی ناوچەکە و ئەو بێ بودجەییە. ئێستا سەیر دەکەیت گۆڕانێک و پارتییەک و یەکێتییەک و ئیسلامییەک وەک یەک بێ مووچەن. ئێستا دەبێ ئەو قۆناغەش لەبەرچاو بگریت.

## گلەیی ئیسلامییەکان

**ڕووداو: ئیسلامییەکان زیاتر ڕووی گلەییان لە ئێوەیە نەک یەکێتی، چونکە 4 ساڵ هاوپەیمانی ئێوە بوون؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** کاکە خۆ هەموو پۆستەکان دابەشنەکراون، زۆر پۆستی دیکە هەیە لە سلێمانی کە قسەی لەسەر کراوە و دابەشیش نەکراوە، دەکرێ باسی ئەو پۆستانەش بکرێت لەگەڵ ئەوان. لەنێو ئەو پۆستانەدا بەڕێوەبەرایەتی ماون. وابزانم هەر 5 لایەنەکە دەمانەوێ متمانە لەنێوان خۆمان دروست بکەین، ئەگەر بمانەوێ لەبەر خاتری قایمقامێک ئەوە تێکنادەین.

**ڕووداو: دوای هەڵبژاردن هەندێک بەرپرسی گۆڕان گوتیان مەرج نییە هەموو ئەو بەڕێوەبەرانە بگۆڕین کە بەڕێوەبەرایەتییەکانیان بەر گۆڕان دەکەوێ؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** لەگەڵ ئەوەین و بڕوامان پێیەتی. دەمێکە بڕوامان وایە کە ئیدی سنوورێک بۆ حیزب دابنرێت و دەستنەخاتە کاروباری حکومەتەوە. ناکرێ کەسێک لەبەر ئەوەی گۆڕان نییە بیگۆڕیت، گرنگ ئەوەیە کاری باش بکات.

**ڕووداو: کەواتە بەڕێوەبەری هەموو ئەو بەڕێوەبەرایەتی و ناحیانە ناگۆڕن کە وەریدەگرن؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** ئەوەی ئێستا هەیە کەسێک نییە بڵێین با فڵان نەگۆڕین. بەڵام لەخوار بەڕێوەبەرێتییەکانەوە کەسانێک هەن کە دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە. بۆ نموونە بەڕێوەبەری ڕەگەزنامە کەسێکی ئیشکەرە و چالاکە. لە 20 ساڵی ڕابردوودا هەرکەس لە پۆستەکان دانراوە حیزب دایناوە.

**ڕووداو: لەمەولا کێ دایاندەنێ؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێ.

**ڕووداو: بەڵام خۆ گۆڕان هەر وەزیرێک یان هەر بەرپرسێکی دانابێ ئەویش دەورووبەری هەمووی گۆڕیوە و خۆی کەسەکانی داناوەتەوە؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** حەقی خۆیەتی، کابرا دەیەوێ بەڕێوەبەری یان دەورووپشتەکەی کەسێک بێت نزیک بێت لەخۆیەوە و بەو مەرجانە دایدەنێ کە حکومەت هەیەتی. بەڵام پێشتر دەیان کەس دانراون بە بڕوانامەی ناوەندی و کەسانی بەردەستی ئەندازیارن.

**ڕووداو: بەڕێوەبەری پسولەی خۆراک لە سلێمانی یەکێتییە و دەڵێ وەزیری بازرگانی کە گۆڕانە، لەگەڵ دەستبەکاربوونی لایداوە و کەسێکی دیکەی داناوە؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** لەسەر ئەوە سزا نەدراوە. ئەو وەزیرەی ئێمە لەبەر ئەوە لاینەداوە کە یەکێتییە. من ناتوانم قسە لەسەر شتێک بکەم کە وردەکارییەکەم لانەبێ، بەڵام وەزیری پێشووش هەر داوای کردووە بڕواتە فەرمانگەیەکی دیکە.

**ڕووداو: لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتوون مۆدێلێکی حوکمڕانی نوێ لە سلێمانی پێشکێش بکەن؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** دەبێ پێشکەشی بکەین. هەرچەندە ئەوە دەکەوێتە سەر ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگار و جێگرەکان، داوودەزگاکان واجبیانە خۆیان ئەوە بکەن.

**ڕووداو: ئیدی نووسراوی مەڵبەند و مەکۆ و بارەگا حیزبییەکان بۆ حکومەت ناخوات؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** دڵنیابە یەک نووسراوی بارەگاکانی ئێمەت دەستناکەوێ بۆ ناو حکومەت. بێگومان ئیدی نابێ نووسراو لە حیزب وەربگیرێت .نەخێر مودیرەکانی ئێمە وەرەقەی حیزبی وەرناگرن.

**ڕووداو: چەند (سیڤی) تان بۆ هاتووە بۆ پۆستەکانی سلێمانی کە وەریاندەگرن؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** سیڤی زۆر زۆر هاتوون، هەزاری تێپەڕاندووە. ئێمە گوتوومانە (سیڤی) بۆ پۆستەکان وەردەگرین، کەچی هەیە سیڤی هێناوە بۆ ئەوەی دایبمەزرێنین.

## وازهێنانی نەوشیروان مستەفا

**ڕووداو: هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانتان ئەنجامدا و قۆناغی دووەمی ماوە، جڤاتی نیشتمانی کەی هەڵدەبژێرن؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** دەبێ هەڵبژاردنەکان لە هەموو قەزا و ناحیەکان تەواو بن، ئینجا قۆناغ بە قۆناغ هەمووی تەواو دەبێت و پاشان جڤاتی نیشتمانی هەڵدەبژێردرێ.

**ڕووداو: دەگوترێ نەوشیروان مستەفا بیر لەوە دەکاتەوە دابنیشێت؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** من تەواو دڵنیام کە ڕێکخەری گشتی بڕوای تەواوی بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات و گۆڕان هەیە، بەڵام ئەگەر بیەوێ ئێستا ئەو بڕوایەی جێبەجێ بکات، ئەوا دڵنیام ناڕوات و دەمێنێتەوە. چونکە ئەو کەسێکە لەناو جڤاتەکەدایە و دێت لە جڤات باسی دەکات کە بەرنامەیەکی وای هەیە. خۆ ئەگەر بێت و لە جڤاتیش باسی شتی وابکات، ئەوا جڤات و بزووتنەوەی گۆڕان ڕێگەی پێنادەین ئەگەر سووریش بێت لەسەر ئەوە. چونکە نەک هەر پێویستە، بەڵکو شەرعییەتی هەرە ئەساسی و ڕۆحی گۆڕان و میللەتەکەشە، بۆیە نابێ بڕوات.

**ڕووداو: بەڵام ئەو خۆی بڕوای وایە گۆڕان کامڵ بووە؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** گۆڕان کامڵیش بووبێت هەر ڕێگەی پێنادەین دابنیشێت.

**ڕووداو: واتا هێشتا لەنێو گۆڕاندا شوێنگرەوە بۆ نەوشیروان مستەفا، دروستنەبووە؟**

**ئاسۆ ڕەحیم:** نەخێر.

> « هێشتا پۆستی دیکە ماوە لە سلێمانی کە بەشنەکراوە
> « دەبێ ئەو ڕێککەوتنەی ئێمە و یەکێتی شۆڕ ببێتەوە بۆ خوارەوە
> « ڕێگە بە کاک نەوشیروان نادەین دابنیشێ
> « جێگرەوەی کاک نەوشیروان لەناو گۆڕان دروستنەبووە

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (338) دووشەممە 2014/12/15



## ئابووری عیراق 2 % گەشە دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

سـندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە لەگەڵ زیادکردنی بەرهەمی نەوت و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستـان، لەساڵی 2015دا ئابووری عیراق بەڕێژەی 2% گەشە دەکات.سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند "بەهۆی کاریگەرییە ئابوورییەکان لەشەڕی دژبە گروپە توندڕەوەکانی داعش، ئابوری عیراق لەمساڵدا (2014) بەڕێژەی لە 5% داکشاوە". هەمان ڕاپۆرت گەشەپێدانی ئابوری لەعیراق گەڕاندەوە بۆ کەرتەکانی دیکە جگە لە نەوت کە دوای سەرهەڵدانی ململانێی داعش زۆربەی کەرتەکان ئاستی کارکردنیان دابەزی.

### وەزارەتی کشتوکاڵ:

# تا ساڵی داهاتوو پێویستمان بە هێلکەی هاوردەکراو نامێنێ




سالآنە لەکوردستان 787 ملیۆن هێلکە دەخورێت

(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری سـامانی ئـاژەڵ لە وەزارەتی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو دەڵێـت، ناوەڕاستی سـاڵی داهاتـوو بەرهەمـی پڕۆژەکانـی هێلکـە لـە کوردسـتان دەگاتە ئاسـتی پێداویسـتی ناوخۆ و پێویستیان بە هاوردەکردنی هێلکە نامێنێ.

بەپێـی ئامـاری وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئاو، 8 پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکـە لـە کوردسـتاندا هەن (6 پـرۆژە لە هەولێر، پرۆژەیەک لە دهۆک و پرۆژەکیش لە گەرمیان) کە توانای بەرهەمهێنانیان سـاڵانە دەگاتـە نزیکـەی 600 ملیـۆن هێلکە، بەڵام بەهۆی وەستانی هەندێ پرۆژە، ئێستا توانای بەرهەمهێنانیـان لـە نزیکـەی 430 ملیـۆن هێلکەیە لە سـاڵێکدا، ئەو ژمارەیەش دەکاتە نزیکەی 55%ی پێداویسـتی ناوخۆ کە ساڵانە خۆی دەدات لـە نزیکەی 787 ملیۆن و 500 هەزار هێلکە.

ڕەمـەزان محەممەد بەڕێوەبەری سـامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئـاو گوتـی "دەتوانیـن لەڕێـی بەرهەمـی پرۆژەکانـی ناوخـۆ 55%ی پێداویسـتی کوردسـتان بـۆ هێلکـە دابین بکەیـن، بۆیە ناچارین ڕێگە بەهاوردەکردنی هێلکە بدەین".

بـەڵام گوتـی پرۆژەیەکـی گـەورەی بەرهەمهێنانی هێلکە لە هەولێر دامەزراوە کە ئێسـتا ڕۆژانـە دەتوانێ نزیکـەی 300 هەزار هێلکـە بەرهەمبهێنێت. بڕیاریشـە لەکۆتایی سـاڵی داهاتوو ئاسـتی بەرهەمی بگەیەنێتە 700 ملیـۆن هێلکـە لـە سـاڵێکدا، بۆیـە پێشبینی دەکەین سـاڵی داهاتوو کوردستان پێویسـتی بەهاوردەکردنـی هلێکـە نەمێنێ، تەنانەت هێلکەش هەناردە بکات.

### هێلکەی خۆماڵی ناخۆن

عەبدولغەنی سەمەد، بەڕێوەبەری فرۆشتن لـە پێشـانگای برایان بـۆ فرۆشـتنی هێلکە بەشـێوەی (کۆ) کە زیاتر لە 20 سـاڵە ئەو کارە دەکەن، دەڵێت "ئێسـتا 99%ی هێلکەی بـازاڕی هەولێر هـاوردەی تورکییـە، چونکە خواستێکی زۆری لەسەرە و نرخیشی هەرزانە بەراورد بەهێلکەی خۆماڵی".

گوتیشـی "ئێمـە ناتوانیـن پشـت بـە پرۆژەکانی ناوخۆ ببەسـتین، چونکە تائێستا بەرهەمیـان زۆر کەمـە و هـەر کاتێکیـش لەبـازاڕ کەمێـک هێلکە کەم بێـت، نرخ بەرز دەکەنەوە".

ناوبراو پرۆژەکانی ناوخۆی بە "بێ سوود" بۆ کوردسـتان وەسـفکرد و گوتـی "80%ی بەرهەمەکانیان دەنێرن بۆ شارەکانی عێراق".

بـەڵام ڕەمـەزان محەممەد ئەمـە بەگرفت نازانـێ و دەڵێـت "ئێمـە لـەم ئاڵوگـۆڕە بازرگانییـە دڵگـران نیـن، چونکـە ئێمـە ئامانجمانـە کوردسـتان ببێتـە ناوەندێکـی بازرگانـی بۆ عێراق، دواجاریـش پارەی ئەم بەرهەمە بۆ هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، بەڵام هەر کاتێ بزانین هاوردەکردنی هێلکەی تورکـی زیان بە بەرهەمی ناوخۆ دەگەیەنێت، ڕایدەگرین یان باجی دەخەینە سەر".

گوتیشی "ژێرخانێکی باشمان لە بەرهەمی هێلکە بۆ کوردسـتان دابینکردووە، بۆیە هەر کاتێک تورکیا سـنووری داخسـت یان نرخی هێلکەی بەرزکردەوە ئێمە دەتوانین لەڕێگەی پرۆژەکانمان پێداویستی ناوخۆ دابین بکەین".

### بازاڕ بە هێلکەی تورکی لەق دەکەین

فەرهـاد عەبدوڵـڵا، نوێنـەری کۆمپانیای خوانـی زێڕیـن بـۆ بەرهەمهێنانـی هێلکە لە هەولێـر دەڵێـت، پرۆژەکەیـان گەورەتریـن پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکەیە لە کوردستان و عێراق کە ئێستا ڕۆژانە توانای بەرهەمهێنانی 300 هەزار هێلکەی هەیە و مانگ بە مانگیش بەرەو هەڵکشان دەچێ.

فەرهاد گوتی "مانگی شـوبات بەرهەممان لـە ڕۆژێکـدا بـۆ 600 هـەزار هـەزار هێلکە بەرزدەبێتـەوە و دەتوانیـن پێداویسـتی هەولێـر دابیـن بکەیـن، مانگـی حوزەیـران بەرهەمـی ڕۆژانەمان دەگاتە ملیۆنێک و 250 هـەزار هێلکـە لەڕۆژێکدا، ئـەوکات دەتوانین پێداویسـتی کوردسـتان بۆ هێلکە بەتەواوی دابیـن بکەیـن، لەکۆتایی سـاڵی داهاتووش پێشبینی دەکەین بەرهەممان بگاتە ملیۆنێک و 800 هـەزار هێلکـە لەڕۆژێکدا کە دەتوانین پێداویستی 70%ی عێراق دابین بکەین".

ناوبـراو گوتیشـی "ئەگـەر هێلکـەی کۆمپانیاکەمـان بکەوێتـە بـازاڕ، هێلکـەی تورکی ئەو خواسـتەی ئێستای لەسەر نابێ، خەڵکیـش بەهـۆی تازەیی ڕوو لـە خواردنی هێلکەی خۆماڵی دەکەن".

کۆمپانیاکـەی فەرهـاد لەگـەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێککەوتووە هەر کاتێک بەرهەمیان گەیشـتە ئاستی پێداویسـتی کوردستان باج بخرێتـە سـەر هێلکـەی تورکی، بـۆ ئەوەی خەڵک بەرهەمی خۆماڵی بخۆن.

عەبدولخالـق عەبدولقـادر، بەڕێوەبـەری سامانی ئاژەڵ لە هەولێر، نهێنی بازاڕگەرمیی فرۆشـتنی هێلکەی تورکی لە هەولێر ئاشکرا دەکات و دەڵێـت "ئـەو هێلکەیـەی کـە لەتورکیـاوە دێت کارتۆنـی 18 کیلۆیە، بۆیە هەر تەبەقێک هێلکەی بە 3 هەزار و 500 دینار دەفرۆشرێت کە نرخێکی هەرزانە، هۆیەکەشی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە بازرگانـەکان لەتورکیـا بەکیلۆ هێلکە دەکـڕن، بەڵام لێرە بەتەبـەق دەیفرۆشـنەوە، نرخەکە بۆیان کەم دەکەوێـت، بەپێچەوانەوە کێشـی کارتۆنێکی هێلکـەی پرۆژەکانی هەولێـر لە نێوان 19 بۆ 35 کیلۆگرامە، بۆیە نرخەکەی زیاتر لەسـەر بازرگانەکان دەکەوێت و نایکڕن".

گوتیشـی "پێویسـتە سـنوورێک بـۆ هاوردەکردنـی هێلکـەی تورکـی دابنرێـت، چونکـە بەهاوردەکردنـی هێلکـەی تورکـی، مانگانـە بڕێکـی زۆر لـەدراوی دۆلار دەچێتە دەرەوە، ئەمەش زیان بە ئابووریی کوردستان دەگەیەنێت".

### بە مەرج هەرزانی دەکەن

ئێسـتا هـاوکاری وەزارەت بـۆ پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە تەنیا بەخشینی کەمێک گازە، بۆیـە ناتوانن پرۆژەکانی ناوخۆ پابەند بکـەن کە نرخ بەرزنەکەنـەوە لەکاتی کەمیی بەرهەمی هێلکەدا.

سەردار ڕەحمان، نوێنەری کۆمپانیای لاژە بۆ بەرهەمهێنانی هێلکە لە سـنووری ناحیەی قوشـتەپەی هەولێر دەڵێت "بەهۆی هەرزانیی هێلکـەی تورکـی ئەوەیـە هێلکـەی خۆماڵی ئـەو نرخە ناکات کە لەبەغـدا دەیکات، بۆیە هێلکەکانمـان هەنـاردەی شـارەکانی عێراق دەکەین".

گوتیشـی "هاوکاریـی حکومـەت بـۆ پرۆژەکانی ئێمە تەنیا بەخشینی هەندێ گازە، ئەویـش بڕێکـی کەمە و چـوار مانگ جارێک پێمانـدەدەن، بۆیە ئەگـەر حکومەت کەمێک دەسـتکراوە بێـت و هاوکاری ئێمـە بکات لە دابینکردنـی ئالیک و کارەبـا و گاز، ئێمەش بەرهەمەکانمـان لەکوردسـتان دەفرۆشـین و پابەندیش دەبین بەو نرخەی کە حکومەت بۆ هێلکە دایدەنێ".

بەڵام ڕەمەزان محەممەد، دەڵێت "پرۆژەکان گـەورەن و پێویسـتیان بەهاوکاریـی ئێمـە نییـە، ئێمە ئەگەر بتوانیـن تەنیا پارێزگاری لـە بەرهەمەکەیان بکەیـن میکانیزمێک بۆ بە بازاڕکردنـی بەرهەمەکانیـان بدۆزینەوە ئەوا گرفتیـان نامێنـێ، بـۆ نرخیش ئێمـە ئەگەر هاوردە سـنووردار بکەین دەتوانین پابەندیان بکەین بە نرخێک کە گونجاو بێت".

## 60%ی خۆماڵییە

# ساڵانە 5 ملیۆن نەمام لە کوردستان دەچێنرێ



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسـانی وەزارەتـی کشـتوکاڵ دەڵێن سـاڵ بەساڵ خواسـت لەسەر کڕین و چاندنـی نەمـام، بـە تایبەتـی نەمامـی باخـداری زۆرتـر دەبێـت و زۆربـەی نەمامەکانیـش لـە نێوخۆی کوردستاندا دابین دەکرێن.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئـاو، خاوەنـی 25 نەمامگەیە کە نەمامـی دارسـتان و باخداری و جوانـکاری بەرهەم دێنن. ئـەم نەمامگانە سـاڵانە توانـای بەرهەمهێنانی نزیکـەی 5 ملیـۆن و 96 هـەزار نەمامیـان هەیە (3 ملیـۆن و 900 هـەزار نەمامی دارسـتان، ملیۆنێک و 21 هـەزار نەمامی باخـداری و 175 هەزار نەمامی جوانکاری) ئەم ژمارەیەش نزیکەی 60%ی پێداویسـتی ساڵانەی کوردستانە بۆ نەمام.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتی ڕەزگەری و دارستان لە هەرێمی کوردستان دەڵێـت، نەمامگـە حکومییـەکان سـاڵانە توانـای بەرهەمهێنانـی نزیکـەی 5 ملیۆن نەمامیان هەیە (20 جۆر نەمامی دارسـتان و 17 جـۆر نەمامـی باخـداری، 10 جـۆر نەمامی جوانکاری). گوتیشـی "لە 5 ساڵی ڕابـردوودا لەڕێگـەی پەرەپێدانـی نەمامگە حکومییـەکان هەنگاوێکی یەکجار باشـمان لەبەرهەمهێنانی نەمـام بەهەموو جۆرەکان بڕیوە، بەڵام هێشتا توانای بەرهەمهێنانی نەمامگەکانمان بەشی ناوخۆ ناکات".

### بازیان یەکەمە

نەمامگـە و باخـی بازیـان کە لەسـاڵی 1971 لەسـەر ڕووبەری 1000 دۆنـم زەوی لـە سـلێمانی دامەزراوە، لـەڕووی بەرهەمهێنانی نەمامی باخـداری یەکێکـە لـە پڕبەرهەمتریـن نەمامگـەکان لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان کـە سـاڵانە 150 تاوەکو 180 هەزار نەمام بەرهەم دەهێنێت.

ئاراس فەرەج قادر، لێپرسـراوی نەمامگە و باخـی بازیان، بۆ بەرهەمهێنانی نەمام بە (ڕووداو)ی گـوت "بەپێـی خواسـت و ئەو بودجەیەی ساڵانە بۆمان دابیندەکرێت، بڕی بەرهەمهێنانمان لەسـاڵێکەوە بۆ سـاڵێکی دیکـە دەگۆڕێـت، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا لـەڕووی بەرهەم یەکەمین لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان، بـۆ نموونە (لە سـاڵی 2012 زیاتر لە 180 هەزار نەمام، لە ساڵی 2013 زیاتر 165 هەزار نەمام و ئەمسـاڵیش 145 هەزار نەمام)مان بەپێی وەرزەکان ئامادەیە بۆ فرۆشتن".

وەک ئـاراس باسـیکرد، بەهۆی کوالێتی و زۆریـی نەمامەکانیان، جوتیاران لەهەموو ناوچەکانـی هەرێمی کوردسـتان لە وەرزی فرۆشـتن بـۆ کڕینـی نەمـام سـەردانیان دەکەن، سـاڵانەش 15 بـۆ 20 هەزار نەمام بـۆ پارێـزگای هەولێـر دەنێـرن، لەڕێگەی فرۆشـتنی نەمامەکانیش ساڵانە زیاتر 100 ملیـۆن دینـار داهـات ڕەوانـەی خەزێنەی دەوڵەت دەکەن.

ئـاراس فەرەج باسـی گرفتی سـەرەکی نەمامگەکەی کـرد و گوتی گرفتیان کەمیی میلاکە، لەوانەش پاسەوان و کرێکار، چونکە بەهۆی گەورەیی نەمامگەکەیان پێویستیان بە 60 کرێکار هەیە، بەڵام ئێسـتا تەنیا 25 کرێکاریان هەیە.

### چاندنی نەمام بووەتە کەلتوور

حسـێن حەمەکەریم دەڵێت ماوەی چەند سـاڵانە خواسـتێکی زۆر لەسـەر کڕیـن و چاندنی نەمام بەگشـتی و نەمامی باخداری بەتایبـەت لەلایـەن خەڵک هەیـە و بووەتە کەلتوور. گوتیشـی "هەرچەندە ساڵ بەساڵ ئاسـتی بەرهەمی نەمامگەکانمان بەتایبەت بۆ نەمامـی باخداری لەزیاد بووندایە، بەڵام لەگەڵ ئەو خواستە زۆرەی خەڵک بۆ نەمامی باخداری یەکناگرێتەوە بۆیە لەوانەیە تا 10 ساڵی دیکەش نەتوانین تەواوی پێداویستی ناوخۆ لەنەمامی باخداری و جوانکاری دابین بکەین".

قاسـم میـزرا، کـە جوتیـاری گونـدی هۆمەڕاخـی سـەر بەناحیـەی چوارتـای پارێزگای سـلێمانییە لەکاتـی ئامادەکردنی ئـەم ڕاپۆرتـە بـۆ کڕینـی نەمـام هاتبووە نەمامگـەی بازیان. قاسـم لەبـارەی نرخ و کوالێتـی نەمامەکانـی نەمامگـەی بازیان، گوتـی "کوالێتـی نەمامەکانیان زۆر باشـە و نرخەکانیـش بەبـەراورد بەنرخـی بـازاڕ زۆر هـەرزانـە، بـۆ نمونە نەمامـی مێوم بە 500 دینـار لـەو نەمامگەیە کڕیـوە، بەڵام لـە دەرەوە بـە 30 هەزار دینـارە، نەمامی هەنـارم بـە 750 کڕیـوە لـە دەرەوە بە 3 هەزار دینارە".

قاسـم خوازیـارە وەزارەتـی کشـتوکاڵ نەمامگـەی بچووک لە ناوچـە جیاوازەکاندا بەگوێـری پێویسـتیان بکاتـەوە تاوەکـو جوتیـاران بتوانـن لەڕێگەیـەوە پێداویسـتییەکان دابیـن بکـەن، گوتیشـی "لەزۆربـەی ناوچـەکان بنکەی کشـتوکاڵی هەیە ئەندازیاری کشـتوکاڵ باشـیان هەیە، بۆیـە ئەگەر وەزارەتی کشـتوکاڵ بەرنامەی هەبێـت کردنـەوەی نەمامگـە لـەو بنکـە کشتوکاڵیانە کارێکی قورس نابێت".

حسـێن حەمەکەریـم دەڵێـت ئامانجـی ئەوان لەچاندن و دابەشکردنی نەمام بەسەر جوتیارانـدا بـۆ قازانج نییە، بۆیـە تاوەکو بۆیـان بکرێت هەوڵیانـداوە نرخەکان نرخی ڕەمـزی بـن، بەڵام یـەک و دوو سـاڵە بۆ ئـەوەی جوتیاران بەقەد پێویسـتی خۆیان نەمـام ببـەن و بازرگانـی پێوەنەکرێـت کەمێـک نرخیـان بەرزکردووەتەوە، ئێسـتا بەشـێوەیەکی گشـتی نەمامـی داراسـتان بەنرخـی 70% و بـۆ نەمامـی باخداریش بەنرخـی 55% کەمتر لە نرخی بازاڕ دەدەنە جوتیاران دەفرۆشین.

### لەهەولێر گرفتی دابینکردنی بودجە هەیە

لوقمان مسـتەفا، بەڕێوەبـەری باخداری هەولێر و لێپرسـراوی نەمامگەکانی هەولێر دەڵێـت هەرچەنـدە نەمامگـە و ئەندازیـار و کارمەنـدی زۆر بەتوانایـان هەیـە، بەڵام بەهـۆی کەمـی بودجـە و دابیننەکردنـی لەکاتـی خۆی ماوەی چەند سـاڵێکە وەک پێویسـت ناتوانن خواسـت و پێداویسـتی جوتیارانـی هەولێـر لـە دابینکردنی نەمام دابین بکەن.

لوقمان گوتی"سەرەرای ئەوەی لە هەولێر خواسـتێکی زۆر لەسـەر نەمام بەگشتی و نەمامـی باخـداری بەتایبەت هەیـە، بەڵام ئەمساڵ وەزارەتی دارایی بەبیانوی قەیرانی دارایـی هیـچ بـڕە پارەییەکـی بـۆ کڕینی پێداویسـتییەکان و بەکـرێ گرتنی کرێکار بـۆ نەمامگەکانی هەولێر دابین نەکرد، بۆیە بەناچـاری ئەندازیـاران و فەرمانبەرانمـان ڕاسـپارد کاری کرێـکاری بکەن بۆ چاندنی هەندێ نەمام، بۆیە ئەمسـاڵ نەمامگەکانی هەولێر وەک پێویست نەمامیان نییە".

حسـێن حەمەکەریم دەڵێت ئەو قەیرانە داراییـە زۆر کاریگـەری نەکردووەتە سـەر بەرهەمهێنانـی نەمام و دەڵێت "سـەرەڕای ئەو قەیرانە داراییە، بەڵام ئێسـتا 2 ملیۆن و 320 هەزار نەمامی دارسـتان و ملیۆنێک نەمامی باخداری و بە سەتان هەزار نەمامی جوانـکاری ئامادەیـە بـۆ فرۆشـتن، بۆیە دەتوانیـن بڵێین سـاڵانە زیاتر لە 5 ملیۆن نەمام لە کوردستان دەچێندرێت".

## لە جەلەولا تالآنییە

### پێشمەرگە 144 شەهیدی بۆ داوە

# شیعەکان بە 17 قوربانییەوە کۆنترۆڵی جەلەولایان کردووە



**ئەوزاد مەحموود و بەهرۆز فەرەیدوون**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی ئەو ڕێوشوێنە توندەی کە چوونە ناو شارۆچکەی جەلەولای قورس و مەرجدار کردووە، لە یەکێک لە بازگەکان، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی، نووسراوێکی ڕێگەپێدان دەداتە تیمی (ڕووداو) بۆ ئەوەی بتوانن بچنە نێو شارۆچکەکە.

عەدنانی حەمەی مینە، یەکێک لە سەرکردەکانی یەکێتی لە میحوەری گەرمەسێر ئاگادارمان دەکاتەوە کە شوێنێک نەماوە لەناو جەلەولا داعش بۆمبڕێژی نەکردبێ. بۆ پاراستنی تیمەکەی (ڕووداو) تاوەکو ڕووبەڕووی مەترسی نەبنەوە، 3 پێشمەرگە یاوەریمان دەکەن. لەناکاو ئۆتۆمبیلێک دەگاتە بازگەکە کە بەقسەی پێشمەرگەکان بەرپرسێکی سەربازیی سوپای پاسدارانی ئێرانی تێدایە. یەکێک لەو پێشمەرگانە دەڵێ "پیاو نییە بیانوەستێنێ". ئەو پێشمەرگەیە ڕووی لە ئێمە کرد و گوتی "قسەی ڕاست خۆشە، کەس ناتوانێ ئەوانە بوەستێنێ".

### خوێنی 144 پێشمەرگە

ئەو شەوەی تەرمی مولازمێکی پێشمەرگە بەناوی بەهرۆز جەعفەر هێنرایەوە سلێمانی، هاوسەرەکەی ژانی منداڵبوون گرتبووی. لە پرسەی کوڕەکەیدا دایکی بەهرۆز کە فرمێسکی دەڕشت، داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد "جەلەولا نەداتەوە دەستی کەس، جەلەولا خوێنی کوڕەکەمی تێدا ڕژاوە، توخوا با نەیداتەوە کەس و بۆ کەسی جێنەهێڵێ".

بەڵام ئەوەی ئێستا لەناو جەلەولا دەبینرێ، تەراتێنی چەکدارانی میلیشیا شیعەکانە بە ئاڵاکانیانەوە.

لە جەلەولا، کۆڵان و شەقام و گوزەرەکان کشوماتن. جگە لە ژمارەیەک پێشمەرگە و ئەو چەکدارانەی بە جلوبەرگی جیاوازەوە پەڕۆی سەوز و ڕەشیان لە نێوچەوان بەستووە کە وشەی وەک (یا عەلی)، (یا حوسێن) و (زەینەب)ی لەسەر نووسراوە، کەس نابینی.

میلیشیاکان وەک مەرجەعە ئاینی و سیاسییەکانیان فرەچەشنن: سەدر، بەدر و خوراسانی و....

ئەحمەد لەتیف، یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگە لەو میحوەرە، دەڵێ لە شەڕی "ئازادکردن"ی جەلەولادا 144 پێشمەرگە شەهید بوون و 387یش بریندار بوون "بەڵام شیعەکان تەنیا 17 کەسیان لێکوژراوە، کەچی شارەکەیان بە ئاڵاکانی خۆیان داپۆشیوە".

### "هەموو شتە باشەکانیان برد"

جەلەولا ئێستا شارێکی بێ حاکمە، دەرگا و دەرابەی دووکانەکان شکێنراون، لەنێو هەندێک لە دووکانەکاندا چەکداری میلیشیاکان دەبینی خەریکی پڕکردنی جانتا و گونیە و عەلاگەن، پێڵاو و جلوبەرگ و کەرەستە و کەلوپەلی دووکانەکان فڕێدراونەتە دەرەوە و لەسەر شەقامەکە بڵاوبوونەتەوە.

کوردێک لەنێو جەلەولا دەڵێ "میلیشیاکان هەموو شتە باشەکان بۆ خۆیان دەبەن". ئەبو عەلی کە بەرپرسێکی میلیشیاکانی شیعەیە و ئامێرێکی بێ تەلی بەدەستەوەیە، بە تووڕەیی لەو گەنجە کوردە نزیک دەبێتەوە و دەڵێ "گوێم لێبوو باسی میلیشیات کرد، میلیشیا دووکانەکان دەپارێزێ". گەنجەکە دەترسێ و لەقسەکەی پەشیمان دەبێتەوە "باسی ئێستا ناکەم".

لەوکاتەی ئەبوعەلی خۆی تووڕە دەکات، لە کۆڵانی پشتەوە چەکدارەکانی خەریکی کۆکردنەوەی تاڵانین. بەڵام لەو دۆخەدا پێشمەرگە و چەکدارە شیعەکان کە زۆر بێزار لەیەکتر دەردەکەون، بێدەنگییەکی کاتی و ناچاری بەرامبەر یەکدی پێڕەو دەکەن.

ئەحمەد لەتیف، فەرماندەکەی هێزی پێشمەرگە لەو سنوورە، باسی تاڵانی دەکات و دەڵێ "شیعەکان و پێشمەرگە و خەڵکی دیکەش تاڵانی دەکەن، بەڵگەمان لایە خەڵکانێک بە مەبەست تاڵانی دەکەن بۆ ئەوەی پێشمەرگە ناشیرین بکەن". گوتیشی "بێگومان لەنێو تاڵانیکەرەکاندا پێشمەرگەش هەیە، ئێمە لە ناوچەی شارەزوورەوە کەلوپەلی تاڵانکراومان هێناوەتەوە".

### "شیعەکان هێزی زیاتر دێنن"

بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی دەڵێ، کاتێک سەیری دۆخی سەعدیە دەکەیت، وادەزانی هیچ لە جەلەولا ڕووی نەداوە "لە سەعدیە تاڵانی و تەقاندنەوەی ماڵی خەڵک و سووتاندنی شوێنەکان، هیچی بەپێوە نەهێشتووە".

شێخ جەعفەر مستەفا، بەرپرسی لقی پارتی لە خانەقین دەڵێت ئێستا شیعەکان هێزی زیاتریان هێناوە بۆ نێو جەلەولا. ئەو باسی "سریەی خوراسانی" دەکات و دەڵێ "کەسێک بەناوی سەید عەلی سەرپەرشتییان دەکات، دڵنیا نیم ئێرانییە یان عێراقی، بەڵام دەزانم خوراسانی پەیوەستن بە ڕابەری ئێرانەوە و لێرە نزیکەی 300 کەس دەبن".

ڕۆژی 2014/8/10 هێزی پێشمەرگە لە جەلەولا پاشەکشەی کرد و داعش بەتەواوی کۆنترۆڵی کرد. لەوکاتەوە بەردەوام چەکدارانی داعش بۆمبڕێژی دەکەن. ڕۆژی 2014/11/23 پێشمەرگە هێرشی بۆ سەر جەلەولا دەستپێکرد و دوای زیاتر لە 15 کاژێر شەڕکردن، کۆنترۆڵی کردەوە.

بەرپرسەکەی پارتی لە خانەقین دەڵێ "تاڵانییەکی زۆر هەیە، شیعەکان دەست لە هیچ ناپارێزن و تاڵانی دەکەن، ئەوان وەک غەنیمەی جەنگ سەیری ئەم شارە دەکەن".

### "حکومەت 4 ئۆتۆمبیلی ڕزگار کرد"

دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام کە زۆربەی شار و شارۆچکەکان ئاهەنگیان دەگێڕا، دانیشتووانی کورد لێرە نەیانتوانی بحەسێنەوە. چونکە نێو باخە خورما و پرتەقاڵە چڕەکان بوونە مۆڵگەی لایەنگرانی بەعس و گرووپە توندڕەوەکان. ئەو گرووپانەی دەیانگوت دژ بە ڕژێمی نوێن، بەڵام هەمیشە کوردیان دەکردە ئامانج، بەو هۆیەشەوە زۆربەی خێزانە کوردەکان ئاوارە بوون.

ژمارەی دانیشتووانی جەلەولا 80 هەزار کەسە، بەڵام ئێستا یەک ماڵیش لەو شارۆچکەیەدا نەماوە. بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا نازانێ قەبارەی کاولکارییەکانی جەلەولا چۆن بخەمڵێنێ "تا نەگەڕێینەوە و لیژنەی بۆ دروستنەکەین نازانین چەندە".

ئەنوەر حوسێن چەند جارێک گەڕاوەتەوە بۆ جەلەولا، بەڵام بەڕێوەبەری ناحیەیەک کە نە خەڵکی ماوە و نە شار "80%ی ماڵ و شوێنەکان وێران بوون و تاڵانکراون، دامودەزگاکانی حکومەت هەمووی تاڵانکراون و تەقێنراونەتەوە، ئۆتۆمبیلی فەرمانگە حکومییەکان هەمووی براون و تاڵانکراون، مەلەف و فایل و بەڵگەنامەکانی حکومەت هەمووی سووتێنراون، ئالیات و ئامێر و کەرەستەکان هیچیان نەماون". وەک ئەو باسیکرد "حکومەت و خەڵکیش دەبێ لە سفرەوە دەستپێبکەنەوە".

بۆچی حکومەت بەوە ڕانەگەیشت کە هیچ نەبێ فایلی نێو فەرمانگەکانی دەرباز بکات؟ بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا باسی ئەو ڕۆژانە دەکات کە جەلەولایان جێهێشتووە و دەڵێ تاوەکو چەند کاژێرێک پێش هەڵاتنیان، پێشمەرگە لەوێ بوون "هەرگیز بڕوام نەدەکرد پێشمەرگە پاشەکشە بکات، داعش 300 مەتر دوور بوون لە بینای ناحیە و 2 مانگ دەوامم بەو شێوەیە کرد، چونکە بڕوامان وابوو پێشمەرگە ناشکێ". گوتیشی "تەنیا خەفەرەکانی ئاگرکوژێنەوە 4 ئۆتۆمبێلیان لەگەڵ خۆیان برد بووە گەرمیان. هەر ئەوەندە و تەواو".

---

## لە کەرکووک

# زەوییەکانی 50 پرۆژەی حکومەت داگیر دەکرێن



**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆکی شارەوانی کەرکووک هۆشداری دەدات کە ئەگەر هەڵمەتی ڕەمەکییانەی خەڵک بە پشتیوانی دەستڕۆیشتووان ڕانەگیرێ بۆ سەر زەوییەکانی حکومەت، حکومەت هیچ پارچە زەوییەکی لەو شارە بەدەستەوە نامێنێ "هەر کەس زێدەڕۆیی دەکات، پشتێکی بەهێز شک دەبەن، بۆیە تاوەکو ئێستا هەر بەردەوامە".

بەڵام بەرپرسانی پارتی و یەکێتی ڕەتیدەکەنەوە کە بوونە پشتی کەس بۆ داگیرکردنی زەوی.

عەبدولکەریم حەسەن، سەرۆکی شارەوانی کەرکووک، باسی داگیرکردنی زەوییەکانی شارەوانی و کشتوکاڵ دەکات لەلایەن خەڵکەوە و بە "مەترسییەکی گەورە"ی دەزانێ لە بەردەم پرۆژەکانی حکومەتدا "کۆمەڵێک بازرگانیش هاتوونەتە نێو مەسەلەکەوە، بە پشتیوانی حیزبەکان یان پشتی بەهێز زەوی دەفرۆشن بەخەڵک بەبێ ئەوەی زەویی خۆیان بێت".

سەرۆکی شارەوانی هەروەها دەڵێت، هەندێک لەو زەوییانە دەفرۆشرێنەوە لەلایەن خەڵکەوە "ئەوانە زەویی حکومەتن، هەندێکیان زەوی پرۆژەن و حکومەت دەیەوێ پرۆژەی خزمەتگوزاری لەسەر بکات".

هەرچەندە نرخی زەوی لە کەرکووک بەراورد بە سلێمانی و هەولێر و دهۆک گران نییە، بەڵام ئەوە نەبووەتە هۆی ئەوەی خەڵک چاوی تێنەبڕن. ئەو شارەی لە 1975ەوە بەردەوام بارە دیمۆگرافیەکەی دەگۆڕێ و تەنانەت پێکهاتە و قەبارەی نەتەوەکانیش تێیدا وەک خۆیان نەماونەتەوە، ئەمڕۆ خەڵک خۆیان ڕۆڵ دەبینن لە شێواندنی نەخشەکانیدا. دابەشکردنی زەوی و بونیادنانی نیشتەجێبوونی ڕەمەکییانە، بەبێ ئەوەی پرس بە حکومەت بکرێت.

سەرۆکی شارەوانی کەرکووک دەڵێ هەرچەندە بەردەوامن لە ڕووخاندنی خانووی بە زێدەڕۆیی دروستکراو، بەڵام زێدەڕۆیی بۆ سەر زەوییەکانی شارەکە بەردەوامە و تیمەکانیشیان بە هاوکاری هێزێکی پێکهێنراو لە ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە ڕووبەڕوویان دەبنەوە "هەموو هەفتەیەک 10 خانوو دەڕووخێنین". بەڵام هێشتا ئەوە بەس نییە بۆ ڕاگرتنی زێدەڕۆکاران "بەداخەوە ئەم شارە بووەتە شوێنی خۆ دەوڵەمەندکردنی هەندێک کەس کە دەیانەوێ بەفرۆشتنی زەویی حکومەت پارە پەیدا بکەن".

گوتیشی "هێزەکەی ئێمە فریای ڕاگرتنیان ناکەوێ، لە دیوار دەنووسین زێدەڕۆییە و دەبێ بڕووخێنرێ، کەچی جاری وا هەیە وەزیرێک لە بەغداوە تەلەفۆن دەکات و گلەیی دەکات کە بۆچی خانووی خەڵکمان ڕووخاندووە".

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، چیرۆکەکانی دەستکاریکردنی نەخشەی شارەکە بەشێوەیەکی دیکە بوون. هاتنی بە لێشاوی عەرەبی هاوردە و مانەوەیان و نیشتەجێبوونیان بەناوی لێقەوماوانی بارودۆخی ناهەمواری ئەمنی لە شارەکانی دیکەی عێراق.

لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکووک، پێیوایە ئەو هێزە پشتیوانییەی پێکیانهێناوە بۆ پشتگیریی تیمەکانی شارەوانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆکاران، سەرکەوتوو بوونە لەکارەکانیان و دەڵێ "کۆنترۆڵ کراون".

ئەو دەڵێ کە پارێزگار سەرپەرشتی ئەو پرۆسەیە دەکات "ئەوەی پێمان بکرێت بۆ پشتیوانی تیمەکانی شارەوانی دەیکەین".

بەڵام بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک (یەکێتی) ڕەتیدەکاتەوە بەرپرسی حیزبی و ئەمنی لە کەرکووک لە پشت ئەوانەوە بن کە زەوی داگیر دەکەن "ڕەنگە چەکداری حیزبەکان، یان کەسانێک خۆیان بە حیزبەکانەوە هەڵواسیبێت و چەکیان پێبێت ئەو کارانە بکەن. ئێمەش دەزانین بەو شێوەیە بەردەوام بێت زەوی لە کەرکووک نامێنێ". هەڵکەوت عەبدوڵڵا، گوتیشی "ئێمە وەک ئاسایش بەردەوام هێزمان ناردووە بۆ ڕووخاندنی ئەو خانووانە".

عەبدولکەریم حەسەن، سەرۆکی شارەوانی کەرکووک گوتیشی "زۆر بەداخەوە تاوەکو ئێستا زەوی 50 پرۆژەی حکومەت لەلایەن خەڵکەوە فرۆشراون، لەکاتێکدا بەشێک لەو زەوییانە حکومەت خەریکی مامەڵە بووە بۆیان بۆ ئەوەی بکرێنە پرۆژەی وەک قوتابخانە و نەخۆشخانە و پارک و بینای حکومی، کەچی تاوەکو مامەڵەکەی تەواو بووە، فرۆشراون لەلایەن خەڵکەوە".

محەممەد کەمال، بەرپرسی لقی سێی پارتی لە کەرکووک داوا لە پارێزگار و سەرۆکی شارەوانی کەرکووک دەکات بە توندی ڕووبەڕووی سەرپێچیکاران ببنەوە و پێشیوایە "خۆیان لێپرسینەوە ناکەن". ناوبراو دەڵێ پارێزگار دەبێ بجوڵێت و ئەوانەی دەستیان هەیە لەو کارانەدا بیانداتە دادگا "چاوەڕوانی چی دەکات و بۆ لێپرسینەوە ناکات؟".

محەممەد کەمال ڕەتیکردەوە هیچ بەرپرسێکی پارتی لەپشت ئەوانەوە بووبێت کە زەوی دەفرۆشن "تەنیا کادرێکمان دەستی هەبوو لای خۆمانەوە سزامان دا و دەرمانکرد لە ڕیزی حیزب".

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرکووک، دەڵێت هەر کادرێکیان تێوەگلابێ سزای دەدەن. گوتیشی زۆرجار هێزی پێشمەرگەی مەڵبەندەکەیان دەنێرن بۆ ئەوەی پشتیوانی تیمەکانی شارەوانی بکەن. ڕەوەند مەلا مەحموود، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت "لە کەرکووک 11 ساڵە زەوی دابەشنەکراوە، زیاتر ئەوە وایکردووە خەڵک بەو شێوەیە بکەونە زەوی داگیرکردن".

# پێشمەرگەیەکی کەنەدی یەکەم ئەزموونی شەڕکردنی لە کوردستان دەگێڕێتەوە



**کامپێڵ ماکدیارمید**
**ڕووداو- هەولێر**

"یەکەم ڕۆژی بەشداربوونم لە شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامیدا گرنگترین ڕۆژی ژیانمە" ئەمە قسەی سەربازێکی پێشووی سوپای کەنەدایە کە ئێستا لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا شەڕ لەدژی داعش دەکات.

دیلۆن هیلیەر، 26 ساڵ، خەڵکی شارۆچکەیەکی بچووکی کەناری شاری ئۆتاوای پایتەختە. ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو کەنەدای بەرەو هەرێمی کوردستان بەجێهێشت.

"ڕێگەیەکی ڕاستم هەڵبژاردووە". ئەو گەنجە کەنەدییە دەڵێت "من بە پارەی گیرفانی خۆم هاتووم بۆ ئێرە و 3500 دۆلارم خەرجکردووە".

پێش هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان، لە ڕێی ئینتەرنێتەوە پەیوەندی دروستکردبوو. لەگەڵ نیشتنەوەی فڕۆکەکەی لە فڕۆکەخانەی سلێمانی، ئەوانەی کە پێشتر پەیوەندی لەگەڵ دروستکردبوون لە چاوەڕوانیدا بوون. 10 ڕۆژ دوای گەیشتنی بە هەرێمی کوردستان لە یەکەم شەڕی دژی داعشدا بەشداری کرد.

سەرلەبەیانی ڕۆژی 2014/11/26 داعش لە گوندی تەللوەرد هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و گوندەکەی داگیرکرد. لە شەڕەکەدا داعش کە هامڤی گوللەنەبڕ و چەکی پێشکەوتووی بەکاردەهێنا، نزیکەی 20 پێشمەرگەی شەهید کردن و 5 پێشمەرگەش دیارنەمان، پێدەچێت دەستبەسەر کرابن.

ئەو گوندە کە دەکەوێتە 20 کیلۆمەتری ڕۆژئاوای کەرکووکەوە، شوێنێکی بەناوبانگە و شوێنی حەوانەوەی عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەدام حوسێن بووە کە بە عەلی کیمیاوی ناسرابوو.

گوندەکە گردۆڵکەیەکی گرنگی تێدایە کە دەڕوانێتە سەر ناوچەکانی دەوروبەری. هەموو ناوچەکانی دەوروبەری گردەکە تەختن. مولازم عەلی محەممەد لە هێزی 103ی پێشمەرگە باس لە گرنگیی گوندەکە و ئەو گردۆڵکەیە دەکات "هەموو ناوچەکە وەکو یەکە، تەقریبەن تەختە، تەنیا ئەو گردە نەبێت کە بەسەر پاڵاوگەیەکی نەوت و بەنزینخانەیەک و وێستگەیەکی کارەبادا دەڕوانێت. هەموو ئەوانەش لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدان".

مولازم عەلی دەڵێت گردەکە هەروەها دەڕوانێتە سەر بازگەی مەکتەب خالید و سەر ئەو ڕێگەیەی کە بەسەر ڕووباری دیجلەدا کەرکووک و مووسڵ و تکریت پێکەوە دەبەستێتەوە. ڕێگاکە گرنگە بۆ ئەوەی کە عەرەبەکانی باشوور بتوانن شتومەکی کەرکووکیان بەدەست بگات.

لەبەرئەوەی گرتنەوەی گردەکە یەکێک بوو لە ئەولەویاتەکانی هێزەکانی پێشمەرگە، هەر پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی گردەکەی تێدا گیرا، یەکەکەی دیلۆن ئامادەکرا بۆ ئەوەی گردەکە بگرنەوە.

ئامادەکاری بۆ شەڕەکە هەروەکو ئەو ئامادەکارییە بوو کە دیلۆن لە سوپای کەنەدا مەشقی لەسەر کردبوو. ئامادەکارییەکەی وەکو ئەوەی سوپای کەنەدا لە 15 هەنگاو پێکهات. یەکەکەی دیلۆن چەکەکانیان پاککردەوە و تاقییانکردنەوە، ئامێرەکانیان تاقیکردەوە و فەرمانی جەنگیان وەرگرت.

کاژێر 3ی پاش نیوەڕۆ یەکەکەی دیلۆن لە پردی نێوان هەردوولا پەڕینەوە و شەڕ دەستپێکرد. پێشمەرگەکان بۆ چەند سەد مەترێک لە تەختایی ناوچەکە دەبوو بەرەوپێش بڕۆن و فیشەکی دوژمن بەسەریاندا دەباری. ئەو چەند سەد مەترە وا هەستت دەکرد کە لە کیلۆمەترێک زیاتر بێت.

بە خێرایی بە گوندەکەدا تێپەڕین و بەرەو گردەکە سەرکەوتن "ئەوەی کە هەستم پێکرد و جیاواز بوو، ئەوە بوو کە یەکەکەی من ماڵ بە ماڵی گوندەکە نەگەڕان بۆئەوەی پاکی بکەنەوە، ئەگەر سوپای کەنەدا بووایە یەکەم شت ئەوەیان دەکرد". دیلۆن دەڵێت "بەڵام هەموو خانووەکان بۆمبڕێژکرابوون و داعشیش لە شوێنێکی بەرزتر لە گوندەکەوە شەڕی دەکرد".

کاتێک کە دیلۆن لە بەرەکانی شەڕدا نەبوو، کێشەی نەزانینی کوردی بۆ دەهاتە پێش، بەڵام لە بەرەکانی شەڕدا دیلۆن ئەو کێشەیەی نەبوو، چونکە مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگە وەکو ئەو مەشقە بوو کە دیلۆن کردبوونی "زۆری پێنەچوو، لە ماوەی یەک کاژێردا شوێنەکانمان گرتنەوە".

دیلۆن وا دەڵێت. لەسەر گردەکە یەکێک لە هاوڕێکانی دیلۆن بریندار دەبێت. دیلۆن هاوڕێکەی ڕادەکێشێتە خوارەوە و برینەکەی بۆ دەپێچێت. ئەو کامێرایەی کە لەسەر سینگی دیلۆن بەستراوە تەواوی دیمەنەکە دەگرێت.

بە درێژایی ئەو شەوە، چەندین هێرشی داعش تێکشکێنران و هێزی ئاسمانیی ئەمریکاش هەندێک لە شوێنەکانی پشتەوەی داعشی بۆمباران کرد "گوێت لە دەنگی فڕۆکەکان دەبوو، ئینجا ئەوەندەت دەزانی یەک دەنگی زۆر بەهێز ناڵەی دەکرد و بۆمبەکان ئاسمانی ناوچەکەیان بە تەواوەتی ڕووناک دەکردەوە".

ئەو شەوە هەرچەندە دیلۆن پێڵاو و گوللەنەبڕەکەی لەبەر دانەکەند، بەڵام هێشتا هەر توانی سەرخەوێک بشکێنێ، تاوەکو سەرلەبەیانی زوو هێزێکی دیکە هاتە ناوچەکە بۆ ئەوەی شوێنی یەکەکەی دیلۆن بگرێتەوە.

یەکێک لەو وێنانەی کە دیلۆن لەسەر گردەکەوە گرتوویەتی، یەکێک لە بۆریە نەوتەکان پیشان دەدات کە گڕی تێبەربووە. ئەو بۆریە نەوتییە بۆ ماوەی 48 کاژێر سووتا.

ئێستا دیلۆن لە هێڵی پشتەوە پشوو دەدات، بەڵام دەڵێت چاوەڕێی ئەو کاتەیە کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ.

کەنەدییەکان گرنگییەکی زۆر بە چیرۆکەکەی دیلۆن دەدەن و لە میدیا کەنەدییەکاندا سەرنجی زۆری بۆ خۆی ڕاکێشاوە.

باوکی دیلۆن ئەندامی پەرلەمانی پارێزگای ئۆنتاریۆیە و دایکیشی لە ڕۆژی 2014/11/21 بە میدیاکارانی ڕاگەیاند کە "وشەیەک نییە بتوانێت شانازی ئێمە بە ئێستا و ڕابردووی کوڕەکەمان لە سوپای کەنەدا وەسف بکات". دایکی هەروەها گوتی "دیلۆن هەموو کاتێک داکۆکی لەو ئازادیە کردووە کە هەموومان لێرە لە کەنەدا پێی خۆشحاڵین".



## گرووپێک ئەمریکی و کەنەدی بۆ پێشمەرگە دەنێرن

گرووپێک بە ناوی First North American Expeditionary Force دامەزراوە بۆ ئەوەی هاوکاریی ئەو کەسانە بکات کە دەیانەوێت وەکو خۆبەخش بچنە کوردستان. گرووپەکە تاوەکو ئێستا داواکاریی زۆری ئاراستە کراوە.

ئایان برادبێری، کە پێشتر سەربازی کەنەدا بووە، دەڵێت گرووپەکەیان بە وردی لەو کەسانە دەڕوانن کە دەیانەوێت وەکو خۆبەخش بچنە کوردستان بۆ ئەوەی لە مەبەست و ئامانجیان دڵنیا بینەوە و هەروەها لەوە دڵنیابینەوە کە ئەو کەسانەی دەیانەوێت بچنە کوردستان سوودیان بۆ هێزی پێشمەرگە دەبێت "دەبێ دڵنیا بین لەوەی ئەو کەسانە ڕابردوویەکی پاکیان هەیە" برادبێری وا دەڵێت.

ئەو هەروەها دەڵێت کە گرووپەکەی لە نزیکەوە کار لەگەڵ پێشمەرگە دەکات و بەمزووانە ژمارەیەکی بەرچاو شەڕڤان لە باکووری ئەمریکاوە بۆ کوردستان دەنێرێت.

"خەمی ئەو تاوانانەمان بوو کە داعش لەو ناوچەیەدا دەیانکات" ئەو دەڵێت. ئێمە بە پێچەوانەی بۆچوونی حکومەتی کەنەدا و حکومەتی ئەمریکاوە "پێمانوایە ئەو شەڕە پێویستی بە سەربازە لەسەر گۆڕەپانی شەڕ".

# جەنگاوەرانی ئێزدی دەبنە پێشمەرگە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- چیای شنگال**

ڕەوشی چیاکە بە بەراورد لەگەڵ دوو مانگ لەمەوبەر بە تەواوی گۆڕاوە، پارسەنگی هێز و جەماوەر کە پێشتر بەلای پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکینەکانی پاراستنی گەلدا بوو، ئەمجارەیان بەلای پێشمەرگەدا شکابووەوە.

دوو مانگ لەمەوبەر بەڕێی ڕۆژئاوای کوردستاندا چوونە سەر چیای شنگال، زۆربەی ئەوانەی لەسەر چیاکە بوون بە بیستنی ناوی پێشمەرگە قەڵس دەبوون، بەڵام ئەمجارە دانیشتووانی سەر چیا زوو زوو چەکەکانیان بەرز دەکردەوە و هاواریان دەکرد "ئێمە کوردین، ئێمە پێشمەرگەین، ئێمە پارتین".

سەنتەری چیاکە کە پێیدەگوترێ عامودێ، چوار بورجی پەیوەندیکردنی لێ دانراوە، لەسەر دووانیان ئاڵای کوردستان و لەسەر دووەکەی دیکەش ئاڵای YPG هەڵدراوە، وەک ئەوەی چیاکە بەسەر هەردوولادا بە یەکسانی دابەش کرابێت.

لە سەردانی پێشووماندا بۆ چیای شنگال، پێشمەرگەکان دەیانگوت زۆر ئاگاداری خۆتان بن چەکدارانی YPG شەڕتان پێنەفرۆشن، چونکە ئەوکات ئەو هێزە لەوێ باڵادەست بوو. دەمی هەر جەنگاوەرێکی ئێزدی و ئاوارەیەکی سەر چیاکەت دەکردەوە گلەیی لە هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە دەکرد. کاتێک لە جەنگاوەرانی ئێزدیم دەپرسی ئێوە کێن و سەر بە کێن؟ هەموویان دەیانگوت "ئێمە ئێزیدین و بەرگری لە ئاین و نامووس و خاکی خۆمان دەکەین".

ئەمجارەیان شەش ڕۆژ لەسەر چیاکە ماینەوە، ڕەوشی سەر چیا بەراورد بە دوو مانگ لەمەوبەر بە تەواوی گۆڕاوە، پێشتر بە پیادە و زەحمەتییەکی زۆر لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە گەیشتینە سەر چیاکە، بەڵام ئەمجارە هەر لە زاخۆوە بە فڕۆکەیەکی سەربازی چووینە سەر چیای شنگال.

سێ فڕۆکەی سەربازیی سوپای عێراق لە فڕۆکەخانەیەکی بچووک لە نزیک زاخۆ دانراون، ئەو فڕۆکانە لە کاتی پێویستدا چەک و خۆراک بۆ ئەو پێشمەرگە و ئاوارانە دەگوازنەوە کە تاوەکو ئێستا لەسەر چیاکە ماون.



ڕۆژی 2014/8/3 چەکدارانی داعش پەلاماری شارۆچکەی شنگالیان دا و داگیریان کرد، زۆربەی دانیشتووانی شارۆچکەکە لە ترسان ئاوارە بوون بۆ سەر چیای شنگال لە پشتی شارۆچکەکە. ئەوان بۆ ماوەی 6 ڕۆژ بێ ئاو و بێ نان لەسەر چیاکە مانەوە، ژمارەیەکیان لەبرسان مردن، پاشان ڕێگەیەکی دەربازبوون کرایەوە و زۆربەی ئاوارەکانی سەر چیاکە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە ڕزگارکران و لە ناوچەی شاریە لە نزیک دهۆک جێگیرکران.

بەڵام ژمارەیەک لەو ئاوارانە هێشتا لەوێ ماون، هەروەها ئەو ئێزدیانەی بڕیاریان دا بەرگری بکەن لەوێ مانەوە. ئێستا نزیکەی 8500 کەس لەسەر چیاکە ماون.

## جەنگاوەران بوونە پێشمەرگە

ئەمجارە "جەنگاوەران"ی سەر چیا هێمن و لەسەرخۆ دەردەکەوتن، بە بیستنی ناوی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان خۆشحاڵ دەبوون.

قاسم شەشۆ، فەرماندەیەکی باڵای جەنگاوەرانی ئێزدی کە سەرپەرشتی هێزێکی هەزار کەسی دەکات، دوو مانگ لەمەوبەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لەسەر چیای شنگالەوە گوتی "من پێشمەرگە نیم، متمانەم بە پێشمەرگە نییە شنگال ڕزگار بکەن". بەڵام ئەمجارە بۆچوونەکانی تەواو گۆڕابوون. شەشۆ بە دەنگێکی بەرز دەیگوت "من پێشمەرگەم و کوڕی پارتیم، ئەوانەی لەگەڵ منیشن هەموویان پێشمەرگەن".

سەرپەرشتیاری هێزەکانی پێشمەرگەش لە چیای شنگال بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا هیچ کەسێک لە چیادا نەماوە بەناوی جەنگاوەر، هەموویان بوون بە پێشمەرگە و سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، هەر یەکێکیشیان شەهید بێت هەموو ئیمتیازێکی شەهیدی دەدرێتێ".

## یەپەگە کاریگەری نەماوە

هێزەکەی یەپەگە لە شوێنی خۆیان ماون، بەڵام کاریگەری جارانیان نەماوە. ئەو خەڵکەی پێشتر لەسەر چیاکە دەیانگوت پێشمەرگە خیانەتی لێکردین و یەپەگە بە هانامانەوە هات، ئێستا قسەیەکی جیاواز دەکەن.

ئەوان دەیانگوت ئێمە زیاتر لە چوار مانگە لەسەر ئەو چیایەین، جگە لە هەرێمی کوردستان، کەس بە هانای ئێمەوە نەهات. ئەوان گوتیان کە هێزەکانی یەپەگە بەشدار دەبن لە بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشانەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەکرێنە سەر چیاکە، بەڵام کاریگەریان لەسەر خەڵکەکە وەکو ڕابردوو نییە.

## کەی ڕێگا دەبێتەوە؟

ژیان لەسەر چیاکە لە گیرخواردن لەسەر کەشتییەک دەچێت کە لە ناوەڕاستی ئۆقیانووسدا پەکیکەوتبێ، لە کاتی گەیشتنی هەلیکۆپتەرەکان هەر بابایە و دەیەوێت خۆی ڕزگار بکات، یان دەستی بە هاوکارییەکانی نێو فڕۆکەکە بگات.

ئاوارەکان لە نزیکەی 30 شوێنی چیاکە کە درێژییەکەی 60 کیلۆمەتر دەبێت، پەرتوبڵاو بوون. ئەو هاوکاریانەی بە هەلیکۆپتەرەکانی هێزی ئاسمانی عێراقەوە دەگەیەنرێنە سەر چیاکە هەموویان ناگەنە دەستی ئاوارەکان.

هەلیکۆپتەرەکان زۆربەی جار لە ناوچەی عامودێ کە سەنتەری چیاکەیە دەنیشنەوە، بۆیە زۆر لە ئاوارەکان دەبێت ماوەیەکی درێژ بەپێ ببڕن تاوەکو دەگەنە لای هەلیکۆپتەرەکان.

هەندێک لە ئاوارەکان بۆ دەستکەوتنی خواردن پەنا دەبەنە بەر گوندەکانی دامێنی چیاکە، بەڵام زۆر لە ڕێگاکان بۆمبڕێژکراون، تاوەکو ئێستاش شەش کەس بەهۆی تەقینەوەی ئەو بۆمبانەوە گیانیان لەدەستداوە.

بەشێک لە ئاوارەکان بە درێژایی ڕۆژ چاوەڕێی هاتنی هەلیکۆپتەرەکان دەکەن، تاوەکو لە ڕێگەی ئەوانەوە بگەنە لای کەسوکاریان لە دهۆک و زاخۆ، زۆرجار بەهۆی قەرەباڵغییەوە هەلیکۆپتەرەکان ناتوانن بنیشنەوە، هەر لە ئاسمانەوە هاوکارییەکان فڕێ دەدەنە خوارەوەو دەگەڕێنەوە.

وەک ئاوارەکان باسیان کرد، هەندێکیان لە ژیانی سەر چیایەکە تەواو بێزار بوون، دەیانەوێت بە هەر نرخێک بێت خۆیان لە سەرمای زستان و لەو دڵەڕاوکێیەی سەر چیا ڕزگار بکەن، ئەوان گەنجێکیان بە نموونە هێنایەوە کە لە نێو هەلیکۆپتەرەکاندا جێگەی نەبووەتەوە، کاتێک هەلیکۆپتەرەکان بەرز بوونەتەوە خۆی بە یەکێکیاندا هەڵواسیوە، بەڵام کەوتووەتە خوارەوە و گیانی لەدەستداوە.

لە ماوەی ئەو شەش ڕۆژەی تیمی تۆڕی میدیایی ڕووداو لەسەر چیاکە بوو، پرسیاری ئاوارەکان ئەوە بوو، کەی ڕێگا دەکرێتەوە؟ کەی ڕزگاریان دەبێت؟



تاراوگە

ژمارە (338) دووشەممە 2014/12/15

## یەکێتی ئەوروپا کۆنفرانسێک لەبارەی کوردەوە دەکات



**رووداو- برۆکسل**

یازدەمین کۆنفرانسی یەکێتیی ئەورووپا، تورکیا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کورد لە ڕۆژانی 10 و 11ی ئەم مانگە لە پەرلەمانی ئەورووپا لە شاری برۆکسل بەڕێوەچوو. ناونیشانی ئەمساڵی کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە "تورکیا، کوردەکان و پرۆسەی ئاشتی ئیمراڵی، دەرفەتێکی مێژووی، بوو کە لە دوو ڕۆژ و چەند پانێلی جیادا بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدار، ئاکادێمیسییەن و ڕۆژنامەنووسی کورد و بیانی بەڕێوە چوو. هەروەها چەند براوەیەکی خەڵاتی نۆبلی ئاشتی ئامادەی کۆنفرانسەکە بوون.



# رووسیا.. دۆزەخی نوێی پەناخوازانی کورد

**خۆشەوی محەممەد و خالید حوسێن**
**رووداو- مۆسکۆ**

چەند قاچاخچییەکی کورد، ژمارەیەک پەنابەر لە کوردستانەوە دەبەن بۆ مۆسکۆ و پاشانیش بە ناوی بردنیان بۆ فینلەندا هەڵیاندەخەڵەتێنن، بەڵام پەنابەرەکان هەرزوو لە فرت و فێڵی قاچاخچییەکان دەگەن و بە هەڕەشەی کوشتنی کەسوکاری قاچاخچییەکان، خۆیان رزگار دەکەن.

لە مەسەلەی کۆچکردندا خەریکە کوردستان دەگەڕێتەوە سەردەمی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو، ئێستا خەڵکانێک ئەو شەڕەی داعش بە دەرفەتێک دەزانن بۆ ئەوەی کۆچ بکەن بۆ وڵاتانی ئەورووپا و داوای مافی پەنابەری بکەن.

سەرەڕای ئاسانیی سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام هێشتا هەندێک لەو پەنابەرانە ڕێگەی نایاسایی دەگرنەبەر و بەو هۆیەشەوە دەکەونە داوی قاچاخچییەکانەوە.

## لە هەولێرەوە بۆ رووسیا

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو)، ئێستا خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی هەرێمی کوردستانەوە بە فڕۆکە خۆیان دەگەیەننە رووسیا و لەوێش لە ڕێگەی چەند قاچاخچییەکی کوردەوە دەچنە فینلەندا کە ئێستا دەرگای بۆ وەرگرتنی پەنابەران کردووەتەوە.

هەڵگورد ناوێکی خوزراوی پەنابەرێکی کوردە کە مانگێک لەمەوبەر لەڕێگای قاچاخچییەکانەوە گەیەنراوەتە مۆسکۆ بەمەبەستی دەربازکردنی بۆ فینلەندا، هەڵگورد گوتی "ئێمە لە هەولێر لە ڕێگای کەسێکەوە بەناوی هاشم ئەو قاچاخچیانەمان ناسی، هاشم کەسێکە زوو دەتوانێ قەناعەت بۆ مرۆڤ دروست بکات، ئەو گوتی خەمی هیچتان نەبێت، بە ڕێگای یاسایی بە 12 هەزار دۆلار دەتانگەیەنینە فینلەندا، ئێمە ڕێکەوتین و پاسپۆرتەکانی خۆمان تەسلیمکردن و ڤیزای روسیایان بۆ وەرگرتین، پاشان لە ڕێگای تورکیاوە بە فڕۆکە سەفەرمان کرد بۆ مۆسکۆ".

بەهۆی ئاسانکارییەکانی کونسوڵخانەی حکومەتی روسیای فیدراڵ لەشاری هەولێر بۆ هاووڵاتیانی کوردستان لە پێدانی ڤیزای گەشتیاری، هەموو کەسێک دەتوانێ ڤیزا وەربگرێت و سەفەر بکات، هەر بۆیەش قاچاخچییەکان سوودیان لەم دەرفەتە بینیوە و لەم ڕێگایەوە قەناعەتیان بۆ خەڵک دروستکردووە کە بە ڕێگای یاسایی ڤیزایان بۆ وەرگرتوون و دەیانگەیێننە رووسیا.

دوای ئەوەی پەنابەران دەگەنە مۆسکۆ، لە شوقە و میوانخانەکان دایاندەنێن، زۆریشیان دەبەن بۆ گوندەکانی دەوروبەری مۆسکۆ کە تەنیا خۆیان زانیارییان لەسەر شوێنەکان هەیە. لەوێ سەرجەم ئامێرەکانی پەیوەندییان لێوەردەگرن.

هەڵگورد باسی رەوشی پەناخوازان لە رووسیا دەکات و دەڵێت "قاچاخچییەکان سەرەتا هەڵسوکەوت و مامەڵەیان زۆر باش بوو لەگەڵمان، زۆر ڕێزیان دەگرتین، متمانەی تەواومان پێکردن، تا بەو دەردەیان بردین. ئەوان سەرەتا خواردنی باشیان پێدەداین، بەردەوام دڵیان دەداینەوە و پێیاندەگوتین ئەمڕۆ نا سبەی بەڕێتاندەکەین".

هەڵگورد و هاوڕێکانی ماوەی مانگێک لە مۆسکۆ چاوەڕێی قاچاخچییەکان دەکەن تاوەکو بیانگەیەننە فینلەندا "ڕۆژێک گوتیان ڕێگایەکمان دۆزیوەتەوە سبەی سەفەر دەکەین، بەڵام برە پارەیەکمان لە کوردستانەوە بۆ حەواڵە بکەن".

## درۆیان لەگەڵ دەکەن

دوای گفتوگۆیەکی زۆر، وا ڕێککەوتن کە ئەوان بیانگەیەننە سەر سنووری فینلەندا و ئینجا پارەکانیان بۆ بنێرن. هەڵگورد دەڵێت "ئێمەیان بە ئۆتۆمبێل برد، بەناو چەندین شار و گوند و دارستانی گەورەدا ڕۆیشتین، زیاتر لە 11 کاژێر لە ڕێگا بووین، زۆر هیلاک بووین".

پەناخوازەکان لە خاڵێکی پشکنینی پۆلیسی رووسیا دەرباز دەکرێن، وەک هەڵگورد باسیکرد پێیانگوتن ئەوە لە سنووری روسیا دەربازبوون و ئەوبەر فینلەندایە "بەڵام ئەوان فێڵیان لە ئێمە کردبوو، ئەو شوێنە هەر رووسیا بوو، کۆمەڵێکیان لەوێ کۆکردبووەوە و ئاڵای فینلەندایان داچەقاندبوو، بۆ ئەوەی ئێمە متمانەیان پێبکەین کە گەیشتووینەتە نێو خاکی فینلەندا".

قاچاخچییەکان پەیوەندی بە کەسوکاری پەناخوازەکانەوە دەکەن لە کوردستان، تاوەکو پارەکانیان بۆ حەواڵە بکەن. هەڵگورد دەڵێت "خزمەکانمان لە کوردستان تەنسیقیان لەگەڵ ناسیاوێکی هەبوو لە فینلەندا کە بێتە پێشوازیمان لەسەر سنوور، بەڵام قاچاخچییەکان گوتیان ئێمە ناتوانین بتانگەیەنین بەو کەسە و بەو شوێنە، بۆیە ئێوە بڕۆن خۆتان تەسلیمی پۆلیسی فینلەندی بکەن، ئەوان دەتانبەنە کەمپی پەنابەران".

کەسوکاری هەڵگورد رازی نابن پارەکە بنێرن تاوەکو کوڕەکەیان نەگەیەننە فینلەندا، بۆیە قاچاخچییەکان هەڕەشەی کوشتن لە پەناخوازەکان دەکەن. هەڵگورد دەڵێت "ئەوان خەریکبوو بمانکوژن، هەر ئەوەندەمان زانی تەلەفۆنێک بۆ قاچاخچییەکە هات، دەنگی ئافرەتێک بوو بە گریانەوە دەیگوت خاڵە نەکەی ئەو کارە نەکەی، کەسوکاری ئەوان هاتوونە سەر ماڵەکەم و من دەکوژن".

هەڵگورد گوتی "کەسوکارم زانیاریان لەسەر قاچاخچییەکان هەبوو، دەیانزانی کچی خوشکی قاچاخچییەکە ماڵی لە شارۆچکەی سۆرانە، کاتێ ئەوان هەڕەشەی کوشتنی ئێمەیان کرد، راستەوخۆ کەسوکارمان لە سۆران چوونە سەر ماڵی کچی خوشکی قاچاخچییەکە و گوتیان ئێستا تەلەفۆن بۆ خاڵت دەکەی، ئەگەر هەر ئێستا ئازادیان نەکات ئەوا ئێمە تۆ دەکوژین، ئینجا قاچاخچییەکە کەوتە پاڕانەوە لە کەسوکارەکەم".

قاچاخچییەکان ناچار دەبن جارێکی دیکە پەناخوازەکان بگەڕێننەوە مۆسکۆ. هەڵگورد پەیوەندی بە ناسیاوێکییەوە دەکات کە لە مۆسکۆ دەخوێنێت، ئەویش هەموو کاروبارەکانی گەڕانەوەی بۆ کوردستان تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە.

هەڵگورد تاکە پەناخواز نییە لەو رەوشەدا بووبێت. ئەو دەڵێت "ئێستا چەندین کەس کە زۆربەیان خێزانن لە ژێر دەستی ئەو قاچاخچیانەدان، لە گوندەکانی دەوروبەری مۆسکۆ حاڵ و گوزەرانیان زۆر خراپە و نان و ئاویان پێنادەن و داوای پارەیان لێدەکەن. هیچ ڕێگایەکیشیان نییە بۆ دەرباز بوون لە رووسیا بۆ وڵاتانی دیکەی ئەورووپا".

دوای سەرهەڵدانی قەیرانی رووسیا و ئۆکراینا، سنوورەکانی رووسیا تەنراون بە سەرباز و پۆلیس، بۆیە دەرفەتی دەربازبوونی هیچ شتێک نییە لە سنووری ئەو وڵاتەوە، لە هەمانکاتدا یاساکانی رووسیا زۆر توندبوون بۆ سزادانی قاچاخچییەکان.

## 6000 دۆلاری بە فیڕۆ چوو

ئازاد، گەنجێکی دانیشتووی هەولێرە، ویستوویەتی بچێتە کەنەدا. لە هەولێر کەسێکی پێدەناسێنن بە ناوی هاشم، کە دەڵاڵی قاچاخچییەکانە. ئازاد دەڵێت "ئەو کەسە پێیگوتن ڤیزای رووسیاتان بۆ وەردەگرین، دەتانبەین بۆ مۆسکۆ، لەوێش لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە ڕێگای یاسایی رەوانەتان دەکەین بۆ کەنەدا".

ئازاد دوای ئەوەی لەگەڵ چەند کەسێک دەگەیەنرێنە رووسیا، لەوێ بە قاچاخچییەک دەناسێنرێن بەناوی "ئیسماعیل". ئازاد دەڵێت "قاچاخچییەکە لە فڕۆکەخانە پێشوازییەکی گەرمی لێکردین، زۆر ئاسوودە بووین کە بەمشێوەیە بینیمان، ماوەی زیاتر لە یەک مانگ ئێمەی لە شوققەیەک دانا، هەر ڕۆژەی قسەیەکی دەکرد، دواجار بۆمان دەرکەوت کە ئەوانە هەمووی فرتوفێڵن و دواجار ناچاربووین بگەڕێینەوە کوردستان، هەر یەکەمان 6 هەزار دۆلارمان زەرەرکرد".

## وەکو زیندانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن

کوردێکی دانیشتووی رووسیا دەڵێت ئەو دەمێکە ئاگادارە کە پەناخوازەکان لەلایەن قاچاخچییەکانەوە مامەڵەیەکی خراپیان لەگەڵ دەکرێت و زۆرجاریش لە شوقەکاندا زیندانی دەکرێن.

هەڤاڵ مەهدی، کوردێکی دانیشتووی رووسیایە، باسی چۆنیەتی رزگارکردنی خێزانێکی کورد دەکات کە پەیوەندیان پێوەکردووە. مەهدی گوتی "رۆژێک تەلەفۆنێکم بۆ هات، کەسێک بە کوردی قسەی دەکرد و دەیگوت فریامانبکەوە خەریکە لە برسان دەمرین، ناونیشانەکەی پێدام. کە چووم بەدوایاندا لە شوققەیەک بوون، خێزانێکی شەش کەسی بوون، لە کونجی ژوورێکدا قایم کرابوون، منداڵێکی بچووکیان لەگەڵدا بوو کە چاوی پێمکەوت گوتی: مامە خۆ ئێمە ناکوژن؟ گوتم نەخێر ناتانکوژین و دەتاننێرینەوە بۆ کوردستان".

هەڤاڵ مەهدی خێزانەکە دەباتە چێشتخانەیەک و خواردنیان دەداتێ "زۆریان برسی بوو، چەند رۆژێک بوو نانیان نەخواردبوو، دوای ئەوەی نانیان خوارد، بردمن بۆ فڕۆکەخانە و تکیتی فڕۆکەم بۆ کڕین و رەوانەم کردنەوە بۆ کوردستان".

### رووسیا، هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە رووسیای فیدراڵ ئاگاداری رەوشی پەناخوازان و مامەڵەی قاچاخچییەکانە لەگەڵیان و هاووڵاتیان لە فێڵ و تەڵەکەی ئەو قاچاخچییانە ئاگادار دەکاتەوە.

بەیاننامەیەکی ئەو نوێنەرایەتییە کە کۆپییەکی بۆ (رووداو) نێردراوە، دەڵێت "پێتانڕادەگەیەنین کە بەهیچ جۆرێک هەڵنەخەڵەتێن و فریو نەدرێن بە ناوی ئەورووپا رووبکەنە رووسیا، چونکە هیچ ڕێگایەک لە ناو خاکی رووسیاوە نییە لێوەی دەربازی وڵاتانی ئەورووپا بن. بەپێچەوانەوە لەلایەن حکومەتی رووسیاوە ئاگادار کراوینەتەوە کە بە توندترین شێوە ئەو کەسانە رووبەڕووی یاسا دەکەنەوە، ئەگەری زۆریشی هەیە بە ماددەی تیرۆر بدرێنە دادگا".

بەپێی بەیاننامەکە "ژمارەیەکی زۆری کورد لەناو گرتووخانەکانی رووسیا و بیلارووسیا دەستبەسەرن، وەک خۆیان باسیان کردووە بە خراپترین شێوە ژیان دەگوزەرێنن، تەنانەت شوێنی نووستنیشیان نییە و چەندین رۆژە نەخەوتوون".



# پێشمەرگە وێنەی کورد لەلای سوێدییەکان دەگۆڕێت



**رووداو- ستۆکهۆڵم**

کوشتنی ژنان، پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەت، یەکێک لە هێماکانی شوناسی کورد بووە لای ئەورووپییەکان بە گشتی و سویدییەکان بەتایبەتی، ئەمەش بەهۆی تۆمارکردنی دەیان کەیسی کوشتنی ژنانی کورد لەو وڵاتە. بەڵام شەڕی دژ بە داعش ئەم وێنەیەی گۆڕی و ئێستا سوێدییەکان بەشێوەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگەی کوردی دەڕوانن.

چالاکڤانێکی کورد لە سوید دەڵێت "جاران کوشتنی ژنان و ئێستاش ئازایی گەریلا ژنەکان وێنەی کوردە لای سوێدییەکان". سەروین جاف کە لە بوارەکانی ژنان لە یەکێک لە کۆمۆنەکانی ستۆکهۆڵم کار دەکات، بە (رووداو)ی گوت "بەشێک لە چالاکڤانانی کورد ئەدایەکی خراپیان هەبووە لە ناساندنی کورد وەک کۆمەڵگەیەکی داخراوی ئیسلامی، بەڵام خۆڕاگریی کورد لەبەرامبەر هێزێکی گەورەی وەک داعش کاریگەری لەسەر راستکردنەوەی ئەم هەڵەیە هەبوو، ئەوانەی پێشتر بانگەشەیان بۆ داخراویی کۆمەڵگەی کورد و ژنکوژی دەکرد، ئێستا بە سەرسامییەوە باسی ژنە شەڕڤانی کورد دەکەن".

## لە فادیمەوە بۆ ڕێحانە

هەواڵی شەهیدبوونی ژنێکی کورد لە بەرەکانی شەڕ لە کۆبانی، میدیاکانی سویدی پڕ کرد و بۆچوونی جیاوازی لای سویدییەکان دروستکرد. لە کۆمێنتی یەکێک لە خوێنەرەکانی ڕۆژنامەی داگنسنیهێتری سویدی بۆ هەواڵەکە نووسرابوو "ئێمەی سویدی وێنایەکی هەڵەی کۆمەڵگەی کوردیمان وەرگرتبوو". سوێدیەکی دیکە بەناوی جۆزێفسۆن نووسیویەتی "ژنانی کورد سیمبولی شۆڕشی نوێی ژنانن".

سەروین دەڵێت "پێشتر فادیمە و ئێستا ڕێحانە سیمبولی کوردن لە سوید". فادیمە کچە کوردێکی دانیشتووی سوێد بوو لەلایەن باوکییەوە کوژرا، ڕێحانەش کچە شەڕڤانێکی کورد بوو کە دوای کوشتنی چەند چەکدارێکی داعش، بە گوللەیەک کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی چەکدارانی داعش.

ئێستا سوید لەبەردەم قەیرانێکی گەورەی سیاسیی ئاڵۆزدایە و هاتنە پێشەوەی پارتی سویدییە دیموکراتەکان کە پارتێکی رەگەزپەرستە، هەموو تاراوگەنشینانی خستووەتە بەردەم پرسیار و بیرکردنەوە لە چارەنووسی خۆیان.

کوردێکی دانیشتووی سوێد دەڵێت "بیانییەکانی سوید کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی سیاسیی وڵاتەکە هەیە و کوردیش بەشێکە لەوە". ئازاد مەعروف کە لە بواری وەرگێڕان کار دەکات، دەشڵێت "ئێستا کاتی نیشاندانی کەلتووری راستەقینەی کوردە بە سویدییەکان".

لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا ئەو پارتە رەگەزپەرستە لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنیدا وێنەی کوشتنی کچی نیشان دابوو، کە کچێکی سەر رەشە و کوڕێکی قژ زەردیش وەک سیمبولی سویدییە رەسەنەکان خوێنەکەی پاک دەکاتەوە و دەڵێت "دەبێ سوید لە هەڕەشەی ئەم جۆرە کەلتووره رزگار بکەین".

مەعروف گوتی "ئێستا کاتی نیشاندانی وێنەیەکی دیکەی کۆمەڵگەی کوردییە و شەڕی داعش وێڕای هەموو لایەنە نێگەتیڤەکانی، ئەم کاریگەرییە درێژخایەنە ستراتیژییەی هەیە".

## H&M و جلە کوردییەکە

H&M کە کورتکراوەی هەنس و ماوریسە، مارکەیەکی ناسراوی جلوبەرگی سویدیە و لە 50 وڵاتی جیهان لقی هەیە. ئەو مارکەیە لە مۆدیلی ئەمساڵی جلوبەرگە ژنانەکانیدا، سوودی لە مۆدیلی جلوبەرگی ژنە گەریلا وەرگرت، کارەکەشی دەنگدانەوەیەکی زۆری لە سوید و ئەوروپا هەبوو.

## کورد و ئیسلامییەکان لە سوێد

لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکومەتی نوێی سوید بە رابەرایەتی سۆسیال دیموکراتەکان، سیاسەتمەدارێکی ژنی کورد بە توندی رەخنەی لە حکومەت گرت و بوونی وەزیرێکی سەر بە ئیسلامی سیاسی لەو حکومەتەدا بە سەرەتای شکستی سۆسیال دیموکراتەکان وەسف کرد.

نالین باکسی لە وتارێکی رۆژنامەوانیدا لەبارەی ئەو وەزیرە تورکە گوتبووی "بۆ چارەسەرێکی کاتی کێشەیەکی گەورە دروست دەکەن". رەخنەکەی ئەو لە روانگەی پڕۆژەی وەزیرێکی سۆسیال دیموکرات سەرچاوەی گرت کە داوای پارەی بۆ مزگەوتەکان کردبوو لە پێناوی نەهێشتنی توندوتیژیی ئاینی، بەڵام سۆسیال دیموکراتەکان رەخنەکەی باکسی دەگەڕێننەوە بۆ ململانێی نەتەوەیی نێوان باکسی و وەزیرە تورکەکە.

پێشتریش سۆسیال دیموکراتەکان رۆڵیان لە کردنەوەی دەیان مزگەوتدا هەبووە، وەک پاڵپشتییەکی کەلتووری بۆ گەلانی جیاوازی سوید. بەڵام نەیارانی ئەو پارتە ئەمەیان بە سەرەتایەکی خراپ وەسفکرد و بەشداری سویدییەکانیشیان لە شەڕی داعش بە کردنەوەی ئەو مزگەوتانەوە بەستەوە.

سەروین دەڵێت "مزگەوتەکانی سوید وەک ناوەندێکی عەرەبی کراونەتەوە، کورد کەمتر وەک گەلێکی موسڵمان ناسراوە لە چاو عەرەب و سۆمالییەکان". گوتیشی "شەڕی داعش روانگەی سویدییەکانی بەرامبەر بە کورد لە گەلێکی موسڵمانەوە بۆ نەتەوەیەکی دەوڵەتخواز گۆڕی".

## لوقمان سەلیم قسمەت بڵاودەکاتەوە



**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند لوقمان سەلیم کۆتایی بەکارێکی هونەری هێنا بەناوی "قسمەت" بریارە لە چەند ڕۆژی داهاتوو بڵاوی بکاتەوە. لوقمان سەلیم لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "کارەکانی بەرهەمی گۆرانی قسمەت کۆتایی پێهاتووە و چەند ڕۆژی داهاتوو بەشێوەی کلیپ بڵاودەبێتەوە". لوقمان دەشڵێ ئەم بەرهەمە لە رووی کلیپ و موزیکەوە کاری پرۆفیشناڵی بۆ کراوە و بۆیە جیاواز دەبێت لەگەڵ کارەکانی دیکەی. گۆرانییەکە لە لایەن بڕیار فەتاح کاری کلیپی بۆ کراوە.

### دەشنێ موراد:

# 10 ساڵە لە عەزابدا دەژیم



به "بێ کۆنترۆڵ" خۆی خزاندە نێو بواری ڕاگەیاندن، دواتر هەنگاوی نا بۆ گۆرانیگوتن، پاشانیش کاری ژینگەیی و ئاژەڵدۆستی. هەمیشە لێو بەخەندەیە، بەڵام خۆی دەڵێت کە دڵی پڕە لە برین و دەرد. دەشنێ موراد پێشکەشکار و گۆرانیبێژ، دوای چەندین کاری هونەری ماوەیەکی زۆرە لە میدیا و کاری هونەریش دوورکەوتووەتەوە، ئەو لە ڕێگای ڕووداوەوە هۆکارەکانی ئەو دیارنەمانەی ئاشکرا دەکات.

ڕووداو بۆ ئێمە قوتابخانەیە

ئەو کەسانەی دەیانەوێت من بشکێنن پیاونین

شەوانە تا بەیانی دەگریم

من بوومە قوربانیی نێوان دوو کەلتوور

کەس ناوێرێ پێم بڵێ شووم پێبکە

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: ماوەیەکە لە کاری ڕاگەیاندن دوورکەوتوویتەوە، بۆچی؟**

**دەشنێ موراد:** ماوەیەکی زۆر نەخۆش بووم، لە هۆڵەندا چارەسەریم وەردەگرت. جگە لەوەش هەوڵمداوە خۆم کۆبکەمەوە، بۆئەوەی ئیش بکەم، بەڵام لەگەڵ ستافەکەم نەدەگەیشتینە ئەنجام. زۆر لە فانەکانم دەڵێن کاتێک کوردستان تۆی پێویست بوو لێرە نەبووی، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوکاتەی لە هۆڵەندا بووم کە زۆر نەخۆشیش بووم، ماڵ بەماڵ لە دەرگام داوەو کۆمەکم کۆکردووەتەوە، نزیکەی 220 تۆن کەلوپەلمان بۆ ئاوارەکان نارد. بەڕاستی دڵم پڕە لە هەزار و یەک ئاواز و ڕەنگ، ماوەیەکی زۆر وەستام و ناخۆشییەکی زۆرم بینی، هەمووی بۆ من بووەتە ئاواز و لەناو مۆبایلەکەم تۆمارم کردوون، بۆیە بەڵێن دەدەم کە دوای سەری ساڵ بە جوانترین کار دەگەڕێمەوە لای هەوادارانم.

**ڕووداو: ماوەیەک پێشکەشکار بوویت و دواتر گۆرانیت گوت، کامەیان بۆ تۆ باشترین وێستگە بوو؟**

**دەشنێ موراد:** هیچیان، لەبەرئەوەی هەمووی بۆ من عەزاب بووە و ڕۆژ نەبووە نەگریم. ئاسان نییە تۆ لە کۆمەڵگایەکدا بژیت هەمیشە لە شەڕو ئاژاوەدا بووە، لە کۆمەڵگایەکدا کە تا ئەمڕۆش دوژمنان دەیانەوێت لەناوییەرن. لەگەڵ ئەوەشدا من لە نێوان دوو کەلتووردا پەروەردە بووم. من بوومە قوربانیی نێوان دوو کەلتوور، ئێستا تەمەنم گەیشتووەتە 28 ساڵ، هێندە عەزاب و ناخۆشی و دەردەسەریم بینیوە هەرچی ئاوازێک لە دڵمەوە دێتە دەرەوە ئاوازی جددی و خەم و خەفەتە، 10 ساڵە من خۆشیم نەبینیوەو لە عەزابدا دەژیم. تاوەکو ئێستاش کەس ڕێزی لە کارەکەم نەناوە، بۆیە خۆم بە خۆم دەڵێم دەستخۆش دەشنێ.

**ڕووداو: پێش ئەوەی کاری ڕاگەیاندن و هونەری بکەی، پێشبینی ئەو ڕۆژانەت نەکردبوو؟**

**دەشنێ موراد:** نەخێر هەرگیز پێشبینی ئەو ڕۆژانەم نەکردبوو، لەبەرئەوەی من بە پلانێک نەهاتبوومە نێو کاری هونەر و ڕاگەیاندن، تەنیا حەزم لەو کارانە بووە و گوتوومە با ئەمکارە بکەم، چونکە من کچێک بووم دڵپاک و دڵساف بووم، گوتیان بێ کۆنترۆڵ بکە گوتم باشە، ئەمە دەرگایەکی باشی بۆ کردمەوە، چونکە پێشتر لە هۆڵەندا لە گوندێک دەژیان هەر کوردیم نەدەزانی، بەڵام بەهۆی ئەم بەرنامەیە توانیم کوردییەکەم باش بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا حەزم نەدەکرد تێکەڵی کەلتووری ڕۆژهەڵات ببم، چونکە دەمبینی ئەوەندە جیاوازی هەبوو لە نێوان ئافرەت و پیاو. هەر خۆم لە هۆڵەندییەکان نزیک دەکردەوە، بەڵام دواتر کە هاتمەوە کوردستان توانیم شوێنی خۆم بکەمەوە، بەڵام هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەکردبوو، بۆیە ئێستا ناتوانم دوای ئەو هەموو ماندووبوونە وازبێنم و دانیشم.

**ڕووداو: بەڵام لە ڕواڵەتدا زۆر بەختەوەر دەردەکەوی؟**

**دەشنێ موراد:** من هەر نازانم خۆشی چییە، 10 ساڵە هێندە ناخۆشیم بینیوە و گریاوم، ئێستا لام ئاسایی بووە. من ئەکتەرێکی زۆر سەرکەوتووم، تەنیا ئەو کاتانەی دەچمە دەرەوە و میکیاژ دەکەم دەست بە پێکەنین دەکەم، وانیشان دەدەم کە خۆشحاڵم، بەڵام کە گەڕامەوە ماڵەوە، بێجامەکەم لەبەر کرد و بەتانیەکەم بەسەرخۆمدا دا و سەیری فیلمم کرد، ئیتر هەتا بەیانی دەگریم.

**ڕووداو: ئایا میدیا هاوکارت بووە یاخود بە پێچەوانەوە؟**

**دەشنێ موراد:** هەردووکیان. بەشێکی زۆری ڕاگەیاندن هاوکارم بوون، بەڵام هەندێک گۆڤار و ماڵپەڕی ئینتەرنێت هەوڵیانداوە بمشکێنن. من تێناگەم ئەو پیاوە چ ویژدانێکی هەیە لە پشت کۆمپیوتەرێک دانیشتووە، نەعلێکی لەپێ کردووە و بە ورگێکی زلەوە جگەرە لە دوای جگەرە دەکێشێ، بە پێنج خولەک ئافرەتێک دەشکێنێ، کە ئەو ژنە هەموو هەوڵی خۆیداوە بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا، شەرەفی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگای کوردی چەند گرنگە، کەچی ئەوان دەیانەوێت بە ئاسانی بیشکێنن، بەڵام ئەوان ویژدانیان لە کوێ بوو.

**ڕووداو: ئەوانە بۆ دەیانەوێت تۆ بشکێنن؟**

**دەشنێ موراد:** چونکە پیاو نین. ئێستا گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە، ئەوانە بۆیە دەیانەوێت بمشکێنن، چونکە حەز دەکەن بگەنە ئاستی من، بەڵام متمانەیان بەخۆیان نییە. ئەوانەی شتی خراپ لەسەر من دەنووسن پیاو نین، زۆر بچووکن و پێکەنینم پێیان دێت. هیوادارم ڕۆژێک ڕووبەڕوویان ببمەوەو باوەشیان پێدا بکەم و پێیان بڵێم هێشتا نەدۆڕاون؟ ئێستاش کاتی ماوە و دەتوانن بگەڕێنەوە و ببنە پیاو.

**ڕووداو: کەواتە تەنیا پیاوەکان دژایەتی تۆیان کردووە؟**

**دەشنێ موراد:** لەبەر ئەوەی میدیای کوردی بەشێکی زۆری پیاو بەڕێوەی دەبات. ئەو کچانەی لە ڕاگەیاندن ئیش دەکەن بەشێکیان دەمیان کوتراوە، خۆشبەختانە ئێستا باشترە لە جاران، بۆ نموونە ڕووداو توانی شۆڕشێک لەنێو میدیای کوردی بەرپا بکات، چونکە زۆر گرنگی بە میدیاکاری ئافرەت داوە، ئێستا ڕووداو بووەتە مارکە. ئێستا ڕووداو قوتابخانەیەکە بۆ ئێمە.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ ئەڤین ئاسۆدا چۆنە؟**

**دەشنێ موراد:** زۆر شانازی بە ئەڤین ئاسۆوە دەکەم و کەسێکی زیرەک و لێهاتووە، هەرچەندە لە نزیکەوە پەیوەندیمان نەبووە.

**ڕووداو: ئەی دەگوترا پێشتر کێشەتان هەبوو، لەسەر چی بوو؟**

**دەشنێ موراد:** سەرەتا ناخۆشی هەبوو لە نێوانمان، ئێستا هیچ کێشەیەکی وامان نییە. من ئێستا نامەوێت دژایەتی هیچ کەسێک بکەم، لەگەڵ کەسیش کێشەم هەبێت، ئەوە میدیاکان بوون کاتی خۆی حەزیان دەکرد کێشەمان لەنێوان دروستبکەن.

**ڕووداو: 28 ساڵی، بیرت لە شووکردن نەکردووەتەوە؟**

**دەشنێ موراد:** چەند ساڵ پێش ئێستا گوتوومە حەزدەکەم شوو بکەم و منداڵم ببێت، بەڵام قسمەتە. هەتا لەم دواییانەدا شیعرێکم بە زمانی ئینگلیزی بۆ کچەکەم نووسیوە، باس لەوە دەکات کە ڕۆژێک بێت لەباوەشی بکەم و ناوی بنێم فریشتە. شووکردن قسمەتە، بەڵام دەبێت یەکێک بێت لە من تێبگات و کارەکانی منی قبوڵ بێت، لەبەر ئەوەی من کاری هونەری دەکەم کەمێک سەختە پیاو ئەوە قبوڵ بکات، ڕۆژانە لە میدیاکانەوە قسەی ناشیرین بەرامبەرم دەکرێت.

**ڕووداو: کەس داوای هاوسەرگیری لێکردووی؟**

**دەشنێ موراد:** جا کێ دەوێرێت ئەو داوایە لە دەشنێ موراد بکات، دەڵێن ئەو ژنە کۆنترۆڵ ناکرێت، نامانەوێ بیکەین بە خێزانی خۆمان.

### هونەرمەند فەرهاد بەزەلە:

# مانگانە ئەلبوومێکی گۆرانی تۆمار دەکەم



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

کوردە و خەڵکی شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە. جگە لە چەند کەناڵێکی تەلەڤزیۆنیی کوردی، کەناڵێکیشی بە زمانی فارسی کردووەتەوەو ئێستاش کار بۆ کردنەوەی کەناڵێک دەکات بە سیستمی HD. فەرهاد بەزەلە بەڵێنی داوە تاوەکو چوار ساڵی دیکە کۆی ئەلبوومەکانی بگەیەنێتە 50 ئەلبووم کە ئێستا خاوەنی 4 ئەلبوومی گۆرانییە.

هونەرمەند فەرهاد بەزەلە کە لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا نیشتەجێیە، باسی کەناڵە ئاسمانییەکانی خۆی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "چوار کەناڵم هەیە، یەکێکیان کۆمیدیە و یەکێکی دیکەشیان کەناڵێکی کوردییە بەناوی کلیکاسات، کەناڵێکیشم هەیە بەناوی ئێران بینگۆ کە بەرنامەی کێبڕکێی تێدا دەکرێت، کەناڵێکی دیکەشم هەیە بە ناوی (pth) کە بەرهەم و کلیپی فارسی و ئەفغانی تێدا پەخش دەکرێ، ئێستاش کار بۆ کەناڵێکی HD دەکەم بە ناوی کورد میوزیک ستار".

فەرهاد بەنیاز بووە نووسینگەی کەناڵە تازەکەی لە باشووری کوردستان بکاتەوە، بەڵام دەڵێت "10 جار سەردانی کوردستانم کرد و کەس گوێی لێنەگرتم، تەنیا بەڵێنیان پێدام بەبێ ئەوەی هیچم بۆ بکەن". گوتیشی "چەندجارێک ویستم نێچیرڤان بارزانی ببینم، بەڵام ڕێگەیان پێنەدام".

ئەوەی زۆرتر ئەو هونەرمەندەی ناساندووە، گۆرانیگوتنە بە شێوەزاری لوڕی کە خەڵکی ناوچەی کرماشان و ئیلام قسەی پێدەکەن. ئەو دەڵێ "ئەم شێوەزارە بە داخەوە کەس کاری لەسەر ناکات، من توانیومە زیندووی بکەمەوە و بیخەمەوە بەرگوێی خەڵک".

### بە نیازی 50 ئەلبوومە

فەرهاد بەزەلە، خاوەنی چوار ئەلبوومی گۆرانییە، بەڵام دەڵێت پرۆژەیەکی گەورەی هونەری بەدەستەوەیە و بەنیازە بە کۆمەڵ ئەلبووم دەربکات.

فەرهاد گوتی "دەمەوێت تاوەکو 4 ساڵی دیکە ژمارەی ئەلبوومەکانم بگەیەنمە 50 ئەلبووم و ساڵانە نزیکەی 12 ئەلبووم دەربکەم کە هەر ئەلبوومێکی لە 10 تاوەکو 12 تراک پێکبێت". فەرهاد دڵنیایە لەو کارەی سەرکەوتوو دەبێت "چونکە پلانێکی باشم بۆ دارشتووە".


### نازانێت کۆمەکەکانی گەیشتوون یان نا

وەک زۆر لە هونەرمەندانی دیکەی کورد، فەرهاد بەزەلەش بە ڕەوشی ئەمدواییەی کوردستان و هێرشەکانی داعش دڵگران بووە، بۆیە ئەویش لە ڕێگەی خۆیەوە ویستوویەتی کارێک بۆ کوردستان بکات.

فەرهاد دەڵێت "لە ماوەی ڕابردوودا کۆمەکێکی زۆرم ناردەوە کوردستان بۆ ئاوارەکان، بەس نازانم گەیشتووەتە شوێنی مەبەست یان نا، چونکە ئەمڕۆ بڕوا کردن بە کەسانێک کە ئەم کارانە دەکەن ئاسان نییە، ئێمەی هونەرمەند بە نیازپاکییەوە ئەم کارە دەکەین، بەڵام گەیاندنی بەندە بە ویژانی ئەو کەسانەی متمانەمان پێکردوون".

هەرچەندە فەرهاد چەند جارێک سەردانی کوردستانی کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کۆنسێرتێکی لە کوردستان نەکردووە، ئەو کە لە کوردستان زیاتر بەهۆی گۆرانی "سوڵتان" ناسراوە، دەڵێت پێی باشە کۆنسێرت بکات لە کوردستان، بەڵام لەم کاتە نا، چونکە ئێستا بیر و هزری خەڵک تەنیا لای سەرکەوتنی پێشمەرگەیە.

فەرهاد زیاتر بە هونەرمەندێکی کۆمیدی ناسراوە، بۆیە لە کلیپەکانیشی بە ستایلێکی تەواو جیاواز دەردەکەوێت، بە تایبەتی لە رووی پۆشینی جلوبەرگەوە. ئەو دەڵێ "من لە ئێران زۆر ناسراوم بەو جۆرە ستایلە و دەشزانم سەرکەوتوو بووم لەم ستایلە، چونکە زۆر کەس لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران پەیوەندیم پێوەدەکەن و دەستخۆشیم لێدەکەن".



### هاوڕێی تاتلیسەسە

کارەکانی فەرهاد بەزەلە سنووری ئێرانی بڕیوە و توانیویەتی ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندانی بیانیش پەیدا بکات. ئەو ئاشکرای کرد کە هاوڕێیەکی نزیکی هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیسەسە، هەر بۆیەش ڕووداوی تەقەلێکردنەی ئیبراهیم تاتلیسەس قەت لەبیر ناکات. فەرهاد دەڵێت "لێدانی ئیبراهیم تاتلیساس منی لە ناخەوە هەژاند". فەرهاد ئاماژەی بەوەدا کە ئێستاش پەیوەندییان ماوە، بەڵام زۆرتر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە قسە لەگەڵ یەکدی دەکەن "پێشتر زوو زوو یەکدیمان دەبینی، بەڵام دوای ئەو ڕووداوە تەنیا بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ یەکدی دەکەین و لە ئەحواڵی یەکدی دەپرسین".


NEW ESKAN
پرۆژەی
ئیسکانی نوێ
$1500
بەبۆنەی سەری ساڵی
تازە، پرۆژەی ئیسکانی
نوێ ئۆفەرێکی نوێ
پێشکەش دەکات بە
قیستی مانگانەی
1500دۆلاری
ئەمریکی پەلە بکەن
بۆ کڕینی شوقەکان
بۆ پەیوەندی و وەرگرتنی زانیاری:
07501429999
07501439999

ڕووداو
ژنان
ژمارە (338) دووشەممە 2014/12/15



## کچە قوتابییەک خۆی دەخنکێنێت

**ڕووداو- سەردەشت**

کچە قوتابیەکی دانیشتووی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی هەژارییەو خۆی کوشت.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ئەو کچە قوتابییە کە ناوی پەریسا سەعید پوور بووە، هەفتەی ڕابردوو لە نێو ماڵەکەی خۆیدا بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. بە گوتەی یەکێک لە نزیکانی بنەماڵەی ئەو کچە قوتابییە "باوکی پەریسا هیچ کار و داهاتێکی نییە".

## تەنیا 343یان ڕزگار کراون

# 3657 کچ و ژنی ئێزدی لەلای داعش ماون

**ڕووداو – هەولێر**

لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێک لەسەر ڕەوشی ژنان لە کوردستان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرز دەکاتەوە کە تایبەتە بە کەیسی ڕفاندنی کچان و ژنانی ئێزدی لەلایەن داعشەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەو لێژنەیە، 4000 کچ و ژنی ئێزدی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە ناوچەکانی شنگال و دەوروبەری ڕفێنراون و تاوەکو ئێستا تەنیا 343 ڕفێنراویان دەرباز بوون. بەو پێیەش تاوەکو ئێستا 3657 ڕفێنراو لەلای داعش ماون.

دوای ئەوەی ڕۆژی 2014/8/3 چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال و داگیریان کرد، بە هەزاران هاووڵاتی ئێزدی لەناو شنگال و دەوروبەری کەوتنە دەست داعش، بەشێکی زۆر لە پیاوە دەستگیرکراوەکان گوللەباران کران و کچ و ژنەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بردن.

دوای پێنج ڕۆژ لە داگیرکردنی شنگال لەلایەن داعش و بڵاوبوونەوەی هەواڵی بە بارمتەگرتنی هەزاران ژن و کچی ئێزدی، لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی ئەو ئێزدیانەی کرد کە ئاوارەی دهۆک بووبوون. لێژنەکە لە یەکەم سەردانیدا 100 ملیۆن دیناری لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ ئەوەی جلوبەرگ بۆ ژن و منداڵە ئاوارەکان بکڕێت.

لێژنەکە لە ڕاپۆرتەکەیاندا دەڵێن تاوەکو ئێستا سێ جار سەردانی کەمپی ئاوارەکانیان کردووە. ئەو لێژنەیە کە ڕۆژی 2014/12/1 ڕاپۆرتەکەیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، هەروەها دەڵێن لێژنەکەیان زۆر بە جددی کاری کردووە تاوەکو لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاری ماددی و مەعنەوی پێشکەش بکات بۆ ڕزگارکردنی ئەو کچ و ژنە ئێزدیانەی لەلای داعش ماون.

بەپێی ڕاپۆرتی لێژنەکە، ژمارەی ئەو کچە ڕفێنراوانە لە 4000 زیاترە.

لێژنەکە دەڵێت لەو 343 ئافرەتەی ڕزگارکراون، ئەوان تاوەکو ئێستا چاویان بە 200 لەوانە کەوتووە و هاوکاری ماددی و مەعنەوییان کردوون.

مریەم سەمەد، ئەندامی ئەو لێژنەیە و یەکێک لە ئامادەکارانی ئەو ڕاپۆرتە دەڵێت "ئەوانەی کە ئازاد کراون لە کێشەیەکی گەورەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەییدان، ژمارەیەک کەیسی ئەو ژن و کچانەمان بینیوە کە ئازادکراون و زۆر مەترسیدارن".

### دەیانەوێت مووچەیان بۆ ببڕنەوە

لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕاپۆرتەکەیاندا ئاماژە بە هەوڵەکانیان دەدەن بۆ یارمەتیدانی ژنان و کچانی ئێزدی، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی ئەڵمانیایان کردووە و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە قسەیان کردووە بۆ چۆنیەتی یارمەتیدانی ئەو ژنە ڕزگاربووانە.

مریەم سەمەد، لە لێدوانێکی پێشووتریدا بۆ (ڕووداو) گوتبووی "ڕاپۆرتێکمان دایە حکومەتی ئەڵمانیا و هەموو شتێکمان بە وردی بۆ ڕوونکردوونەتەوە، ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە کە ئامادەن مافی پەنابەری بدەنە هەموو ئەو کچ و ژنانەی ئازادکراون". ئەو گوتی "قسەمان لەگەڵ کەسوکاری ئەو کچانەش کردووە کە ڕازی ببن کچەکانیان ببرێنە ئەڵمانیا، بەڵام ڕازی نابن".

ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو لیژنەی ژنانی پەرلەمانی کوردستان، سەردانی بەغدایان کرد و لەگەڵ چەند لایەنێکی بەرپرس لە بەغدا کۆبوونەوە، جگە لە وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان، وەزیرە ژنەکەی حکومەتی بەغداشیان بینی.

وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، لێژنەکە لە بەغدا تەنیا 27 ملیۆن دیناری لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە بۆ ئاوارەکان. جگە لەوەش داوایان لە لێژنەی ژنان کردووە سەردانی کوردستان بکەن و قسە لەگەڵ ژن و کچە دەربازبووەکان بکەن. هەروەها دەڵێن "لێژنەی ژنان بەڵێنی دا داوا لە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بکەن بۆ ئەوەی مووچە بۆ کچ و ژنە ڕزگاربووەکان ببڕێتەوە".

### "ژنان لە دۆخێکی مەترسیداردان"

ڕاپۆرتەکە باس لە ڕەوشی ژنانی کوردستان و ئەو توندوتیژیانە دەکات کە بەرامبەریان دەکرێت و دەڵێت "بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنین کە ژنانی وڵاتەکەمان لە دۆخێکی مەترسیداردان، ساڵانە بە سەتان ژن بە بیانووی جۆراوجۆر دەکوژرێن و هەزارانیش ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە".

بەبۆچوونی ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە، یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کەلێنی زۆری تێدایە و ناتوانێت بە باشی سزای ئەو کەسانەی بدات کە توندوتیژی دژی ژنان دەکەن، بۆیە داوای هەموارکردنی دەکەن و دەڵێن "یاساکە زۆرتر ناوەڕۆکێکی مەعنەوی هەیە، نەک سزایی بۆ سەرپێچیکاران، ئێستاش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا یاسای سزادانی عێراقی جێبەجێ دەکرێ".

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کە بە یاسای ژمارە (8) دەناسرێ، ساڵی 2011 لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە. بەپێی یاساکە دەبێ دادگایەکی تایبەت هەبێ بۆ دۆسیەکانی توندوتیژی خێزانی. بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی لێژنەکە تاوەکو ئێستا ئەو دادگا تایبەتمەندە دانەمەزراوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان، لە 2014/1/1 تاوەکو 2014/10/30 زیاتر لە 6000 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کراوە، لەوانەش 27 ژن کوژراون، 37 ژن خۆیان کوشتووە، 177 ژن سووتاون و 76 ژن خۆیان سووتاندووە. هەروەها 112 ژنیش دەستدرێژییان کراوەتە سەر.



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

### ڕاسپاردەکانی لێژنەکە بۆ پەرلەمان و حکومەت:

- هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی
- دامەزراندنی دادگای تایبەت بە دۆسیەکانی توندوتیژی خێزانی
- سزادانی کۆمپانیاکانی مۆبایل بەپێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن
- دانانی یاسایەک بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سەنتەرەکانی داڵدەدانی ژنان
- دامەزراندنی سەنتەرێکی توێژینەوەی تایبەت بە ژنان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی زانستی
- دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ هاوکاریکردنی ژنانی قوربانی شەڕی (داعش) بە گشتی و ژنانی شنگال و دەوروبەری بە تایبەتی.
- کارکردن بۆ ڕزگارکردنی هەموو کچ و ژنە ڕفێنراوەکانی لای داعش.
- دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ژنانی قوربانی.
- دابینکردنی تیمێکی پسپۆڕ بۆ شیاندنەوەی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی ژنە ڕفێنراوەکان لەلایەن (داعش)وە، هەروەها هەموو ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

## کەسوکارەکەی دەڵێن کارەبا لێیداوە

# پۆلیسی ڕانیە گومانی لە مردنی ژنێکی 14 ساڵان هەیە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- حاجیاوا**

لە شارۆچکەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕانیە، ژنێکی تەمەن 14 ساڵ لە ماڵی باوکیدا و لە ڕووداوێکی گوماناویدا گیان لەدەست دەدات. کەسوکاری کچەکە دەڵێن ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە. بەڵام سەرچاوەکانی پۆلیس و تەندروستیی ناوچەکە گومانیان لە مردنی هەیە و دەڵێن "پێدەچێت خنکێنرابێت یان خۆی خنکاندبێ".

هاجەر حوسێن حەسەن تەمەنی تەنیا 14 ساڵ بوو شووی کردبوو، تەمەنی هاوسەرگیرییەکەشی وەکو تەمەنی خۆی کورت بوو، هاجەر بە ماوەیەکی کەم دوای شووکردنەکەی تەڵاق درا.

ئەو ژنە کە کەسوکارەکەی بە "فاتیمە"ش ناوی دێنن، ڕۆژی 2014/12/6 لەنێو ماڵی باوکیدا گیانی لەدەستدا. ئەوان دەڵێن کارەبا گرتوویەتی، بەڵام پۆلیس و تەندروستی قسەیەکی دیکە دەکەن.

ئیبراهیم حاجی ئەحمەد، باپیری هاجەر (باوکی دایکی) دەڵێت کە نازانێت نەوەکەی چۆن شووی کرد و چۆنیش وا بە زوویی جیابووەوە "کەسوکاری مێردی هاجەر دراوسێی زاواکەم بوون، داوای هاجەریان کرد، دایک و باوکیشی بەبێ هیچ داواکارییەک پێشکەشیان کرد، بەڵام دوای سێ مانگ زۆر بە ئاسانی جیابوونەوە. چونکە تەمەنی یاساییان تەواو نەکردبوو، گرێبەستی هاوسەرگیریان نەبوو لە دادگا، تەنیا لەلای مەلا مارە کرابوون".

کەسوکاری فاتیمە ئامادە نین قسە لەسەر چۆنیەتی بەشوودانی کچەکەیان بکەن، زۆر لە کەسە نزیکەکانی، لەوانەش خاڵ و مامەکانی دەڵێن ئێمە ئاگادارنین و نازانین چۆن بەشوودراوە.

باپیری فاتیمە وەکو چۆن بێ ئاگایە لە شووکردنی نەوەکەی، لە بارەی مردنەکەشی هیچ نازانێت "ئێمە لەبارەی مردنەکەشی هیچ بەڵگەمان نییە کە دەستی کەسی تێدابووبێت یان بە ئەنقەست خۆی لەناوبردبێت، هەر شتێک هەبێت پۆلیس یەکلایی دەکاتەوە، بەڵام هیچ کێشەیەکی خێزانییان نەبووە تاوەکو گومان لە مردنی بکەین".

وەک باپیری هاجەر باسی کرد، لەکاتی ڕووداوەکەدا تەنیا دایکی هاجەر لە ماڵەوە خەریکی کاری ناوماڵ بووە "هاجەر لەشی تەڕ بووە و بەر کارەبا کەوتووە و بەو هۆیەوە کارەبا لێیداوە، ڕووداوەکەیان بەو شێوەیە بۆ من گێڕاوەتەوە".

بە گوێرەی ئەو توێژینەوانەی لەسەر ڕەوشی ژنان کراون، شووکردن لە تەمەنێکی زوودا مەحکومە بە شکست و زۆرجار بە جیابوونەوە کۆتایی دێت، یانیش ژنەکە بەرگەی کێشەکانی ژیانی هاوسەرگیری ناگرێت و خۆی لەناودەبات.

مامێکی هاجەر دەڵێت ئەوان ئاگاداری چۆنیەتی شووکردنی برازاکەی نین، بەڵام ڕەتیکردەوە مردنەکەی پەیوەندی بە شووکردنەکەیەوە هەبێت.

حەوێز حەسەن، مامی هاجەر بە (ڕووداو)ی گوت "هەرچەندە من بەشدارنەبووم لە مەراسیمی شووکردنەکە، بەڵام بە خواستی خۆیان هاوسەرگیرییان کردووە، من لە دڵەوە پێم ناخۆشبوو کە منداڵێکیان بەشووداوە، لە دوای جیابوونەوەیان ماڵی باوکی زۆر ڕێزیان لێدەگرت و کێشەیان لەگەڵی نەبوو، مردنەکەشی پەیوەندی بە کەسەوە نەبووە".

حەوێز حەسەن گوتیشی "باوکی هاجەر بە کرێکاری حەوت منداڵ بەخێو دەکات، باری ئابوورییان خراپە، خانوویان نییە و لە فەرمانگەیەکی حکومیدا دەژین، بەڵام هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکەینەوە کە لەسەر مردنی برازاکەم دەگوترێن، چونکە مردنەکەی قەزاو قەدەر بووە".

هەروەها سەرکەوت ئیبراهیم کە خاڵی هاجەرە، گوتی "ماڵی هاجەر باری ئابوورییان باش نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی هۆکار نەبووە بۆ هیچ کێشەیەکی خێزانی و زۆریش تەبان، خوارزاکەم بە قەزاو قەدەر مرد بە ڕووداوی کارەبا، بەڵام منیش وەک هەندێک لە کەسوکارەکەی بەشدارنەبووم لە مەراسیمی بەشوودانەکەی. هاجەر هەرچەندە منداڵ بوو، بەڵام کەسێکی لەسەرخۆ بوو".

### پۆلیس گومانی هەیە

موقەدەمی پۆلیس حەسەن حاجی ڕەشید، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ ئاگاداربوونمان لە ڕووداوی مردنی ئەو ژنە، دەستبەجێ ئەفسەری ئێشکگر دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە، دەرکەوت مردنەکەی گوماناویە، بۆیە تەرمەکەی لە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بۆ پزیشکی دادوەری سلێمانی بەڕێکرا بۆ ئەوەی ڕاستیی ڕووداوەکە ئاشکرا ببێ".

تاوەکو ئێستا کەس سکاڵای لەسەر مردنی ئەو کچە تۆمار نەکردووە، زۆربەی جاریش بە بیانووی نەبوونی سکاڵا پۆلیس ئەم جۆرە دۆسیانە دادەخات. بەڵام پۆلیس دەڵێت "پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو ڕووداوە گوماناوییە کراوەتەوە".

### تەندروستی ڕانیە: شوێنەواری پەت بەسەر ملی ژنەکەوە دیارە

### شوێنەواری پەت لەسەر ملی دیارە

ئەوەی زیاتر گومانەکان تۆختر دەکاتەوە کە مردنەکەی هاجەر قەزا و قەدەر نەبێت، قسەی تەندروستیی ڕانیەیە. تەها محەممەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین بە (ڕووداو) گوت "بەهۆی گومان لە مردنەکەی، پزیشکی دادوەری ڕانیە تەرمی ئەو ژنەی ناردووە بۆ پزیشکی دادوەری سلێمانی، چونکە بەقسەی کەسوکارەکەی، بەهۆی کارەباوە گیانی لەدەست داوە، بەڵام لە پزیشکی دادی ڕانیە کە پشکنینیان بۆ تەرمەکە کرد، هیچ شوێنەوارێکی بەرکەوتنی کارەبا بە لاشەیەوە نەبوو".

ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەپێی ئەو پشکنینە سەرەتاییانەی لە پزیشکی دادی ڕانیە بۆ تەرمەکە کراوە "شوێنی پەت بە ملیەوە بووە و بەو هۆیەوە مردووە، بۆیە گومان دەکرێت خنکێنرابێت یان خۆی خنکاندبێ".



کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (338) دووشەممە 2014/12/15

## لە سلێمانی تەرمی پیاوێک دەدۆزرێتەوە




**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژی 2014/12/14 تەرمی هاووڵاتییەکی دانیشتووی سلێمانی لەبەرامبەری چێشتخانەیەکی شارەکە دۆزرایەوە و دواتر ڕەوانەی پزیشکی دادوەری دەکرێت. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی سلێمانی، تەمەنی پیاوەکە لە سەرووی 50 ساڵ دەبێت و هیچ شوێنەوارێکی لێدانی پێوەدیار نییە، پێدەچێت نەخۆش بووبێت و بەدەم ڕۆیشتنەوە کەوتبێت و گیانی لەدەست دابێ. هەر بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس ئەو پیاوە هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبووە، بۆیە نەناسراوەتەوە و چاوەڕێی کەسوکاری دەکەن سۆراغی پیاوەکە بکەن.

### لای هاوڕێکانی گوتبووی ژیانی لە مەترسیدایە

# کچە قوتابییەک دڕندانە دەکوژرێ



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

کچە قوتابیەکی دانیشتووی شارۆچکەی قەڵادزێ لەلایەن کەسانی نەناسراوە دەڕفێنرێ و دواتر بە سەربڕاوی لە دەرەوەی قەڵادزێ دەدۆزرێتەوە. برای کچەکە دەڵێت "کەللە سەریان خستبووە نێو عەلاگەیەک و جەستەشیان لە نێو گونیەیەک دانابوو".

ڕۆژی 2014/12/10 کچە قوتابییەکی پۆلی 12ی ئامادەیی بە ناوی کوێستان مەحموود عەبدوڵلا، دانیشتووی گەڕەکی قەڵات لە قەڵادزێ لەکاتی چوونی بۆ قوتابخانە ڕفێنرا و دواتر تەرمەکەی لە دەرەوەی قەڵادزێ بەسەربڕاوی دۆزرایەوە. تاوەکو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بکەرانی تاوانەکە دیار نین و پۆلیس کەسی دەستگیرنەکردووە.

شۆڕش مەحمود عەبدوڵلا، برای کوێستان بە (ڕووداو)ی گوت کە بە تەلەفۆن لە ڕفاندنی خوشکەکەی ئاگادارکراوەتەوە، تاوەکو ئێوارە چاوەڕێی گەڕانەوەی خوشکەکەی بووە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە، بۆیە دواتر پەنای بۆ هێزە ئەمنییەکان بردووە.

شۆڕش دەڵێت "تاوەکو کاژێر هەشتی شەو لەگەڵ هێزێکی زۆری پۆلیس و ئاسایش لەو ناوچەیەی مۆبایل و جانتای خوشکەکەمی لێ دۆزرابووەوە، بەدوایدا گەڕاین، بەڵام نەماندۆزیەوە".

شۆڕش بەردەوام دەبێت لە قسەکانی و دەڵێت "دوای ئەوەی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس گەڕانەوە، لەگەڵ ئامۆزایەکم بەردەوام بووین لە گەڕان و تەرمەکەمان لە نزیک گوندی سرێچە لە ڕۆژئاوای قەڵادزێ دۆزییەوە".

شۆڕش ئێستاش کە کاتی دۆزینەوەی تەرمەکەی بیردێتەوە ترس دایدەگرێت "سەریان لە جەستەی جیاکردبووەوە، جەستەکەیان خستبووە نێو گونیەیەک و کەللەسەرەکەشیان لە نێو نایلۆنێک دانابوو".

برای کوێستان نازانێت کێ ئەو تاوانەی کردووە، بەڵام بە مەزەندەی خۆی دەڵێت پێدەچێت سێ کەس بووبن "من نازانم کێ و بۆچی ئەو تاوانەی کردووە، بەڵام خوشکەکەم هەرچییەکی کردبێت شایەنی سزایەکی وا وەحشیانە نەبوو".

شۆڕش ڕەتیکردەوە کێشەیان لەگەڵ کەس هەبووبێت، هەرچەندە گوتی پێشتر کێشەیەکی بچووکیان هەبووە، بەڵام چارەسەریان کردووە. شۆڕش تەنیا یەک سەرەداو شک دەبات بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و دەڵێت بە تەلەفۆن ئاگادار کراوینەتەوە، بەڵام ئێستا ئەو ژمارەیە داخراوە.

کوێستان خاوەنی سێ براو سێ خوشکە، برایەکەی زۆر پەسنی خوشکەکەی دا و گوتی "کچێکی تا بڵێی لەسەرخۆ و هێمن بوو، تاوەکو ئێستا نەیگوتووە کێشەی هەیە، ئێمەش هەستمان بە هیچ نەکردووە".

### پێشتر هەڕەشەی لێکراوە

بەڵام سەرچاوەیەک لەو قوتابخانەیەی کە کوێستان لێیدەخوێند بە (ڕووداو)ی گوت، دوای ڕووداوەکە ئاسایشی ناوچەکە سەردانی قوتابخانەکەی کوێستانی کردووە و لەوێ پرسیاری لەبارەی کوێستانەوە لە قوتابییەکان کردووە.

ئەو سەرچاوەیە لەبەر ئەوەی ڕێپێدراو نییە لێدوان بدات، نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "قوتابی و مامۆستاکان گوتیان کچێکی زۆر بە ڕەوشت بوو، بەڵام لە خوێندن لاوازیی پێوە دیاربوو. لەلای قوتابییەکان گوتبووی کە مەترسی لەسەر ژیانی هەیە و هەڕەشەی لێدەکەن، بەڵام ئاشکرای نەکردبوو مەترسییەکە چییە و کێ هەڕەشەی لێدەکات".

حەسەن حاجی ڕەشید، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی 2014/12/10 دوا ڕۆژی هەڵمەتی نیشتیمانی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ بوو، بە شێوەیەکی دوور لە بنەما مرۆییەکان لە شارۆچکەی قەڵادزی کچە خوێندکارێک بە ئۆتۆمبێلێکی نەناسراو بۆ شوێنێکی نادیار دەڕفێنرێت و دواتر تەرمەکەی بەسەر بڕدراوی لە نزیک گوندی سرێجە لە خۆرئاوای شارۆچکەکە فڕێدەدرێت".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ژمارە تەلەفۆنێکی نەناسراو ئاسایشی لە ڕووداوەکە ئاگادارکردووەتەوە. ئێستا هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن بۆ ئەوەی سەرەداوی ئاشکراکردنی تاوانەکەیان دەستبکەوێت.

لە ماوەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کە 16 ڕۆژی خایاند، ئەوە دووەم تاوانی کوشتنی ژنانە لە دەڤەری پشدەر تۆمار دەکرێت، جگە لەوەش پۆلیس گومانی لە گیان لەدەستدانی بێوەژنێک هەیە کە کەسوکارەکەی دەڵێن بەهۆی کارەباوە گیانی لەدەستداوە.

حەسەن حاجی ڕەشید دەڵێت کوشتنی کوێستان چوارەم تاوانی کوشتنی ژنانە کە ئەمساڵ لە دەڤەرەکەیان ڕوویداوە، بەڵام لە 10 ساڵی ڕابردوودا ئەوە یەکەمجارە کچێک بەو شێوەیە بکوژرێت.



**ڕائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر ***

# منداڵێک کێشە دەخاتە نێوان ژن و مێردێک

ژنێک هاتە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان داوای دەکرد لە مێردەکەی جیاببێتەوە، پرسیارمان لێکرد کە بۆچی جیا دەبێتەوە؟ هیچی نەگوت، تەنیا دەیگوت دەمەوێ جیاببمەوە.

هەرچەندە پێیگوترا کێشەکەت لە دادگای باری کەسییە، بەڵام ئەو پێداگیری دەکرد کە دەبێت بانگی مێردەکەی بکرێت بۆ ئەوەی لە یەکدی جیاببنەوە. کاتێک پەیوەندی بە مێردەکەیەوە کرا، ئەو زۆر بە پەرۆشەوە هات بۆ لای ژنەکەی و گوتی سێ ڕۆژە منت سەرگەردان کردووە، مەحاڵە بێ تۆ بژیم، تۆش ناتوانیت بێ من بژیت، جیابوونەوەی چی!

پیاوەکە باسی کێشەی نێوان خۆی و ژنەکەی کرد و گوتی "ئێمە چەند ساڵێکە ژن و مێردین، بەڵام منداڵمان نابێت. دکتۆر نەماوە سەردانی نەکەین. خزمێکم منداڵێکی تازە لە دایکبوویان پێشکەش کردین، منداڵەکەمان لە خۆمان خۆشتر دەویست، بەڵام نەمانزانی باوکی منداڵەکە بەبێ ڕەزامەندی ژنەکەی ئەو کارەی کردووە. باوکی منداڵەکە زوو زوو سەردانی دەکردین و لە هەواڵی منداڵەکەی دەپرسی. ڕۆژێکیان منداڵەکە نەخۆش کەوت، باوکی منداڵەکە بەناوی نەخۆشخانەوە منداڵەکەی برد و نەیهێنایەوە، پاشان باوکی منداڵەکە پەیوەندی پێوەکردین و گوتی منداڵەکەتان بۆ ناگەڕێنینەوە، ئێوە نازانن بەخێوی بکەن. ئیدی لەو ڕۆژەوە ژنەکەم باری دەروونی بە تەواوی تێکچووە و لە ماڵ دەرچوو". پیاوەکە دەیپرسی "باشە تاوانی من چییە، بۆچی لێم جیادەبیتەوە؟".

ژنەکە قسەکانی بە مێردەکەی بڕی و گوتی "سێ ڕۆژی دیکە ڕۆژی لە دایکبوونی منداڵەکەمە، ئەگەر ئەو ڕۆژە منداڵەکەم لە باوەش نەبێت بەرگە ناگرم، بۆچی سەرەتا منداڵەکەیان پێداین و ئێستاش لێمان دەستێننەوە، خەتای مێردەکەمە، بۆیە دەمەوێ لێی جیاببمەوە".

لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو ژن و مێردە، پێیانگوترا کە هەر لە سەرەتاوە هەڵەتان کرد ئەو منداڵەتان بەو شێوەیە وەرگرتووە، دەبووایە ڕەچاوی ئەوەتان کردبا کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خزمەکەتان پەشیمان دەبێتەوە. دەبووایە لەڕێگای دادگاوە منداڵێکتان وەرگرتبا، چونکە زۆرجار منداڵی تازە لەدایکبوو لە نەخۆشخانەکان یان منداڵی فڕێدراو دەهێنرێت بۆ لای پۆلیس، دواتر ئەو منداڵە لە ڕێگەی دادگای نەوجەوانانەوە دەدرێتە دایک و باوکی میهرەبان.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای چاودێریی نەوجەوانان، لە مادە (39)ی یاسای ژمارە (76)ی ساڵی (1983)دا هاتووە پێویستە لەسەر ژن و مێرد پێکەوە داوایەکی هاوبەش پێشکەش بە دادگای نەوجەوانان بکەن بۆ لەخۆگرتنی منداڵێکی بێ دایک و باوک، یان ئەو منداڵەی دایک و باوکی نادیارن، لەسەر دادگاش پێویستە پێش ئەوەی بڕیاری لەخۆگرتن دەربکات، لێکۆڵینەوە لەسەر داواکارییەکە بکات کە پێویستە داواکارەکان عێراقی بن و ناسراو بن بە ڕەوشتی چاک و تەندروست باش بن لە نەخۆشییە گوازراوەکان، هەروەها توانای داراییان هەبێت بۆ بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردەکردنی.

لە کۆتاییدا ژن و مێردەکە بڕیاریان دا ناویان لەو دادگایە تۆمار بکەن و ژنەکەش گەڕایەوە لای مێردەکەی.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# کچانی کورد لاسایی ئامینە ئەردۆغان دەکەنەوە



**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا و بەتایبەتی لە هەولێر، وەک ململانێی نێوان هەموو کاڵاکانی دیکە، لە جلوبەرگی ئافرەتانیشدا خەریکە حیجابی تورکی شوێن بە عەبای خەلیجی و مانتۆی ئێرانی لێژ دەکات.

ئەم مۆدێلە تازە داکەوتووەی جلوبەرگ سیمای کچانی کوردی بەتەواوی گۆڕیوە. زۆر لەو ئافرەتانەی ئەم حیجابە دەکەن و (ڕووداو) قسەی لەگەڵ کردن، دەڵێن بەردەوام سەیری ئەو دراما تورکیانە دەکەن کە ئەکتەرەکانیان بە حیجابەوە دەردەکەون.

### 300 سەرپۆشی هەیە

شنۆ، مامۆستایە لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری هەولێر، سەرسامی خۆی بۆ مۆدێلە تورکییەکان نەشاردەوە و گوتی "زۆر سەرسامم بە مۆدێل و ستایلی پۆشاکی تورکی، لە هەموو بازاڕکردنێکدا لانیکەم سەرپۆش و نوێترین پۆشاکم کڕیوە. ئێستاش زیاتر لە 300 سەرپۆش و جۆرەها مۆدێلی پۆشاکم هەیە، شوێنم نەماوە بۆ هەڵگرتنیان، بڕواش ناکەم یەک سەرپۆشم دووجار خستبێتە سەر سەرم".

### "خێزانی ئەردۆغان ستایلی ئەمساڵیشمانە"

سایە کاروان، خوێندکارە لە زانکۆی سەلاحەددین، کچێکی باڵاپۆشە بەڵام بە ستایلی تورکی. ئەو دەڵێت جوانیی جلوبەرگی باڵاپۆشی تورکی سەرنجی ڕاکێشاوە و ئێستا لەبەرکردنی ستایل و مۆدێلە تورکییەکان لێی بوون بە خوو و جلوبەرگەکانی دیکەی پێ فڕێداوە. سایە گوتی "چەند ساڵێکە تەنیا ستایلی تورکی بەکاردەهێنم، چونکە پۆشاکی تورکی قاڵبەکەی بۆ جەستە پوخت و ڕێکوپێکە و کاتێک دەیپۆشیت جوانتر و ناسکتر دەردەخات".

سایە باس لە کچانی هاوپۆل و زانکۆکەی دەکات و دەڵێت لە زانکۆش زۆربەی کچە قوتابییەکان پۆشاک و ستایلی تورکی بەکاردەهێنن "ماوەی سێ چوار ساڵە ستایلی تورکی و بەتایبەت ئەو ستایلەی خێزانەکەی ئەردۆغان دەیپۆشێت، لەلایەن کچانەوە زۆر بەکاردێت". گوتیشی "بۆ ئەمساڵیش هەمان ستایل بەکاردێنین".

### شوێنی بە مانتۆ و عەبای خەلیجی لێژ کردووە

"پێشتر هەموو جۆرە جلوبەرگێکمان دەهێنا، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە تەنیا مانتۆ و عەزێی تورکی دێنین". ئەمە قسەی گۆران سەیفەدینی خاوەنی دووکانی حیجابی ئایەیە لە هەولێر. هۆکارەکەشی بۆ زۆربوونی خواست لەسەر ستایلی پۆشاکی تورکی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "چەند ساڵێکە خواستی ئافرەتان لەسەر پۆشاکی تورکی بەجۆرێک زیادی کردووە کە ئێمە چیدی بیر لە هێنانی پۆشاکی خەلیجی و سووری و ئێرانی ناکەینەوە، ئەگەرچی کەم کەمە خواست لەسەر ئەوانەش هەیە".

گۆران باس لە جۆر و نرخەکانی ئەو جلوبەرگە تورکیانە دەکات و دەڵێت "پۆشاکی تورکی جۆری قوماش و شێوازی دوورینیان زۆرە، بە نموونە ئەو جۆرانەی ئێمە دەیهێنین بریتین لە مۆدێلەکانی (زوهرە، ئارڤینا، کایرا و ...هتد). نرخی پۆشاکەکانیش نە زۆر گرانن و نە زۆر هەرزان، لە نێوان 70 بۆ 155 دۆلاردایە".

### کڕیاری عەبای خەلیجی هەر ماوە

عوسمان خالید کە ساڵانێکی زۆرە فرۆشیاری پۆشاکی ئافرەتانە، دەڵێت "پێش چەند ساڵێک عەبا و سەرپۆش و پاپوچی خەلیجی بەیەکەوە مۆدێل بوون و ئافرەتان زۆر کڕیاری بوون، ئەگەرچی زۆریش گران بوو، بەڵام ئافرەتان هەر دەیانکڕی".

عوسمان خالید دەڵێت عەبای خەلیجی هێشتا مۆدێل و کڕیاری هەر ماون "هێشتا خواست لەسەر عەبای خەلیجی هەیە و کڕیاریشی هێشتا هەن، بەتایبەتی لە مۆدێلەکانی (نەدا، ئەلفینی بە کڵاو کە مۆدیلی مەغریبییە، ئیسلامیک کە جۆرەکەی داخراوە، کاترینا کە خەلیجی خۆیان دەیپۆشن و ئەستوورە)". عوسمان گوتیشی "ئەوانەی عەبای خەلیجی لەبەردەکەن زیاتر ژنی ماڵ و بەتەمەنەکانن، بەڵام کچانی زانکۆ بۆ ڕێکدەرکەوتنی جەستەیان جلی تورکی دەپۆشن".

### عەبایەک بە 10 هەزار دۆلار

عوسمان باس لە نرخەکانی عەبای خەلیجی دەکات و دەڵێت "نرخی یەک عەبای خەلیجی لە 100 بۆ 10000 دۆلاری ئەمریکییە، بەڵام ئەوەی نرخەکەی زۆر گرانە ناهێنرێتە بازاڕەکانی کوردستان، چونکە زۆر گرانە. بۆیە ئەگەر کەسێک بەتایبەت داوای بکات بۆی دەهێنرێت. ئەو جۆرەش بەتایبەت دروست دەکرێت و بە نقێمی سوارۆسکی کە گرانبەهایە دەڕازێنرێتەوە"

کچان لاسایی دراماکان دەکەنەوە

بە وتەی چۆمان، کە فرۆشیارێکی حیجابە لە سلێمانی، دراماکان کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر کڕینی ئەم پۆشاک و سەرپۆشانە لەلایەن کچانەوە هەبووە.

چۆمان دەڵێت "کڕیاری وا هەیە مانگانە زیاتر لە 10 لەچکم لێدەکڕێت، ئەگەرچی هەندێک لەوانە باڵاپۆشیش نین، بەڵام بەهۆی کاریگەریی دراماکان لەسەریان دەیکڕن و لاسایی ئەکتەرەکان دەکەنەوە".

چۆمان گوتیشی "بازاڕی ئێمە لەکاتێکدا گەرمتر دەبێت ئەگەر درامایەکی تازە لە کەناڵەکان پەخش بکرێت، بەتایبەت ئەوانەی ئافرەتی باڵاپۆشیان زۆر تێدا بێت، بۆ نموونە لەکاتی درامای تورکی (بێریڤان) زیاتر لە 80%ی کڕیاران موشتەری لەچکی بێریڤان بوون".

بەپێی بەدواداچوونمان لەبارەی جۆر و مۆدێلەکانی پۆشاک و سەرپۆش لە شارەکانی کوردستان، لە هەولێر پۆشاکی تورکی پێشەنگە، بەڵام لە سلێمانی پۆشاکی ئێرانی زۆرتر بەکاردێت، لە دهۆک و کەرکووکیش سەرپۆش و عەبای خەلیجی زۆرترین کڕیاریان هەیە. لە پارێزگای هەڵەبجەش سەرپۆش و جلوبەرگەکانیان زیاتر لایەنە ئاینییەکە بەسەریدا زاڵە.

کانی، نەک شێوازی جلوبەرگی، بەڵکو خۆشی لە ڕووخسار و باڵادا وەک ئەکتەرە تورکەکان بوو، بە پێکەنینەوە گوتی "دەچمە هەر دووکانێک جلوبەرگەکان هێندە شیکن لەبەرم، سەرنجی دووکاندارەکەش ڕادەکێشم، ڕۆژێک دووکاندارێک پێیگوتم تەنیا بە جلی دووکانەکەمەوە با وێنەت بگرم و هەڵیواسم هەرچی جلی دووکانەکە هەیە ببیە، چونکە تۆ باشترین ڕیکلامی".

## دهۆک 40 کتێبی بە قەرز چاپ کردووە

# ئەمساڵ هەولێر تەنیا 5 کتێبی چاپکردووە و سلێمانیش هیچ

**رووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەر و کارمەندانی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب هەرگیز ئەمساڵیان لەبیرناچێتەوە، چونکە لەدوای راپەڕینی 1991ەوە، هیچ ساڵێک وەکو ئەمساڵ دەرگای بازاڕ لەسەر کتێب دانەخراوە. لە هەرسێ شارەکەی هەرێمی کوردستان، تەنیا 255 کتێب چاپ و بڵاوبوونەتەوە.

لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، سێ بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە هەن کە ساڵانە کتێب چاپ دەکەن، چەند ناوەندێکی رۆشنبیریش هەمان کار دەکەن. سەرجەمیان ئاماژە بەخراپیی دۆخی ئەمساڵی چاپ و فرۆشتنی کتێب دەکەن، ئەوەش بەهۆی قەیرانی داراییەوە کە ئەمساڵ بەرۆکی کوردستانی گرت.


### هەولێر 5 کتێبی چاپکرد

ماجید نوری، بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە لە هەولێر، نیگەرانە لەوەی ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی داراییەوە توانیویانە تەنیا 5 کتێب چاپ بکەن. ئەو دەڵێ هەرچەندە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەیە "بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجەوە کەرەستەی چاپەمەنیمان نییە تاوەکو کتێب چاپ بکەین".

یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکانی هۆشیاری و پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگەیەک لیستی چاپەمەنییەکانیەتی. دیاریکردنی ئاستی خوێندەواری و شارستانیی کۆمەڵگاکان بەندە بە کتێبدۆستی خەڵکەکەیەوە.

### دهۆک بەقەرز چاپی کرد

بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی دهۆک لەهەولێر باشتر بوون و ئەمساڵ 40 کتێبیان چاپکردووە، بەڵام بەقەرز. خاوەن قەرزەکەش چاپخانەی پارێزگای دهۆکە.



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

کەریم بیانی، بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی دهۆک، دەڵێ ئەمساڵ بودجەیان نەبووە "بەڵام کتێبمان چاپکرد، چاپخانەی پارێزگای دهۆک 40 کتێبیان بە قەرز بۆ چاپکردووین". بەڵام هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە تاوەکو ئێستا پاداشتی نووسەری کتێب و ئەو کەسانەشیان نەداوە کە کاریان بۆ ئامادەکردنی کتێبەکان کردووە.

### پایتەختی رۆشنبیری هیچی چاپ نەکرد

حاڵەتە هەرە نائاساییەکە لە سلێمانی بوو. پایتەختی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان کە دەبێت زۆرترین چالاکی هونەری و رۆشنبیری و کەلتووری لەخۆبگرێ، نەیتوانی هیچ کتێبێک چاپ بکات.

محەممەد کوردۆ، بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی دەڵێت پێشتر ساڵانە لانیکەم 100 کتێبیان چاپ کردووە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیانتوانی هیچ بەرهەمێک چاپ بکەن، "تەنانەت گۆڤارێکیشمان هەبوو ئەویشمان راگرت".

بەڵام دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان کە ماوەی نزیکەی 2 ساڵە دامەزراوە و د.تەها رەسوڵ سپۆنسەریەتی، نزیکەی 80 کتێبی چاپکردووە.

بەختیار سەعید، بەڕێوەبەری دەزگای جەمال عیرفان بە (رووداو)ی گوت، ئەو 80 کتێبەیان لەبوارەکانی (ئەدەب و هونەر و مێژوو) بە زمانە جیاوازەکان چاپکردووەو لەگرنگترینیشیان پرۆژەی کتێبی (مێژووی شارستانیەت)ە کە 30 بەرگە و تاوەکو ئێستا 10 بەرگیان لێ چاپکردووە.

سەبارەت بەرێژەی فرۆشتنی کتێب، بەختیار سەعید ئاماژەی بەوەدا کە هەرچەندە داشکاندنیشیان بۆ فرۆشتنی کتێب کردووە، بەڵام فرۆش زۆر زۆر خراپ بووە، جگە لەوەش هیچ کۆمپانیایەک نەبووەتە سپۆنسەری کتێبەکانیان.

هەژار مەجید، خاوەنی ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، دەڵێ ئەمساڵ توانیویانە تەنیا 20 کتێب چاپ بکەن "بەڵام فرۆشتنی کتێب زۆر خراپ بووەو هیچ لایەنێکیش نەبووەتە سپۆنسەری فرۆشتنی کتێب".

دەزگای (سپیرێز) کە دەزگایەکی ئەهلییە لە شاری دهۆک و کتێب چاپ و بڵاودەکاتەوە، ئەمساڵ نەیتوانی هیچ کتێبێک چاپ بکات.

موئەیەد تەیب، بەڕێوەبەری دەزگای (سپیرێز) دەڵێت، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 400 ناونیشانیان چاپکردووە، بەڵام ئەمساڵ قەیرانی دارایی بووە هۆی ئەوەی نەتوانن هیچ کتێبێک چاپ بکەن.

موئەیەد تەیب گوتی کە پێشتر لەلایەن رێکخراوی (دیاکۆنیا)ی سویدی هاوکاری کراون، هەروەها مانگانەش منحەیەکیان بەبڕی 15 ملیۆن دینار لەحکومەت وەرگرتووە لەگەڵ هاوکارییەکی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت "بەڵام ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی داراییەوە منحەکەمان کراوە بەنیوە و سێ مانگیشە وەرماننەگرتووەو هاوکارییەکەی سەرۆکی حکومەتیشمان لێ بڕاوە، بۆیە نەمانتوانی هیچ کتێبێک چاپ بکەین".

موئەیەد تەیب روونیکردەوە، داهاتی ئەمساڵیان تەنیا فرۆشی کتێبی پێشتر بووە کە ئەوەش زۆر کەم بووەو تەنانەت بەهۆی قەیرانەکەوە کارمەندیشیان رەوانەی ماڵەوە کردووەتەوە.

### ئاویەر ناوازە بوو

دەزگای (ئاویەر) ماوەی چوار ساڵە دامەزراوەو بەدرێژایی ئەو ماوەیە 280 کتێبیان بەچاپ گەیاندووەو ئەمساڵیش توانیویانە 80 کتێب چاپ بکەن.

حەسەن بورانی، بەڕێوەبەری دەزگای ئاویەر بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەمساڵ لەهەموو ساڵەکان کتێبیان زیاتر چاپکردووە کە 80 کتێبە و بایی نزیکەی 560 ملیۆنە و لەهەمانکاتیشدا بایی 50 ملیۆن فرۆشیان نەبووە.

بەپێچەوانەی سەرجەم ناوەندە رۆشنبیری و هونەرییەکانی کوردستانەوە، بورانی ئاماژەی بەوەدا کە قەیرانی دارایی کاریگەری نەبووە لەسەریان "چونکە لەو کتێبانەی ساڵانی رابردوو فرۆشتبوومان پارەکەمان نەداوە بە کۆمپانیا و بینا و خانوو، بەڵکو کۆمانکردەوە و ئەمساڵ کتێبمان پێ چاپکردەوە".

بواری چاپکردنی کتێبی منداڵانیش بەهەمان شێوەی کتێب بۆ گەورەکان خراپ بوو. نیان ئەحمەد، بەڕێوەبەری زنجیرە کتێبی منداڵان لە وەزارەتی رۆشنبیری، دەڵێ کە ئەوان 30 کتێبیان ئامادەبووە بۆ چاپ "بەڵام نەمانتوانی هیچی چاپ بکەین".

# نامەیەک لە قوتابیانی کوردەوە لە رووسیا بۆ نێچیرڤان بارزانی

ئێمە ژمارەیەک قوتابی کوردین لە رووسیا، بۆ ساڵی خوێندنی (2013- 2014) بۆ درێژەدان بە خوێندنی (بکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا ) بە زەماڵەی حکومەتی رووسیا وەرگیراین. کۆرسی زمانی رووسیمان بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە و ئێستا سەرجەممان لە خوێندن بەردەوامین، وا بۆ ساڵی دووەم دەچێت کە کێشەکەمان چارەسەر نەکراوە و دەرماڵەی مانگانە و کرێی هاتوچۆی ساڵانەمانە بۆ خەرج نەکراوە، لەکاتێکدا زۆربەمان نەوەی پێشمەرگە و خاوەن شەهید و کەمدەرامەتین، بۆیە ئەگەر بەڕێزتان هاوکار و پاڵپشتیمان نەکەن ناتوانین درێژە بەخوێندنەکەمان بدەین.

ئێمە بە ئاگاداری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوین، لە 2013/5/29 کونسوڵخانەی رووسیا لە هەولێر بە نووسراوی ژمارە (135) فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە کێشەکەی ئێمە ئاگادارکردووەتەوە. فەرمانگەی ناوبراویش بە نووسراوی فەرمی، وەزارەتی خوێندنی باڵایان ئاگادار کردووەتەوە. جارێکی دیکە لە 2013/8/1 کونسوڵخانەی رووسیا بە نووسراوی ژمارە 188 فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لە وەرگیرانی قوتابییەکان ئاگادارکردەوە، فەرمانگەی پەیوەندییەکانیش بە نووسراوی ژمارە (4889 لە 2013/8/4) وەزارەتی خوێندنی باڵایان لێ ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا دەڵێ "چارەسەر تەنیا لای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە".

ئەمە لەکاتێکدایە کە خەرجی لێرە زۆر گرانە، قوتابیانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق مانگانە 2200 دۆلار وەردەگرن لە وەزارەتی خوێندنی باڵای بەغدا، کەچی سەفارەتی عێراق لە مۆسکۆ پێماندەڵێن بڕۆن با حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشە بودجەی خۆی بۆتان خەرج بکات.

داواکارین لە بەڕێزتان وەک خەمخۆری هەمیشەیی قوتابیان، بە تەنگ داواکاری و کێشەکەمانەوە بێن و چارەسەری بکەن و رەزامەندی بفەرموون لەسەر دابینکردنی بودجەیەک بۆ دەرماڵەی مانگانە و کرێی هاتوچۆی ساڵانەمان، چونکە سەرجەممان لە بارێکی سایکۆلۆژی خراپدا دەخوێنین و دەژین.

**23 قوتابی کورد لە رووسیا**

# "سۆران لە ئۆتۆمبێلی علوج یەکەمی بێ رکابەرە"

**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداو – سۆران**

تەنیا لەلایەکی شەقامی بازاڕی سەنتەری سۆران، 19 ئۆتۆمبێلی تابلۆ باریک کە خەڵک بە "علوج"یان ناودەبەن، راگیراون. بەهۆی ئەم ئۆتۆمبێلانەیە کە هەندێک خەڵک بە تەنزەوە دەڵێن "سۆران پایتەختی ئۆتۆمبێلە علوجەکانە". دانیشتوویەکی سۆران دەڵێت "ئەم شارەی ئێمە یەکەمی بێ رکابەرە لە ئۆتۆمبێلی علوجدا".

سابیر محەممەد، ئۆتۆمبێلێکی علوجی پێیە لە جۆری پیکاب، ئاشکرای نەکرد کە ئۆتۆمبێلەکەی بە چەند کڕیوە، تەنیا گوتی "ماڵی هەژارانە". سابیر دەڵێت سوودی زۆری لەو ئۆتۆمبێلە بینیوە و ترسی دەستگیرکردنیشی نییە "کاری ئێمە تەنیا لە سنووری ئەم دەڤەرەیە و لە سۆران دوورناکەوینەوە، لێرە دەتوانین بە ئازادی کارەکانی خۆمان بەو ئۆتۆمۆبێلانە بکەین".

علوج، لە زاری محەممەد سەعید سەحاف، وەزیری راگەیاندنی سەردەمی سەدامەوە داکەوت. سەحاف ئەو زاراوەیەی بۆ هێزەکانی ئەمریکا بەکاردەهێنا، بەڵام ئێستا بووەتە ئیدیۆمێک لە نێو خەڵکیدا و بەو شتانە دەگوترێن کە خاوەنیان دیار نییە. ئەو دەستەواژەیە زۆرتر بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە بێ خاوەنانە بەکارهات کە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق تاڵانکران و بەشێکی زۆریان هێنرانە کوردستان.

ئێستا ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە زۆرتر لە قەزا و ناحیەکانن، لەوێ کەمتر دەکەونە بەردەستی مەفرەزەکانی پۆلیسی هاتوچۆ. بەهۆی هەرزانیی نرخەکانیشیان خەڵکی قەزا و ناحیە و گوندەکان موشتەری یەکەمی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانەن.

بەشێک لە شۆفێران لە دەڤەری سۆران بە ئارەزووی خۆیان تابلۆ بۆ ئەم ئۆتۆمبێلانە دروست دەکەن و دەنووسن (سۆران – کوردستان)، هەشیانە ناوی گەڕەکەکەی خۆی لە تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەی داوە، بۆ نموونە (سۆران- دیڵزیان) یان (سۆران- معمل قیر) و هتد.

محەممەد قادر، دانیشتووی قەزای سۆرانە، داوا لە حکومەت دەکات سنوورێک بۆ هێنانی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە دابنێت. ئەو وەک ئاماژەیەک بۆ زۆربوونی ئۆتۆمبێلی علوج لە ناوچەکەیان بە پێکەنینەوە گوتی "سۆران لە ئۆتۆمبێلی تەسدیر و علوج یەکەمی بێ رکابەرە".

پۆلیسی هاتوچۆی سۆران هیچ ئامارێکی ئۆتۆمۆبێلە علوجەکانی لانییە، چونکە سۆران پارێزگا نییە و بەڕێوەبەرایەتی گشتیشی نییە تاوەکو ئاماری ئەو ئۆتۆمبێلانە کۆبکاتەوە.

نەقیب سالار تەحسین سەیدۆ بەرپرسی کارگێڕی و راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سۆران باسی سەرچاوەی هاتنە ژوورەوەی ئەو ئۆتۆمۆبێلە علوجانە دەکات "ئەو ئۆتۆمۆبێلانە بەهیچ شێوەیەک لە مەرزەکانی هەرێمی کوردستانەوە داخیل نابن، بەڵکو سەرچاوەی هاتنیان لە عێراقەوەیە کە بە تەسدیر کوێت و ئیمارات و دوبەی داخیل دەبن".

سەبارەت بە زۆریی ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانە لە سۆران، ناوبراو گوتی "نرخەکەیان هەرزانە، بۆ نموونە ئەگەر تۆ پیکابێکی جۆری هایلۆکس بە 20 هەزار دۆلار بکڕیت، علوجەکەی بە 8 هەزار دۆلارە".

وەکو شوفێری ئەو ئۆتۆمبێلە علوجانە باسی دەکەن، ئێستا شوفێری ئۆتۆمبێلەکانی دیکەش تابلۆی ئۆتۆمبێلەکانیان لێدەکەنەوە و تابلۆی باریک هەڵدەواسن بۆ ئەوەی نەکەونە داوی کامێراکانی کۆنترۆڵکردنی خێرایی.

بەڵام نەقیب سالار دەڵێت، ئەو فێڵەی شوفێران سەرناگرێت "ئێمە هەفتانە دووجار زیاتر مەفرەزە لەهەر چوار قەزاکەی دەڤەری سۆران دادەنێین، هەر کاتێک ئۆتۆمبێلێکی علوج کەوتە نێو مەفرەزەکە، راستەوخۆ غەرامەیان دەکەین و هەندێجاریش دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکاندا دەگرین".



## نامەی بەندکراوێک لە گرتووخانەی چاکسازیی سلێمانییەوە

# تکایە بماندەنەوە دەست ئێران

ناوبەناو کە هەواڵی لێبووردنی گشتی بۆ زیندانیان بڵاودەبێتەوە زۆر دڵخۆش دەبین، بەڵام کە باسی ئیستسنا دەکرێت وەکو گیسکەکەی هەیاسی خاس، دڵخۆشبوونەکەمان کۆتایی دێت.

پەرلەمانتاران کە نوێنەری خەڵکن پێویستە ئەم دڵەڕاوکێیەمان بڕەوێننەوە بە بڕیارە دروستەکانیان. کاتێک دەگوترێت بازرگانانی ماددەی هۆشبەر ئازاد ناکەین ئێمەش دەڵێین دەستان خۆش، ئەوانە خائینن، بەڵام لە خولی رابردوو کە داوامان لە پەرلەمانتاران کرد سەردانیان کردین و بە دەنگمانەوە هاتن و 3 جار لەگەڵمان دانیشتن، ئەوان گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە ئێمە دەبێت بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی هۆشبەر مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارە:

1- کۆمەڵێک هەواڵدەری نهێنی بۆ بەرژەوەندی گەورەکانیان ماددەی هۆشبەریان پێ هێناین و هەر خۆشیان بە گرتنیان داین.

2- هەموومان تۆمەتی ئەوەمان دراوەتە پاڵ کە بازرگانیمان بە مادەی هۆشبەرەوە کردووە، بۆیە خراوینەتە زیندان و تەنانەت هەندێکمان حوکمیش دراوین. باشە ئەی کوان کڕیارەکانمان بۆچی ئەوان ناگیرێن؟

3- هەمووومان یەکەمجارمانە و پێشینەمان نییە، بەبێ پارێزەر لە ژێر گوشار، هەڕەشە، لێدان و شایەتی ناڕەوا ناچارکراوین دان بە تاوانێکدا بنێین.

ئایا ئەوانە بەس نین بۆ ئەوەی هەموو ناو و ناتۆرەکانمان لەسەر لابدەن و دوای چەندین ساڵ بە بەندکردن لە چاکسازی، پێویستە بە ئازادکردنمان مافی خوراوی چەند ساڵەمان بۆ بگێڕنەوە، نەوەک پێمان بڵێن ئەوانە نابێت ئازاد بن.

ئێمە کە ژمارەیەک گیراوی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانین، بێبەشین لە مافەکانی زیندانی، وەکو چوونەوە بۆ ماڵەوە و سەردانیکردنی کەسوکارمان کە بە دەگمەن دەتوانن سەردانمان بکەن. جگە لەوەش مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتیمان پێنادرێت. مادام رێککەوتننامەی ئاڵوگۆڕی زیندانیان لە نێوان عێراق و ئێراندا هەیە بۆچی جێبەجێ ناکرێت. لێرەدا داواکارم لە سێ سەرۆکایەتییەکەی کوردستان (هەرێم، حکومەت و پەرلەمان) هەر هیچ نەبێت رێکەوتننامەکەی نێوان ئێران و عێراق جێبەجێ بکەن، ئێمە بنێرنەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و زیندانیانی باشووری کوردستانیش بگەڕێننەوە بۆ ئێرە.

**سەید وەفا**
**لە زیندانی چاکسازی سلێمانی**

رووداو هەمەجۆر
ژمارە (338) دووشەممە 2014/12/15

## داعش باڵەبانی راگرتووە



**ڕێکەوت سەلام / رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ و میوزیکژەن ئومێد باڵەبان رایگەیاند کارەکانی کیلپە نوێیەکەی تەواوبووە، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە بڵاوی ناکاتەوە. دوایین پرۆژەی ئەو هونەرمەندە کلیپێکی گۆرانییە بەناوی "عەشقی جاران". ئومێد بە (رووداو)ی گوت سەرجەم کارەکانی ئەو بەرهەمەی تەواوکردووە، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە هەڵیگرتووە بۆ کاتێکی دیکە. ئەو هونەرمەندە سەرەتا وەکو میوزیکژەن ناسرا بوو، بەڵام ئێستا خووی داوەتە گوتنی گۆرانی، بەمەش ڕووبەڕووی رەخنە بووەتەوە، بەڵام ئومێد دەڵێت "باشترین کەس کە ببێتە گۆرانیبێژ، موزیکژەنە. چونکە دەزانێت لەکوێ ئەدای گۆرانی دەکات و دەشزانێ چۆن ئامادەکاری بۆ ئەو بەرهەمە دەکات".

# گۆرانی لەسەر کوڕانی کورد دەڵێ



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان سەیران ئەحمەد بە گۆرانییەک باس لە جوانی و لێهاتوویی کوڕی کورد دەکات.

سەیران ئەحمەد باسی ناوەڕۆکی کارەکەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "گۆرانی کوڕی کوردستان یەکێکە لەو کارە نوێیانەی من کە بەهەردوو زمانی کوردی و فارسی تۆمارم کردووە".

میلۆدی گۆرانییەکە لە گۆرانییەکی هونەرمەند زیاد ئەسعەد وەرگیراوە، هۆنراوە فارسیەکە رزگار قارەمانی نووسیویەتی و سمکۆ فەیزیش میوزیکی بەرهەمەکەی دابەشکردووە.

سەبارەت بە گوتنی بەشێکی گۆرانییەکە بە زمانی فارسی، سەیران گوتی "دەمەوێت لە رێی ئەم گۆرانییە جوانی و لێهاتوویی کوڕی کورد نیشانی فارسەکانیش بدەم. ئەم گۆرانییە لە کەناڵی pmc فارسی بڵاودەکرێتەوە، بۆیە خەڵکێکی زۆر سەیری دەکەن و لەوێ جوانیی کوڕی کورد دەبینن".

# کوردێک لە بەلجیکا خەڵات دەکرێ

**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

دەرهێنەری کورد سەهیم عومەر خەلیفە، لە رێوڕەسمێکدا خەڵاتی کەلتووری وەک باشترین هونەرمەند لە شاری لیۆڤینی بەلجیکا پێبەخشرا.

سەهیم دەربارەی ئەو خەڵاتە بە (رووداو)ی گوت "وەرگرتنی ئەم خەڵاتە شانازییەکی گەورەیە بۆ من و گەلی کورد. بەهۆی ئەوەی بەرهەمەکانم تا ئێستا 76 خەڵاتی جیهانییان وەرگرتووە و کورتە فیلمی (میسیی بەغدا)ش کاندیدی خولی ئەمساڵی بەشی کورتە فیلمەکانی ئۆسکارە".

خەلیفە گوتیشی "بەخۆشحاڵییەوە فیلمە درێژەکەی من بەناوی زاگرۆس کە لەگەڵ 12 فیلمی دیکە پێشکەش بە بەڕێوبەرایەتی سینەمای بەلجیکا کرابوو، توانی رکابەری لەگەڵ 11 فیلمەکەدا بکات و سپۆنسەری فیلمەکەی بخاتە ئەستۆی حکومەتی بەلجیکی، ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەیە بۆ فیلمی سینەمایی کوردی".



# مۆمکەکانی کورد دەچنە لەندەن



**ڕێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

فیلمی (یەک مۆمک دوو مۆمک) لە فێستیڤاڵی گۆڵدن گلۆپ وەردەگیرێت کە بڕیارە لە شوباتی داهاتوو لە لەندەن بەڕێوەبچێت. بەڕێوەبەری بەرهەمەکەش دەڵێت بەناوی کوردستانەوە بەشداری دەکات.

ئەنوەر شێخانی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە بە (رووداو)ی راگەیاند "فیلمی یەک مۆمک دوو مۆمک کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی جانۆ رۆژبەیانیە و لە بەرهەمهێنانی ئەڤین فیلمە، لە فێستیڤاڵی گۆڵدن گلۆپ وەرگیراوە".

گوتیشی "ئەم فیلمە بەرهەمی هاوبەشی کوردستان و ئەمریکایە، بەڵام بە ناوی کوردستانەوە بەشداری فێستیڤاڵەکە دەکات نەک عێراق".

ماوەی فیلمەکە 92 خولەکە و 250 ملیۆن دۆلاری تێچووە کە 190 ملیار دیناری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر بۆ دابین کراوە. فیلمەکە کێبڕکێ لەگەڵ 53 فیلمی دیکە دەکات کە بۆ فێستیڤاڵەکە قبوڵ کراون. ئەنوەر شێخانی دەڵێت "چاوەڕێی بردنەوەی خەڵاتی فێستیڤاڵەکەین".

# حوسێن شەریفی سووکی ناکات

**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان حوسێن شەریفی دەڵێت بەهۆی بێ پارەییەوە چیدی ناتوانێت کاری هونەری بکات.

شەریفی کە ماوەی چەند ساڵێکە لە باشووری کوردستان نیشتەجێیە، بە (رووداو)ی گوت "هیچ کار و پرۆژەیەکی هونەری تازەم نییە، بە پێویستیشی نازانم بیکەم، ئەویش لەبەر ئەو قەرەباڵغیەی لە نێو هونەری کوردیدا پەیدا بووە، چونکە تاوەکو گوێت لە دوو کاری باش دەبێت، گوێت لە 200 کاری خراپ دەبێت".

بەبڕوای شەریفی، ئەوکارانەی تاوەکو ئێستا کردوونی کاری پرۆفیشناڵانە بوون و نایەوێت کاری ناپرۆفیشناڵ بکات. ئەو دەڵێت "کاری پرۆفیشناڵ پێویستی بە پارەیە، منیش ئێستا پارەم نییە".

ئەو پێیوایە کارکردن لە باشووری کوردستان قورسە، بۆیە لێرە هیچ کارێکی هونەری نەکردووە "نامەوێت کارێک بکەم کارەکانی دیکەم سووک بکات، چونکە یەکەم بەرهەمی من لەگەڵ کامکاران بووە، دووەمیان لەگەڵ عەندەلیبیەکان بووە و سێیەمیش لەگەڵ گرووپی سیمفۆنیای تاران بووە".

# بەختی رووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
گوێ لە رەخنەی رووخێنەر مەگرە، بەربەستەکان هەرچەندە گەورەترین مرۆڤی بەتوانا دەتوانێ هەنگاویان بەسەردا بنێت. لەماڵدا هەست بەئاسوودەیی دەکەیت، واباشە پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزان باشتر بکەیت بۆئەوەی پشتگیری کارەکانت بکەن.

**گا**
چارەسەری کێشەکان بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات، هەنگاوی یەکەمیش چاککردنەوەی ئاڵۆزییەکانە. لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە چالاک دەبن. هەوڵەکانتان بۆ باشکردنی دەرامەت چڕبکەنەوە چونکە بەخت هاوکاریتان دەکات، رەنگە شەمەکێکی گرانبەها بکڕن.

**جمک**
بە هاوکاریکردنی کەسێک ویژدانی خۆت ئاسوودە دەکەیت. لە بەدیهێنانی ئاواتەکانتان نزیک بوونەتەوە، دیداری کەسێک دەکەیت کە دەتوانێت سەرنجت رابکێشێت. بیر لەسەفەری دوور دەکەیتەوە، بەڵام زۆر بە زەحمەت فرسەتت بۆ دەڕەخسێ.

**قرژاڵ**
لە دوا ئەنجامی کارەکان دڵنیابە پاشان هەنگاو هەڵێنە و پشت بە بەخت مەبەستە. کارکردن هۆکاری بەدیهێنانی ئامانجەکانە، هەتا زیاتر کارەکەت خۆشبوێت، باشتر شارەزای دەبی و ئەوەش ئاسوودەت دەکات، کەمتریش هەست بە ماندووبوون دەکەی.

**شێر**
بڕە پارەیەک کۆبکەرەوە چونکە لە داهاتوویەکی نزیکدا پێویستت پێی دەبێت. ئەستێرەی مارس لەبەرامبەر بورجەکەتە، ئەم ماوەیە خەڵک بە هەڵچوون و تووڕەیی رووبەڕووت دەبنەوە، خۆڕاگری زیاترت هەبێت یان بەهێمنی وەڵامیان بدەرەوە، چونکە خێرا پەشیمان دەبنەوە.

**گوڵەگەنم**
بۆ ئەوەی لە بەرامبەرەکەت تێبگەی، گفتوگۆی درێژ لەنێوانتان دروستبکە لەسەر ئەو بابەتانەی بەلای تۆوە گرنگن. رۆژانی دووشەممە و سێشەممە بۆ ئەنجامدانی پەیوەندیی دوور باشە. چەند بیرۆکەیەکی گرنگت هەیە و پێویستت بە پێشخستنیان هەیە.

**تەرازوو**
هاوڕێیەکی دێرین سەردانت دەکات، بەو هۆیەوە چەند پرۆژەیەکت بیر دەکەوێتەوە کە رەنگە قازانجیان هەبێت. تەنیا بە رێکخستنێکی باش کارەکانت دەکەونەوە سەر رێچکەی ئاسایی خۆیان. دەتوانی بەشێوەیەکی ژیرانە کەسانی چواردەورت قایل بکەیت پشتیوانیت بکەن.

**دووپشک**
چوارشەممە و پێنجشەممە مانگ لە کەلوەکەت دەبێت، هێز و توانا و چالاکیت دەداتێ، دەتوانی دەست بەئەنجامدانی کاری نوێ بکەیت. کاتێکی باشی ژیانتانە و گرفتەکانی رابردوو بەتەواوی تێدەپەڕن. هەوڵەکانتان لەبوارە داراییەکاندا بەگەڕبخەن.

**کەوان**
لەهەر هەنگاوێکدا بڕوای تەواوت بەخۆت هەبێت، بەرامبەرەکەت متمانەی زیاترت پێدەکات. پارێزگاری لە نهێنییەکانت بکە. ئەگەر لە نزیکەوە سەرپەرشتی کارەکانی خۆت بکەیت ئەنجامەکان باشتر دەبن. چاوەڕوانی دەستکەوتنی پارەی زیاتر بکەن.

**کارژۆڵە**
ئەستێرەی خۆشەویستی ڤینۆس لەکەلوەکەتدایە، خۆشەویست و سەرنجڕاکێش دەبیت، بەئاسانی فرسەتەکانی سۆزداری و هاوسەرگیری دەڕەخسێ. کارەکانتان دوا مەخەن چونکە کاتێکی گونجاوە بۆ هەنگاوی نوێ. گەشبینیت زیاتر دەبێت.

**سەتڵ**
هەسارەی مارس لە کەلوەکەتدایە، بەبێ هۆکار هەست بە تووڕەبوون و بێزاری دەکەن، پەلە دەکەن لەکارەکان و دواکەوتنەوەی هەندێکیان بەتەواوی بێزارت دەکەن. هەوڵ بدەن جەستەتان ماندوو بکەن بۆ ئەوەی بیرکردنەوەتان هێور ببێتەوە.

**نەهەنگ**
بەئارامی بیربکەرەوە و بەئارامی بەرنامەکانت رێک بخە، لەکۆتاییدا ئەنجامێکی ئارامبەخشت دەستدەکەوێت. هەر کاتێک دڵخۆشی خۆت دەدەیتەوە، خۆشییەکی دیکەی بەدوادا دێت. کۆنترۆڵی راڕاییەکانت بکە، توانا و چالاکیتان لە خەڵکانی دیکە زیاترە. گفتوگۆکان ئەنجامی باشیان دەبێت.

# بێرین سات دەبێتە بەرهەمهێنەر



**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی دراما و فیلمی تورکی بێرین سات دوای بەشداریکردنی لە چەندین فیلم و زنجیرە دراما، ئێستا وەک بەرهەمهێنەری فیلم کار دەکات.

بێرین سات کە لەناو وڵاتانی عەرەبی بە "فاتیمە" ناسراوە، بۆ یەکەمجار کار لە فیلمێک دەکات لەسەر کێشەی ژنان لە جیهاندا کە هەر خۆی بەرهەمهێنەری فیلمەکەیە.

لەم فیلمەدا رۆڵی ئەکتەرێکیش دەبینێت بەناوی ئامینە. ئەو ژنە لە تەمەنێکی زۆر زوودا شوو دەکات و منداڵێکی دەبێت، دواتر ناچار دەبێت بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی وەک خزمەتکار لە ماڵەکاندا ئیش بکات. بێرین بڕیاری داوە تاوەکو رۆژی جیهانیی ئافرەتان فیلمەکەی تەواو بکات و لەو رۆژەشدا لە سینەماکاندا پیشانی بدات.

## داعشێکی هیندی قسە بۆ (رووداو) دەکات

# "دەزانم کورد زۆربەیان کافرن"

تەیار عادل گۆران
رووداو ـ نیودلهی

جلێکی کورتی هیندی هاوشێوەی جلەکانی چەکدارانی داعشی لەبەردابوو کە لە هیندستان بە شیرڤانی ناسراوە، کاتێک نزیک بووەوە بە زمانی عەرەبی سڵاوی کرد، سەرسەختانە داکۆکی لە بۆچوونەکانی داعش دەکرد، بەڵام بە زمان، نەک بە چەک.

مەلا ئەرشەد حەیدەر، مەلای یەکێک لە مزگەوتەکانی ناوچەی گۆرگاونە لە شاری نیودەلهی پایتەختی هیندستان. جگە لە پشتگیری لە هەڵویست و کارەکانی داعش لە عێراق، پشتگیرییەکی تەواوی لە هەڵوێستەکانی بن لادن و بزووتنەوەی تاڵیبان و قاعیدە دەکرد.

مەلا ئەرشەد تەنیا لایەنگری بۆچوونەکانی داعش نییە، بەڵکو حەز دەکات وەکو ئەندامێکی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە قسە بکات کە بە هەزاران میل لێی دوورە. مەلا ئەرشەد گوتی "پێویستە هەموو موسڵمانەکانی جیهان پشتگیری لە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بکەن، چونکە ئەوان لەسەر حەقن و دژی کافرەکان دەجەنگن".

ئەگەر رێگری لێنەکرێ، مەلا ئەرشەد هیچ دوودڵ نییە لەوەی خۆی بگەیەنێتە دەوڵەتی ئیسلامی و ببێتە یەکێک لە چەکدارانی ئەو دەوڵەتە "ئەگەر رێگام لێ نەگیرێت دەچم شەڕ دەکەم و دەبمە چەکدارێکی دەوڵەتی ئیسلامی".

مەلا ئەرشەد جۆری پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی ئاشکرا نەکرد، بەڵام گوتی "ئەوانەی لە عێراق و سووریان برای منن، بەهەموو شێوەیەک پشتگیریان دەکەم، بەو ئومێدەم رۆژێک لە عێراق شەڕیان بۆ بکەم".

ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانانی هیندستان لەژێر کاریگەری ئەفغانییە سەلەفییەکاندان و پەیوەندیان بە داعش و قاعیدەوە کردووە.

محەممەد شاه، بەرپرسی پەیوەندییەکان و سیاسەت لە کونسوڵخانەی عێراق لە هیندستان بە (رووداو)ی گوت، زانیاریمان هەیە ژمارەیەک هیندی چوونەتە ریزەکانی داعش و ئێستا لە عێراق شەڕدەکەن.

شاه گوتیشی "هەر یەکەم رۆژ کە مووسڵ لەلایەن داعشەوە داگیرکرا، حکومەتی هیندستان بەیاننامەیەکی دەرکرد و دژایەتی خۆی بۆ داعش راگەیاند. تاوەکو ئێستاش هەڵوێستی باشی هەبووە بۆ دژایەتیکردنی داعش، لە هیندستانیش زۆربەی خەڵک پرۆتستۆی کار و کردەوەکانی داعش دەکەن".

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی تایمزی هیندی (The Times of India)، ژمارەیەک هاووڵاتی هیندی لە ریزی چەکدارانی داعشدان و لە عێراق شەڕدەکەن، هەفتەی رابردووش هاووڵاتییەکی هیندی کە لەریزی داعشدا بە سەختی بریندار بووبوو، گەڕایەوە شاری مۆمبای و لە فرۆکەخانەی ئەو شارە لەلایەن پۆلیسی هیندستانەوە دەستگیرکرا.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، تاوەکو ئێستا نزیکەی 50 هاووڵاتی هیندی چوونەتە ریزەکانی داعش. جگە لەوەش لایەنگرانیان بە تایبەتی مەلای مزگەوتەکان لە وتاری رۆژی هەینیدا پەسنی کار و کردەوەکانی داعش دەدەن.

پەیامنێری (رووداو) قسەی لەگەڵ چەند هاووڵاتیەکی هیندی کرد، بەڵام هیچیان زانیارییان لەسەر ئەوە نەبوو کە داعش گۆڕی پیاوچاکان دەتەقێنێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتی کوردی ئێزدی دەستگیرکردوون و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکەن.

مەلا ئەرشەد لەبارەی ئەو کار و کردەوانەی داعشەوە گوتی "ئەوانە راست نین، پروپاگەندەی کافرەکان و ئەمریکییەکانە لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی".

بەبڕوای مەلا ئەرشەد، تاکە شت کە موسڵمانانی جیهان دەبێ بیکەن، بەرگریکردنە لە دەوڵەتەکەی داعش، چونکە بە بڕوای ئەو "تاکە دەوڵەتە کار بە ئاینی ئیسلام دەکات و شەڕی لە دژی کافرەکان راگەیاندووە".

ئەو مەلایەی داعش لەبارەی هێزی پێشمەرگەشەوە گوتی "پێشمەرگە کافرە و داردەستی ئەمریکایە، بۆیە خوێنیان حەڵاڵە". گوتیشی "ئەگەر لە عێراق بم دەزانم چۆن وەڵامی پێشمەرگە دەدەمەوە".

لەبارەی میللەتی کوردیشەوە دەیگوت "زانیاری تەواوم نییە لەسەریان، بەڵام ئەوە دەزانم کە زۆربەیان کافرن و لە دین دەرچوون".

بەهۆی تەشەنەکردنی سەلەفیزم و هزری تەکفیری، حکومەتی هیندستان چاودێریی توندی لەسەر بەشێک لە موسڵمانەکانی هیندستان داناوە. زۆربەی موسڵمانەکان گرفتیان بۆ دروست دەکرێت کاتێک بیانەوێت بێنە نێو حکومەت کار بکەن، زۆربەی پۆستە باڵاکانی حکومەتی هیندستان بە دەست هاووڵاتیانی غەیرە موسڵمانەوەیە.

رەحمەت کە بە ئەبو کەوسەر ناسراوە، موسڵمانێکی هیندییە لە شاری دەلهی دەژی. ئەو گوتی "موسڵمانانی هیندستان بوونەتە قوربانی دەستی بیروباوەڕی سەلەفیزم و ئەلقاعیدە و تیرۆر، ئێمە بە ئاگری ئەوان سووتاوین".

هیچ موسڵمانێک لە هیندستان پۆستێکی باڵای لە دەست نییە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە هیندستان وڵاتی هونەر و سینەمایە، زۆربەی سینەماکار و ئەکتەرە گەورە و پڕ جەماوەرەکانی هیندستان موسڵمانن، بە تایبەتی (شارۆخان، سەلمان خان، ئەمیر خان، سەیف عەلی خان و نەسیرودین شاه)".

رەحمەت بە (رووداو)ی گوت "لە هیندستان موسڵمانان تەنیا لە هونەر پێشەنگن و لە سیاسەت و حوکمڕانی هیچ دەسەڵاتیان نییە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەی موسڵمانەکانی هیند دەگاتە 220 ملیۆن کەس و 16%ی دانیشتووانی هیندستان پێکدێنین".

ئاینی ئیسلام لە ساڵی 92ی کۆچی لە رێگەی کەسێکەوە بە نێوی محەممەد بن قاسم سەقەفی گەیشتووەتە هیندستان. ئێستا نزیکەی 400 رێکخراو و دەزگا و کۆمەڵەی ئیسلامی لە هیندستان هەن. هیندییە نا موسڵمانەکان بەردەوام کێشەیان لەگەڵ موسڵمانەکان هەیە و دەڵێن ترسیان لە تەشەنەسەندنی موسڵمانان هەیە، بە تایبەتی سەلەفی و گروپە تەکفیرییەکان.

میدیای هیندستانیش، کە بە گوێرەی سیاسەتی حکومەتی وڵاتەکەیان کار دەکەن، زۆر گرنگی بە هەواڵەکانی پەیوەست بە داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە دەدەن.

رۆژنامەی هیندستان تایمز لە ژمارەی رۆژی 2014/11/30 راپۆرتێکی لەسەر رەوشی ئاوارە ئێزدییەکان و سەردانی باوکی ئاشتی لە جیهان شری شری رەڤی شەنکار بڵاوکردەوە و تێیدا باسی رەفتارەکانی داعش دەکات لە ناوچەکە.






## بۆ رووبەڕووبوونەوەی دزی و گەندەڵی

# حەسەن رووحانی پەنا بۆ خودا دەبات



فەلاح رەحیمی
رووداو- هەولێر

لەگەڵ رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، دۆسیەیەکی گەندەڵی دارایی لە ئێران ئاشکرا کرا و سەرۆکی ئەو وڵاتەش دەڵێت ئەگەر گەندەڵکاران بە سزای خۆیان نەگەن ناچارن پەنا بۆ خودا ببەن.

عەلی تەیب نیا، وەزیری ئابووریی ئێران گەندەڵییەکی 12 هەزار ملیار تمەنی ئاشکرا کرد و بەبێ ئەوەی ناوی کەس بدرکێنێ رایگەیاند "ئەوانەی گەندەڵییەکەیان کردووە، دەستگیرکراون".

بەپێی میدیاکانی ئێران کە بەدواداچوونیان بۆ ئەو هەواڵە کردووە، دەرکەوتووە گەندەڵییەکە لە یەکێک لە بانکەکانی شاری قوم بووە. دۆسیەکە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ئێران دروستکردووە و دەسەڵاتدارترین پیاوی ئێرانی هێنایە قسە کە ئەویش ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، رێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانە.

عەلی خامنەیی، لە رێگەی نووسینگەکەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد و رەخنەی لەوانە گرت کە لێپرسراوێتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییان لە ئەستۆیە.

گەندەڵی دارایی لە ئێران بە رادەیەکە تەنانەت ریفۆرمەکانی سەرۆک کۆماری ئێرانیش نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بکات. حەسەن رووحانی، کە بە پاڵپشتی ریفۆرمخوازانی ئێران گەیشتە کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمار، بێ دەسەڵاتی خۆی بەرامبەر رووبەڕووبوونەوەی ئەو پرسە نیشان داو گوتی "لە رابردوودا دەیانگوت ژێر مێزی، ئێستا هیچ شتێک لە ژێر مێزدا نەماوە، هەمووی هاتووەتە سەرمێز، بۆ بنبڕکردنی دزی و گەندەڵی دەبێ پەنا بۆ خودا ببەین".

رووحانی هۆکاری ئەو دزییەی بۆ دامەزراوەیەک گەڕاندەوە کە هەموو دەسەڵاتی وەک "چەک، پارە، میدیا و هێزی لە خۆیدا چڕ کردووەتەوە". تەنیا دامەزراوەیەکیش کە چەک، پارە، میدیا و هێزی لەخۆ گرتبێت، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

بە وتەی رووحانی پۆلێنبەندی دامودەزگا حکومییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتە، رێبەریش کە بەرزترین پلەی دەسەڵاتی هەیە لە ئێراندا، ئەنجوومەنی شارەزایانی بە ناوەندێکی دەسەڵات داناوە بۆ ئەوەی لە هەلومەرجی تایبەتدا چاودێری کردەوەکانی تەنانەت خودی رێبەری ئێرانیش بکات.

سەرۆک کۆماری ئێران دەڵێت "ئەگەر لە وڵاتێکدا شوورەیی بەرتیل، شوورەیی دزی و گەندەڵی نەمێنێت، هێدی هێدی یاسا و نەعوزوبیلا قورئان دەبنە گاڵتەجاڕ و دەبێ پەنا بۆ خودا ببەین".

حەسەن رووحانی هەروەها دەڵێت "پاشگەزبوونەوە لە بەرگریکردن لە گەندەڵیی، بەو مانایە دێت کە حکومەت دەکەوێتە مەترسییەوە و خەڵک بەو شێوەیە بیردەکەنەوە کە یان بەرپرسان ئاگایان لە گەندەڵیی هەیە و بەرەنگاری نابنەوە و خۆیان دەستیان تێدا هەیە و حکومەت دەخەنە ژێر پرسیار، یان ئاگایان لێ نییە. یان ئەگەریش بیزانن، توانای بەرەنگاربوونەوەیان نییە، ئەوەش ناکارامەیی حکومەت دەسەلمێنێ".

سادق لاریجانی، سەرۆکی دەزگای دادی ئێران لەبارەی ئەو دزییەوە رایگەیاند "دۆسیەی 12 هەزار ملیار تمەنی دزی نییە، ئەگەر ئەو ژمارەیە راست بێت، دەبێ بپرسین کە چاودێریی بانکی ناوەندی لە کوێیە؟". لاریجانی هەروەها دەڵێت "نابێ رێگە بدەین کە پرسی گەندەڵی ئابووری بکرێت بە پرسێکی سیاسی".

مەحموود ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران، پێشتر لەبارەی دیارنەمانی 3 تریلیۆن تمەن، رەخنەی لە هەڵوێستی بەرپرسان و کردەوەی هێزی دادی ئەو وڵاتە گرتبوو.

لە ساڵانی رابردوودا چەندین دۆسیەی گەندەڵی لە ئێران ئاشکرا کراون. لەوانە 3 تریلیۆن تمەنی بیمە و سیستمی بانکی، زەوییە 100 ملیار تمەنییەکانی برایانی لاریجانی. بردنی 2 ملیار و 700 ملیۆن دۆلاری بانکەکانی ئێران لەلایەن بازرگانێکەوە بەناوی بابەک زەنجانی.

دزینی 7 ملیار تمەن لەلایەن 3 کەس کە کاری ئاڵوگۆڕی دراویان دەکرد لە تاران، ئەویش بە هاوکاری بانکی ناوەندی لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ئەحمەدی نەژاد، ئاشکرابوونی چەند دۆسیەیەکی گەندەڵی لە پارێزگای سنە و چەندین گەندەڵی دیکە.

بە وتەی سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی گەندەڵی و بەرپرسانی دیکەی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە 700 دۆسیە کە پەیوەندییان بە گەندەڵییەوە هەیە لەلایەن ئەو لێژنەیەوە کاریان لەسەر دەکرێت.

وەلی یوڵڵا سەیف، سەرۆکی بانکی ناوەندیی ئێران، دەڵێت "ئەو دزیانە لە نێوان ساڵەکانی 2006 بۆ 2012 کراون، بەڵام لە ساڵی رابردوودا ئاشکرا کراون". بە وتەی سەیف "گەورەترین دۆسیەی گەندەڵی دیارنەمانی 70 ملیار تمەن بووە".

تاوەکو ئێستا چەندین کەس لەسەر گەندەڵی لەو وڵاتە دراونەتە دادگا، لەوانەش محەممەد رەزا رەحیمی، جێگری سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران کە دەگوترێت کوردە، لەلایەن دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتەوە مەحکوم کراو سزای زیندانی و غەرامەی ماددیشی بۆ براوەتەوە.

بەپێی ئاماری رێکخراوی دەستپاکیی نێودەوڵەتی، ئێران لە ساڵی 2014دا لە نێو 177 وڵاتی جیهانی لە پلەی 136 دایە.

بەپێی لێکۆڵینەوەی کارناسان، زیاترین گەندەڵی ئابووری، لە وڵاتانی دیکتاتۆری دەکرێت و بە باوەڕی ئەوان سیستمی دیکتاتۆری، هۆکاری سەرەکییە بۆ پەرەسەندنی گەندەڵیی ئابووری.

کارناسان دەڵێن ئەگەر لەو وڵاتانە کە گەندەڵی زۆر دەکرێت، دیموکراسی بەرقەرار بێت، بەرنامەیەکی ئابووری هەبێت، مافی هاووڵاتی بدرێت، ئازادی راگەیاندن هەبێت، پشتیوانی لە دەزگایەکی دادوەریی سەربەخۆ بکرێت، چاودێری بەسەر داهاتی گشتی و بەشێوەی عادیلانە لە لایەن چەند دامەزراوەیەکی سەربەخۆوە دابەش بکرێت، گەندەڵی بنبڕ دەبێت.



## 2500 تووشبوو تۆمار کراون

# لە سلێمانی گەڕبوونی پێست بڵاودەبێتەوە

**سەروەر سالار و لیزان ئەمین**
**رووداو- سلێمانی**

لە شاری سلێمانی بە سەتان کەس تووشی نەخۆشـیی گەڕبوونی پێست دەبن و زۆربەی تووشـبووانیش زانیاری پێویستیان لەبارەی نەخۆشییەکەوە نییە.

نەخۆشـیی گەڕی، بەپێچەوانـەی ئەوەی خەڵکی تێیگەیشتوون، نەخۆشیەکی بەربڵاوی پێستە. بە تایبەت لەو دەڤەرانەی جیهان کە کەشوهەوایان گەرمە و هەژارییان تێدا بڵاوە.

لەکاتـی ئامادەکردنـی ئـەم راپۆرتـەدا تێبینیمـان کـرد خەڵکـی هۆشـیارییەکی ئەوتۆیـان لەبارەی ئەم نەخۆشـییەوە نییە، بەتایبەت ئەوانەی لە سـەنتەری چارەسەری نەخۆشییەکانی پێست قسەیان بۆ (رووداو) کرد. ئەمەش تەنیا تایبەت نییە بە کوردستان، ساڵی 2012 رێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئەم نەخۆشـییەی خسـتە ریزی نەخۆشییە پشتگوێخراوەکانی ناوچە گەرمەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانـی هـان دا بۆئـەوەی زیاتر ئاگاداری بەربڵاویی ئەم نەخۆشیە بن.

سۆزان ئەبوبەکر، 28 ساڵ کە منداڵەکەی هێنابوو بۆ سـەنتەرەکە، بە (رووداو)ی گوت "من هـەر نازانم گەڕی چییە، هیچم لەبارەوە نەبیسـتووە. لەبـارەی بیـرۆ و سـەدەفەوە بیستوومە، بەڵام نازانم گەڕی چییە".

### هەستەوەرییەکی توند

د.محەممەد یوسـف، پزیشـکی پسپۆڕی پێسـت دەڵێت جیاکەرەوەی ئەم نەخۆشییە هەسـتەوەرییەکی توندە "سـەرەتا کەسەکە زیاتر لە شـەواندا هەسـت بە خوران دەکات، دواتـر لـە هەمـوو کاتەکانـدا بێـزار دەبێت بەدەست خورانێکی زۆرەوە و وای لێدێت جێ بەخۆی ناگرێت و تەواو بێزار دەبێت".

گـەڕی بەهـۆی کرمۆکەیەکـی بچووکەوە پەیدا دەبێت کە بەچاو نابینرێت. کرمۆکەکە پێست هەڵدەکۆڵێ و لەژێر پێستەکەدا هێلکە دادەنێـت، مانـەوەی هێلکـەکان کۆئەندامی بەرگریی جەسـتە دەورووژێنـن، ئەو خورانە زۆرەی پێسـت بەهـۆی وروژانی کۆئەندامی بەرگریی جەستەوەیە.

وەک پزیشکە پسپۆڕەکە باسیکرد، پێستی سـک و پشـت و پەلەکان زۆرتر تووش دەبن و رووخسـاری مـرۆڤ بـە دەگمەن تووشـی نەخۆشییەکە دەبێت.

### نەخۆشییەکی بەربڵاوە

بەپێـی ئاماری پزیشـکیی مێدسـکەیپ، سـاڵانە 300 ملیـۆن کـەس لـە جیهانـدا تووشی گەڕی دەبن، بەڵام بەربڵاوییەکەی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت و بەزۆری لە شوێنە قەرەباڵغ و ناخاوێنەکاندا بڵاوتـرە و لـە وڵاتانـی پێشـکەوتوودا تەنیـا لـە بەندیخانـە و شـوێنە قەرەباڵخە ناتەندروستەکاندا تێبینی دەکرێت.

لـە هەمـان ژێـدەردا هاتـووە کـە ئـەو هۆکارانـەی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشـییە لـە کۆمەڵگەکانـدا زیـاد دەکـەن، بریتیـن لـەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی دروسـتبوونی کەشی قەرەباڵخی نائاسـایی، وەکو شەڕ و کارەساتی سروشتی و هەژاری.

بەپێـی ئاماری سـەنتەری چارەسـەری نەخۆشـییەکانی پێست لە سلێمانی، ساڵی رابـردوو لـەو سـەنتەرەدا زیاتر لـە 4000 حاڵەتـی گەڕیی پێسـت دەستنیشـانکراون و ژمـارەی حاڵەتە دەستنیشـانکراوەکان لە ئەمسـاڵدا هەتاوەکو کۆتایی مانگی رابردوو گەیشتووەتە 2524 حاڵەت.

لـە توێژینەوەیەکی زانکـۆی زاخۆ کە لە دهۆک و لە نەخۆشـخانەی ئازادیـ بەشـی راوێـژکاری ئەنجامدرابـوو، لەکـۆی 9450 کەس کە لە سێپتەمبەری 2012 تا ئەپریلی 2013 (مـاوەی هەشـت مانگ ) سـەردانی بەشـەکەیان کردبـوو، 522 کـەس وەک تووشـبووی گـەڕی تۆمارکرابـوون (رێژەی 5.5%ی نەخۆشەکان).

### بەخێرایی دەگوازرێتەوە

د.محەممەد یوسف دەڵێت ئەم نەخۆشییە دوو گرفتـی گـەورەی هەیە "یەکـەم کاتێک کەسـێک تـووش دەبێـت تـا مانگێـک هیچ نیشانەیەکی نابێت و بەردەوام خەڵکی تووش دەکات. دووەم، چارەسـەر هـەر بۆ کەسـی تووشـبوو نییە، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەشـە کـە لەگەڵی دەژین، چونکە زۆر بەخێرایی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگوازرێتەوە".

گواسـتنەوەی نەخۆشـییەکە لەنێوان ئەو کەسـانەدا دەبێت کە بـە زۆری و بۆ ماوەی درێـژ پێسـتیان بەر یـەک دەکەوێت، یاخود جلوبـەرگ و خاولـی و جێـگای نووسـتنی یەکـدی بەکاردێنـن. ئەوەش زیاتـر لەنێوان هاوسەرەکان و ئەندامانی خێزاندا بڵاوە.

سـەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشـگیری لە نەخۆشـییەکان لـە ئەمریـکا CDC دەڵێـت "زۆر دەگمەنـە لەرێی تەنیـا تەوقەیەک یان باوەش و ماچ و موچێکی نێوان هاوڕێیان ئەم نەخۆشییە بگوازرێتەوە".

### چارەسەری ئاسانە

دوای دەستنیشـانکردنی، چارەسـەری نەخۆشـییەکە هێنـدە ئاسـانە کـە زۆربەیان لەمـاوەی دوو رۆژدا بەتـەواوی چاکدەبنەوە. د.محەممەد یوسـف دەڵێت "چارەسـەرەکەی ئاسـانە و بـۆ منـداڵان و ژنانـی سـکپڕیش سـەلامەتە. کرێمێکـە کـە جەسـتەی پـێ چەوردەکرێـت لە خـواروی ملەوە تا بنی پێ و ئـەوەش نەخۆشـییەکە بە یەکجـاری بنەبڕ دەکات".

بـەڵام وەک ئەو پزیشـکە گوتـی، بەهۆی ئەوەی نەخۆشییەکە گوازراوەیە و لە سەرەتاوە نیشـانەی نییـە، دەبێـت کەسـانی نزیک لە کەسـە تووشـبووەکەش وەکو ئەم چارەسەر بکرێـن، وەک ئەندامانـی خێـزان، یاخـود ئەوانەی لە نزیکەوە لەگەڵ کەسـێک دەژین و کەرەسـتەی یەکدی بەکاردێنن، وەک ئەوانەی لە بەشە ناوخۆییەکان و بەندیخانەکاندان. دوا چارەسـەری پزیشـکیش دەبێت هەموو جل و کەرەستە هاوشێوەکانیان بە باشی بشۆن.

# کاریگەرییە خراپەکانی ئەلکهول سێ رۆژ لە جەستەدا دەمێننەوە

**رووداو- دەیلی مەیل**



رۆژنامـەی دەیلی مەیلی بەریتانی لەزاری پسـپۆڕانەوە بڵاویکـردەوە ئەوانەی بە ئەلکهول دەمرن مەرج نییە بەهۆی ئەوەوە بێت کە بڕی ئێجگار زۆر دەخۆنەوە، بەڵکو هەندێ جار بەهۆی ئەوەیە کە رۆژانە دەخۆنەوە ئەگەر بە بڕێکی کەمیش بێت.

پسپۆڕانی ئەو بوارە دەڵێن دوای هەر خواردنەوەیەکی ئەلکهول جەستە پێویستی بە سێ رۆژە تاوەکو خۆی لە کاریگەرییە خراپەکانی پاک بکاتەوە. واتە دەبێت دوای هەر خواردنەوەیەکی، ئەگەر کەمیش بێت، سێ رۆژ هیچ جۆرە ئەلکهولێک نەخۆیتەوە.

کاریگەری هەرە گەورەی ئەلکهول لەسـەر جگەری مرۆڤە، ئێسـتا نەخۆشییەکانی جگەر پێنجەمین هۆکاری مردنی پیاوانن لە بەریتانیا. توێژینەوەکانی ئەو وڵاتە دەڵێن ئەگەر خەڵکی سنوورێک بۆ خواردنەوە دانەنێن و وەک ئێستا بەردەوام بن، ئەوا ساڵی 2025 نەخۆشییەکانی جگەر دووەمین هۆکاری مردن دەبن لە بەریتانیا.

ئەندریۆ لانگفۆرد، سـەرۆکی رێکخراوی بەریتانی تایبەت بە نەخۆشییەکانی جگەر دەڵێـت "زۆربەی ئەوانەی بەهۆی ئەلکهولەوە جگەریان نەخۆش دەکەوێت و هەر بەو هۆیـەوە دەمـرن، ئەوانە نین کە بڕێکی زۆری ئەلکهول دەخۆنەوە، بەڵکو ئەوانەن کە هەموو رۆژێک، یان زۆربەی رۆژەکانی هەفتە ئەلکهول دەخۆنەوە". ئەو دەشڵێت "ئەگەر دەتـەوێ بخۆیتەوە، دەبێت لە هەر هەفتەیەکدا 2-3 رۆژ هیچ خواردنەوەیەکی کهولی نەخۆیتـەوە، بۆ ئەوەی پشـوویەک بدەی بە جگـەر، گرنگ نییە چەندە دەخۆیتەوە، مەترسییەکە لێرەدا ئەوەیە رۆژانە بخۆیتەوە".

هەروەها جەخت دەکاتەوە کە جگەر لانیکەم 48 کاژێری دەوێت تا بەتەواوی خۆی رزگار بکات لە کاریگەرییە خراپەکانی خواردنەوەی کهولی.

راپۆرتەکـە دەڵێـت لەوانەیە سـەخت بێت بۆ خەڵکی رۆژئـاوا پێیان بڵێیت بە یەکجاری واز لە ئەلکهول بهێنن، بۆیە وا باشە هیچ نەبێت لە هەر ساڵێکدا مانگێک دیاری بکەن کە هیچ خواردنەوەیەکی کهولی تێدا نەخۆنەوە.

# پیاوانی تووشبوو بە شێرپەنجەی مەمک زوو دەمرن

**رووداو- HealthDay News**

توێـژەران دەڵێـن شـێرپەنجەی مەمک لە پیاوانـدا لە چەند روویەکـەوە جیاوازیی هەیە لەوەی لە ژناندا هەیە.

بەپێی ئەو توێژینەوە نوێیە کە لە 9 وڵاتدا کراوە، یەکێک لە جیاوازییەکانی شـێرپەنجەی پیـاوان لەوەی ژنان، ئەوەیـە کە پیاوان دوای تووشبوونیان بە شێرپەنجە کەمتر دەژین لەچاو ژنانی تووشبوو.

"هەرچەندە پێشـکەوتنی باش بەدیهاتووە لە چارەسەری شـێرپەنجەی مەمکی پیاواندا، بەڵام هێشتا پیاوان وەکو ژنان خاوەن چانسی تەمەنێکـی درێژتـر نین دوای تووشـبوون بە شێرپەنجەی مەمک". دکتۆرە فاتیمە کۆردۆسۆ، سەرۆکی بەشی شێرپەنجەی مەمک لە سەنتەری شـێرپەنجە لە شـاری لیشـبۆنەی پورتوگال هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە "شێرپەنجەی مەمکی پیاوان دەگمەنە و تەنیا 1%ی سەرجەم حاڵەتەکانـی شـێرپەنجە پێکدێنـێ، بەهۆی کەمیی حاڵەتەکانیشەوە بواری توێژینەوە کەمە و ناتوانین وەک پێویسـت لە بایۆلۆجیای ئەم نەخۆشییە لە پیاواندا تێبگەین".

توێژینەوەکە لە 9 وڵات و لە 23 سـەنتەری شێرپەنجەدا و لەسەر 1800 پیاو کراوە کە لە 1990 تا 2010 دەستنیشانکراون. بەگوێرەی ئـەو توێژینەوەیـە تێکڕای تەمەنـی ناوەندیی پیـاوان کاتێک ئەم جۆرە شـێرپەنجە تێیاندا دەستنیشان دەکرێت 69 ساڵانە.

روویەکـی دیکەی جیاوازی لـە نێوان ژنان و پیاوانـی تووشـبوو بە شـێرپەنجەی مەمک ئەوەیـە کە لـە پیاواندا 92%ی شـێرپەنجەی مەمک پەیوەندی بە هۆرمۆنی ئیسترۆجینەوە هەیـە، کەچی لـە ژنانـدا 70%ی حاڵەتەکان پەیوەندییان بـەو هۆرمۆنەوە هەیە. هۆرمۆنی ئیسـترۆجین لە هـەردوو رەگەزەکـەدا هەیە، بەڵام لە ژناندا بە ئاسـتێکی بەرزتر هەیە و بە هۆرمۆنی مێیینە ناسراوە.

بـەڵام لـە پیاوانـدا رادەیەکـی کەمـی تووشـبووەکان پرۆتینـی HER2 یـان تێدایە لەچـاو ژنـان، دەبـێ بڵێیـن هەبوونـی ئـەو ماددەیە نیشـانەی مەترسـیدارییەکی زیاتری شێرپەنجەیە.

دوای 6 سـاڵ لـە بەدواداچوونـی 1000 تووشـبووی پیـاو بـە شـێرپەنجەی مەمک، دەرکەوت 63%یان هێشتا لەژیاندا ماون.

لە ژناندا شـێرپەنجەی مەمک وەک پیاوان کوشـندە نییـە و تەنانـەت ئەگـەری تـەواو چاکبوونەوەشـی هەیـە، بەتایبـەت ئەگەر لە قۆناغێکی سەرەتادا دەستنیشان بکرێت.

هـەر لـە بـارەی شـێرپەنجەی مەمکەوە، رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی توێژینەوەیەکی نوێـی بڵاوکردووەتـەوە کـە دەڵێـت ئەگـەر ژنـان تـا 6 مانگ تەنیا شـیری خۆیان بدەنە منداڵەکانیـان ئەوا ئەگەری تووشـبوونیان بە شێرپەنجە بەرێژەی 10% کەمدەکات و ئەگەری تووشـبوونیان بە جۆرە مەترسیدارەکانی ئەو شێرپەنجەیەش بەرێژەی 20 % کەمدەکات.



# "شەکر لە خوێ خراپترە"

**رووداو- BBC**

بەشـی تەندروسـتی ماڵپـەڕی BBC بڵاویکردەوە کـە هەندێـک لە پسـپۆڕانی ئەمریکی گەیشـتوونەتە ئەو بڕوایەی شـەکری دەستکرد لـە خـوێ خراپتـرە بـۆ بەرزکردنـەوەی فشـاری خوێـن و دروسـتکردنی نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕیی خوێن.

بـەڵام ئـەوەی جێگـەی مشـتومڕی پسـپۆڕانە، ئەوەیە کە هەندێکیان دەترسـێن لەوەی ئەم بانگەوازە مەترسییەکانی خوێ لای خەڵکی کاڵ بکاتەوە، بۆیە داوا دەکەن بە خەڵکی بگوترێ کە هەم شەکری دەستکرد و هەم خوێش لە خۆراکەکانیاندا کەم بکەنەوە.

توێژەرانی ئینستتیوتی نەخۆشییەکانی دڵ و چەند دامەزراوەیەکی زانستیی دیکە لە ئەمریکا هەڵسەنگاندیان بۆ چەندین توێژینەوە و ئەزموونی پێشـووتر کرد و لە کۆتاییدا گەیشـتنە ئەو بڕوایەی شـەکری دەسـتکرد رۆڵێکـی بەهێزتـری هەیە لە خوێ بـۆ بەرزکردنەوەی فشاری خوێن و دروستکردنی نەخۆشییەکانی دڵ.

پرۆفیسـۆر فرانسیسـکۆ کاپوشـیۆ لـە زانکـۆی وۆرویک دەڵێت "ئەگەر بمانەوێت نەخۆشـییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن کەم بکەینەوە، دەبێت هەریەک لە شـەکر و خوێ کەم بکەینەوە. نەوەک سـەرنج بدەینە یەکێکیان و ئەوی دی پشتگوێ بخەین".



### شەکری میوەکان زیانیان نییە

پسپۆڕانی ئەمریکی دەڵێن ئەو شەکرە سروشتییەی لە میوە و سەوزەکاندا هەیە جێی مەترسی نییە و ئەوەی ئەوان باسی مەترسییەکانی دەکەن شەکری دەستکردە.

رێکخراوی تەندروسـتی جیهانی دەڵێت، نابێ رۆژانە لە 50 گرام زیاتر شـەکر بخورێت، خۆ ئەگەر بکرێتە 25 گرام ئەوە باشـترە. شـەکری دەستکرد ئێستا لە هەموو گۆشەیەکی ژیانماندا بڵاوبووەتەوە، بۆ نموونە قوتوویەک پیپسی بە تەنیا 35 گرام شەکری تێدایە، ئەوە جگە لەوەی رۆژانە شەکر لە چا دەکرێت، خواردنی جۆرەها کێک و شیرینی و شەربەت خەریکە دەبنە رۆتینی رۆژانە، ئەوانەی خواردنەوەی کهولی دەخۆنەوە لەو رێگەیەشەوە شەکری زیاتر وەردەگرن.

# بەریتانییەکان خۆیان لە قەرەی نەوتی کوردستان نادەن

**عومەر ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لەندەن وەک نیویۆرک ناوەندێکی گەورەی بازرگانی جیهانییە و زۆر لە بۆنە بازرگانییەکان لەو شارە بەڕێوەدەچن. بڕیاریشە لە ڕۆژانی 16 تا 18ی ئەم مانگە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەو شارە بەڕێوەبچێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە گەورە کۆمپانیای نەوتی بەریتانی بریتش پێترۆلیۆم BP پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە.

بەگشتی کۆمپانیاکانی نەوت و گازی بەریتانی خۆیان لە وەبەرهێنان لە کوردستان دوورەپەرێز دەگرن، بەپێچەوانەوە کۆمپانیا بەریتانییەکان ڕوویان لە باشووری عێراق کردووە، ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ خووی پارێزگارخوازانەی شانشینی یەکگرتوو کە وەک دروستکەری دەوڵەتی عێراق دەیەوێ لایەنی حکومەتی ناوەندی بگرێ و دەسەڵاتدارانی بەغدا تووڕە نەکات.

هەڵسوکەوتی کۆمپانیای BP کە تەنیا کۆمپانیای نەوتی بەریتانیایە و قورساییەکی زۆری سیاسی هەیە، بە تەواوەتی پێچەوانەی کۆمپانیا ئەمریکییەکانە کە ئامادەبوون واز لە عێراق بهێنن بۆ ئەوەی بێنە کوردستان. دیارترینی ئەو کۆمپانیا ئەمریکییانە، کۆمپانیای نەوتی ئێکسۆن مۆبیلە کە گەورەترین کۆمپانیای نەوتی جیهانە و هاتنی بۆ کوردستان نە تەنیا تووڕەییەکی زۆری لە بەغدا دروستکرد، بەڵکو پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستانیشی تا ڕادەیەکی زۆر بەرزکردەوە. هاتنی ئێکسۆن بۆ کوردستان لە ڕووی پیشەسازیی نەوت و ئابووریشەوە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، لەبەر ئەوەی نە تەنیا وەبەرهێنانێکی زۆری لە هەرێمی کوردستان دەسپێکردووە، بەڵکو هاوکات تەکنۆلۆجیای نوێ دێنێتە هەرێمی کوردستان و شەرعیەت بە پیشەسازیی نەوتی هەرێم دەبەخشێت، لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگە بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی دیکە خۆش دەکات ڕوو لە کوردستان بکەن. جگە لە ئێکسۆن، زۆربەی کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکییەکان وەک شێڤرۆن، ماراسۆن و هێس لە کوردستانن، کەچی هیچ کۆمپانیایەکی بەریتانی کە مێژوویەکی درێژی چالاکیی نەوتی هەبێت، لە کوردستاندا بوونی نییە.

کۆمپانیای BP یەکێک لە شەش کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوتی جیهانە و لە 80 وڵاتی جیهاندا چالاکە. ڕۆژانە 3.2 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت و نزیکەی 18 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکی هەیە، بەهۆی ئەمەشەوە پێگەیەکی سیاسی بەهێزی هەیە.

ساڵی 2009، کۆمپانیای BP گرێبەستێکی خزمەتگوزاری لەگەڵ حکومەتی عێراق لە کێڵگەی گەورەی ڕومەیلە واژووکرد. ساڵی 2013 لەگەڵ حکومەتی عێراق گرێبەستێکی دیکەشی واژوو کرد بۆ هەڵسەنگاندنی کێڵگەی کەرکووک. ئەو گرێبەستە لەبەر ئەوەی بەبێ ڕەزامەندی و ئاگاداری هەرێمی کوردستان واژوو کرا، ناڕەزایەتی توند و ئیدانەکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەدوادا هات. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کۆمپانیاکە هێشتا بەردەوامە لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق لە کێڵگەی کەرکووک لەڕێی هاوکاریکردنی کۆمپانیای نەوتی باکوور.

لێدوانەکانی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە مێژوویی و جێی سەرنجن. ساڵی 2013 ئاشتی هەورامی لەبارەی هەوڵەکانی BP بۆ کارکردن لە کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک ڕایگەیاند "ئەگەر BP بیەوێت لە دوورەوە و لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکانەوە لێکۆڵینەوە لەسەر کێڵگەی کەرکووک بکات، کێشە نییە، بەڵام ئامادەبوونی فیزیکی BP قابیلی قبووڵ نییە."

هەورامی هەروەها وەک پەیامێک بۆ BP ڕایگەیاند کە ئەوەی ئەوان چاوەڕێی ناکەن، ئەوەیە کۆمپانیایەکی زیرەکی وەک BP خۆی لە کێشەیەکەوە بگلێنێ. هەورامی گوتی "کۆمپانیای BP نابێت ڕێگە بدات بەکاری بهێنن وەک ئامرازێکی سیاسی."

ئەوەی لەو کێشەیەدا پێگەی کوردی لاواز کرد، پاڵپشتی ڕەهای پارێزگاری کەرکووک بوو لە هاتنی BP بۆ کەرکووک، ئەوەش بە پێشوازیکردنی لە سەرۆکی کۆمپانیاکە و هەروەها وەزیری نەوتی ئەوکاتی عێراق لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا. ئاژانسی ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکیدا ئەوەی بە دەرکەوتنی ناکۆکیی ئاشکرای نێوان دوو حیزبی سەرەکیی فەرمانڕەوا لە هەرێمی کوردستان ناوبرد.

لەڕاستیدا کۆمپانیای BP، یەکێکە لە کۆمپانیا گەورە دەگمەنەکانی نەوتی جیهان کە بە پێچەوانەی گەورە کۆمپانیاکانی وەک ئێکسۆن و تۆتاڵ و شێڤرۆن و گازپرۆم، نەهاتووەتە هەرێمی کوردستان و لەجیاتی ئەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ حکومەتی عێراق دامەزراندووە. ئەو کۆمپانیایە ئێستا یارمەتی عێراق دەدات لە بووژانەوەی کێڵگەی ڕومەیلە. لەساڵی 2009وە دەستی بە نۆژەنکردنەوەی کێڵگەی ڕومەیلە کردووەو پلانی هەیە ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو کێڵگەیە تاوەکو ساڵی 2024 بەرزبکاتەوە بۆ ڕۆژانە 2.1 ملیۆن بەرمیل.

لە کۆی شەش کۆمپانیای زەبەلاحی نەوتی جیهان کە بە سوپەر مەیجەرەکان (زلهێزەکان) ناسراون، تەنیا کۆمپانیای BP و Shell نەهاتوونەتە کوردستان و هیچ مەیلێکیشیان بۆ وەبەرهێنان لە کوردستان نییە. لەو دوو کۆمپانیایە BP بەتەواوەتی بەریتانییە و Shell یش بەریتانی- هۆڵەندییە، واتە نیوەی بەریتانییە.

دیارە کۆمپانیا نەوتییە بەریتانییەکان بەهۆی سروشتی پارێزگارخوازانەی ئەو وڵاتەوە مەیلێکیان بۆ هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان نییە. ئەوەش ڕەنگە سەردەمی دوای شەڕی داگیرکاریی عێراق لە 2003 مان وەبیربهێنێتەوە کە هێزەکانی بەریتانیا لە جیاتی ناوچە کوردییەکان، ڕوویان لە باشووری عێراق کرد و لەوێ گیرسانەوە و ئێستاش BP هەر لە بەسرە و لە کێڵگەی ڕومەیلە یارمەتی عێراق دەدات.


(فۆتۆ: سیروان عەزیز)


**عومەر ئەحمەد**

# بۆچی نرخی نەوت هێندە ناجێگیرە؟

سروشتی بازنەیی نرخی هەندێ لە کاڵا گرنگەکانی وەک نەوت هەر لە سەدەی 19 وە ئابووریناسانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، سەرەڕای ئەوەش هێشتا نرخی نەوت وەبەرهێنەران و بەرهەمهێنەرانی نەوت شپرزە دەکات. لە ساڵی 1930، ئابووریناسانی چەندین وڵاتی وەک ئیتالیا، هۆڵەندا و ئەمریکا بەجیا چەندین تیۆرییان بۆ پێشبینیکردنی نرخی نەوت و شێوازی ئەو بازنەیەی کە پەیڕەوی دەکات خستەڕوو. دوایین تیۆریەکان لەسەر ئەو بابەتە جەخت دەکەنە سەر ڕۆڵی هەر یەکە لە دابینکاری و خواست لە دانانی نرخی نەوت، ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بەرزی و نزمییەی کە نرخی نەوت لە میانەی بازنەیەکدا بەخۆیەوە دەیبینێت و بەردەوام لە دەوری خاڵێکی هاوسەنگی دەسووڕێتەوە.

نیکۆلاس کالدۆر، ئابووریناسی زانکۆی کامبریج مۆدێلێکی دانا بۆ شرۆڤەکردنی بازنەی نرخەکان کە لایەنگرییەکی زۆری پەیدا کرد. تیۆریەکەی کالدۆ بە مۆدێلی تۆڕی جاڵجاڵۆکە ناوی دەرکرد. دواتر مۆردیخای ئیزیکیل، ئابووریناسێک کە بۆ حکومەتی ئەمریکا کاری دەکرد ئەو تیۆریەی تەواوکرد و ناوی نا تیۆری "تۆڕی جاڵجاڵۆکە" و لە ساڵی 1938 لە میانەی بابەتێکدا بڵاویکردەوە.

بەپێی تیۆری تۆڕی جاڵجاڵۆکە، بازنەی نرخەکان ( بەرزو نزمی لە نرخەکان) دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی ڕێککردنی بەرهەمهێنان وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ گۆڕانکاری لە خواست و نرخدا. هەروەها فاکتەرێکی دیکە، مەزەندەکردنی نرخەکانی داهاتووە بەپێی نرخی ئێستا و نرخی ڕابردووی ئەو کاڵایە کە لێرەدا نەوتی خاوە. ئەوەی کە لێرەدا گرینگە، مەزەندەکان بۆ نرخی نەوت لە داهاتوودا بەپێی نرخەکانی ئێستا و ڕابردوو زۆرجار گریمانەی هەڵەی لێکەوتووەتەوە.

هەڵسەنگاندنی گریمانەکان لەسەر داهاتووی نرخی نەوت و دواکەوتنی بەرهەمهێنان بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ خواست و نرخی نەوت شیکارییەکی دروستی نرخی نەوت دەخاتەڕوو.

ئەگەر سەیری مێژووی پیشەسازیی نەوت بکەین، دەردەکەوێت گریمانەکان لەسەر نرخی نەوت بە ڕادەیەکی زۆر دواکەوتوو بووە. بۆ نموونە لە چەند ساڵی سەرەتای سەدەی 21دا، بیرەوەرییە تاڵەکانی مانەوەی نرخی نەوت لە ئاستێکی نزمدا بۆ ماوەیەکی درێژ لە ساڵانی نەوەدەکان، هەموو پلانەکانی پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕاگرت، تەنانەت پاش ئەوەی نرخی نەوت لەو کاتانەدا جووڵەی تێکەوت، بە دوو دڵییەوە دەست بە پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت دەکرا.

بگەڕێینەوە بۆ ئەو دواییانە، ساڵانی دوای 2011، پەرەپێدانی پرۆژەکانی نەوتی لیتەیی لە ئەمریکا لەسەر ئەو گریمانەیە دەستیپێکرد کە نرخی نەوت بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئاستێکی زۆر بەرز دەمێنێتەوە، کەچی وا دەرنەچوو.

ئەوە بووەتە نەریتێک، ئەگەر نرخی نەوت لە ئاستێکی بەرزدا بۆ ماوەیەکی درێژ مایەوە، بە گشتی وادەزانرێت ئەو نرخە بۆ ماوەیەکی درێژتر لە داهاتوودا جێگیر دەبێت، ئەم حاڵەتە بۆ دابەزینی نرخی نەوتیش هەروایە. ئەوەش ئەو هەڵەیەیە کە یەخەی شرۆڤەکاران و سەرکردە نەوتییەکانی گرتووە.

لەلایەکی دیکەشەوە گۆڕانکاری لە وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان لە پیشەسازیی نەوتدا کاتێکی زۆر دەخایەنێت. بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت ڕەنگە 10 ساڵ زیاتر بخایەنێت، هەرچۆن پەروەردەکردنی زەویناس یا ئەندازیارێکی شارەزای نەوت پێویستی بە ماوەیەکی تەنانەت زۆرترە. لەبەر ئەوەشە پیشەسازیی نەوت بەجێ دەمێنێت لە ڕووی ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویستن بکرێن بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە خواست لەسەر نەوت دروستدەبن.

توانای دابینکاریی نەوت لە ساڵی 2020 بەندە بەو وەبەرهێنان و ئەو بڕیارانەی کە ئێستا دەبێت بدرێن، هەرچۆن ئەو کەموکورتییە لە دابینکاریی نەوت کە لە ساڵی 2000 ڕوویدا بە توندی کاریگەری ڕووداوەکانی ساڵی 1990 ی پێوەدیارە لە کەمکردنەوەی وەبەرهێنان و بە لێشاو لەسەرکارلادانی هێزی کاری شارەزای نەوت.

هەر لەبەر دواکەوتنی بەرهەمهێنان و هەڵەبوونی ئەو گریمانانەیە لەچاو خواست کە لە ساڵانی 2002 تا 2011 خولی یەکەمی بەرزبوونەوەی خواست و نرخی نەوت ڕوودەدات و وەک خولی دووەم لە نێوان ساڵانی 2011 تا 2014 دەگاتە لوتکەی خۆی.

بەرهەمهێنەرانی نەوتی لیتەیی لە ئەمریکا و بەرهەمهێنەرانی دیکەی نەوتی جیهان ئێستا بیر لە ڕووداوە تاڵەکانی ڕابردووی دابەزینی نرخی نەوت دەکەنەوە. تا ئەم دواییەش زۆر لە سەرکردە نەوتییەکان پێیانوابوو کە نرخی نەوت لە دەوروبەری بەرمیلێک/ 100 دۆلار جێگیر دەبێت. زۆربەی ناوەندە داراییەکانی جیهانیش نرخی نەوتیان بەلانیکەم 85 دۆلار داناوە، کەچی نرخی نەوتی برێنت ئێستا دابەزیوە بۆ 65 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

ئێستا بە پێچەوانەوە، زۆربەی سەرکردە داراییەکان و هەروەها کەسانی کاریگەر لە پیشەسازی نەوت کەم کەم باوەڕیانکردووە کە نرخی نەوت بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئاستێکی کەمدا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەش ناچارن چاوبخشێننەوە بە پلان و بەرنامەکانیاندا. هەربۆیە پێشبینی دەکرێت شێوازی وەبەرهێنان و پەرەپێدانەکان لە پیشەسازی نەوت گۆڕانکاری بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت و لەسەر ئەو گریمانەیە دابنرێت کە نرخی نەوت لە ئاستێکی نزمدا بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەش وەک ئاکامی ئەو وەبەرهێنان و هەڵکۆڵینەوانەی کە ئەنجامدراون، نەوتی نوێ بەرهەمدەهێنرێت. هەروەها وڵاتانی نائەندام لە ئۆپێکیش بەردەوامن لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت.

ئێستا گوشارێکی زۆر لەسەر نرخی نەوتە، تەنانەت هەندێک لە شرۆڤەکاران و بەرهەمهێنەران و بازرگانانی نەوت پێیانوایە نرخی نەوت زۆر دابەزیوە، بە چەشنێک کە لە کۆنترۆڵی هیچ لایەکدا نەماوە. لەبەرئەوەش هەندێ لەسەرکردەکانی جیهان بانگەوازی ئەوە دەکەن کە ئاستی وەبەرهێنانەکان لە بواری نەوت و گاز چیدیکە نابێت بەو بەربڵاوی و شپرزەییە بێت و دەبێت ڕێکخستنی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بازاڕ ڕووبەڕووی ئەو هەموو نەوتە نەبێتەوە کە ناکرێت بە نرخێکی گونجاو مامەڵەی پێوەبکرێت.



ستیڤان واڵت

# پێنج وانە سەرەکییەکەی سیاسەتی دەرەوە لە 20 ساڵی ڕابردوودا

**لە ڕووسیاوە بۆ چین و بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە لووتبەرزییەوە بۆ ئاگادارکردنەوە لە هەڕەشە و تاکتیکەکانی هێز، باش و خراپ و ناشیرینییەکانی جیهانی سیاسەت.**

**وانەی یەکەم:** سیاسەتی هێزە گەورەکان هێشتا گرنگە

کە جەنگی سارد کۆتایی هات، زۆر کەسی بەتوانا قەناعەتیان بەخۆیان هێنا کە سیاسەتی کۆنی هێز بووەتە بەشێک لە ڕابردوو. وەک بێل کلینتن کە کاتێک بۆیەکەم جار خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژارد گوتی "حیسابی جیاکاری و تەواوکاری خۆویست و بێزرێزانەی سیاسەتی هێز کار ناکات. بە باشی نەگونجاوە بۆ ئەم سەردەمە نوێیە". لە جێی ئەوەی پێسبێت بەهۆی سیاسەتی هێزەوە، جیهان بەرەو یەکبوون دەچێت لەلایەن بازاڕەوە، بەها هاوبەشە دیموکراسییەکان، ئینتەرنێت و مرۆڤایەتی جەخت دەکاتە سەر دەوڵەمەندبوون و ژیانێکی باش (بەنموونە، وەکو کلینتن خۆی). هیچ شتێکی نهێنی نییە کە بۆچی ئەمریکاییەکان سەرنجیاندایە ئەم ڕوانینە، ئەوان وایان دانابوو ئەو دیدگا نەرم و جوانبینینە لە ڕێگای ڕێبەرییە باشەکانی واشنتنەوە جێبەجێ دەبێت. بەڵام بیست ساڵی ڕابردوو فێرمان دەکات ئەو ڕوانگەیە وەکو هەمیشە، پێنەگەیشتوو بووە و سیاسەتی هێز بە تۆڵەوە گەڕاوەتەوە.

بێگومان، ئەمریکا هەرگیز دەستبەرداری "سیاسەتی هێز" نەبووە، کلینتن، بوش و ئۆباما هەموویان جەختیان لەسەر پێویستی پاراستنی پێگەی ئەمریکا وەکو بەهێزترین وڵاتی جیهان کردووەتەوە. ئەوان وا تێگەیشتوون توانایان بۆ مومارەسەکردنی "سەرکردایەتیی جیهان" دەوەستێتە سەر باڵادەستیی ئەمریکا و بەتایبەت پێگەی دیاریکراوی ئەمریکا وەکو تاکە هێزی گەورە لە نیوەگۆی ڕۆژئاوای زەوی. ئەم پێگەیە ئازادییەکی بە دروستکەرانی بڕیاری ئەمریکا بەخشیوە بۆ ئەوەی بە جیهاندا بگەڕێن و دەستوەربدەنە کاروباری شوێنەکانی دیکە، نەیاندەتوانی ئەو کارە بکەن ئەگەر ئەمریکا لاوازتر با، یان خەمی بەرگریکردنی لە خاکی خۆی لە دژی هەڕەشە مەترسیدارەکان هەبایە.

بەڵام ئێمە بە تەنیا نین. زیادبوونی سیاسەتە توندەکانی چین بەرامبەر دراوسێکانی، ئەوەی دەرخست کە پەکین بێ ئاگا نییە لە جیۆپۆلیتیک، هەروەها بەرگرییە توندەکەی ڕووسیا لەو شتانەی بە بەرژەوەندی زۆر گرنگی خۆی دادەنێت لە نزیکی خۆیدا (ئۆکراینا بە نموونە)، ئەوەمان پێدەڵێ کە هەندێک کەس لە مۆسکۆ لە یادەوەریی خۆیاندا شتێکی ئەوتۆیان لەسەر کاریگەرییە باشەکانی بەجیهانیبوون نییە. لەم ڕۆژانەدا هێزە هەرێمایەتییەکانی وەکو هیندستان و تورکیا و ژاپۆن هەموویان کێشە و نیگەرانییە جیۆپۆلیتیکییەکان بەهەند وەردەگرن. ئەگەر وا بیر دەکەیەوە کە ڕکابەریی هێزی گەورە تەنها شتێک بووە لە ڕابردوو، دووبارە بیربکەوە.

**وانەی دووەم:** زۆرێک لە سیاسەتی جیهانی (هێشتا) لۆکاڵییە

یەکێک لە بنەما پەیوەندیدارەکانی گەشبینی لەدوای جەنگی سارد بریتی بووە لەوەی جیهان بە هێواشی بە هۆی بەجیهانیبوونەوە بەرەو یەکگرتن دەڕوات، هەروەها کۆمەڵگاکانیش سەرەڕای بەها و مێژووە جیاوازەکانیان، بە هێواشی یەکدەگرن بە دامەزراندنی چەند فۆرمێکی لێکچووی دامەزراوەیی (بە نموونە هەندێ شێوەی دیموکراسییەکی کاریگەر بە بازاڕ)، سیاسەتی شوناسیش لە ڕێگای دامەزراوە نوێنەرایەتییەکانەوە چارەسەر دەکرێت و پرسیارە سیاسییە گەورەکانیش بە زۆری بریتی دەبن لە پرسیارە جیهانییەکان (بە نموونە، بازرگانی، ڕژێمەکانی وەبەرهێنان، ستاندارەکانی کار، نۆرمەکانی مافی مرۆڤ، کۆنترۆڵکردنی چەک و ... هتد). کێشە زەحمەتە لۆکاڵییەکان وەکو مافی کەمینەکان و ناکۆکییەکانی سنوور بە هێواشی لە ئەجێندای سیاسەتی جیهانیدا دیار نامێنن و ئێمە هەمووومان لە یەک خێزانی گەورە و دڵخۆشی جیهانیدا کۆدەبینەوە. بەڵام سوپرایز، سوپرایز: پرس و شوناسە لۆکاڵییەکان دیسان خۆیان دووپات دەکەنەوە. ئیسرائیلییەکان و فەلەستینییەکان هێشتا لەسەر ئەوە شەڕ دەکەن کە کێ دەبێت لە کوێی قودسدا نوێژ بکات. کەتەلۆنییەکان، کورد و سکۆتلەندی هاواری سەربەخۆیی دەکەن. کەمینەکان لە میانمار، چین، ڕووسیا، هیندستان و ئەفریقا ڕووبەڕووی جیاکاری توندوتیژ دەبنەوە. هەوڵە دەرەکییەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندی لە ئەفغانستان و بنیاتنانی حکومەتێکی کارا لە عێراق و لیبیا لەسەرووی دابەشبوونە ئێتنیکی، تایەفی و عەشایەرییەکان، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی دەستێوەردانی دەرەکی لە خاکە دوورەکان بووە هۆکاری هەردووک تیرۆریزمی لۆکاڵی و نێودەوڵەتی.

ئەفسانەی پێکەوە ژیانی ئەمریکا چاوی سەرکردەکانی ئەمریکای کوێر کرد لە بەرامبەر هێزە بەردەوامەکانی ئەو شوناسە لۆکاڵانە، چونکە ئەمریکاییەکان دەیانەوێت ئەو نزیکایەتیە و پابەندبوون بە شوناسەکان وەکو خەسڵەتێکی قۆناغی پێش-مۆدێرن ببینن، دەکرێت دوور بخرێتەوە کاتێک پەروەردە، بازاڕەکان، دیموکراسی و مۆدێرنیتە دەچەسپێت. بەڵام بیست ساڵەکەی ڕابردوو پێشنیازی ئەوە دەکات ئەو جۆرە بۆچوونە زۆر ساویلکانەیە و هەر دەستپێشخەرییەکی سیاسەتی دەرەوە ئەگەر هاتوو ئەو شوناس و هەلومەرجە لۆکاڵییانە بەهەند وەرنەگرێت ئەوا ئەگەری شکستهێنانی هەیە.

**وانەی سێیەم:** تاکە شتێک لە دەوڵەتێکی خراپ خراپتر بێت نەبوونی دەوڵەتە

دەستەبژێرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕۆتینیانە گلەییەکانیان لە کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە لەسەر بنەمای خراپی و ناشەرعیبوونی حکومەتەکانی دیکە بنیات دەنێن. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەتی نێودەوڵەتی بریتی نییە لە پێکدادانی نێوان بەرژەوەندییە ناکۆکەکان، بەڵکو یارییەکی مۆراڵییە لە نێوان دەوڵەتە باشەکان (ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی) لەگەڵ دەوڵەتە خراپەکان یان هەر کەسێک کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئێمە. لە ماوەی جەنگی سارددا، کێشەکە بریتی بوو لە شۆڕشگێڕێتی کۆمۆنیزم کە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی خراپی سۆڤیەتەوە سەرکردایەتی دەکرا. دوای جەنگی ساردیش ئێمە دەستمان بە گلەیی لە چەند دەوڵەتێکی بەرەی "شەیتان" یان "شەڕ" کرد وەکو عێراق، ئێران، لیبیا، سووریا، کۆریای باکوور و سربیا. ئەو دەوڵەتانە خراپ بوون چونکە دیکتاتۆر بوون و تۆمارێکی خراپیان لەسەر مافەکانی مرۆڤ هەبوو، زۆربەی نموونەکانیش هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژیان داوە. چارەسەرێکی ئاشکرای کێشەی دەوڵەتەکانی بەرەی شەڕ، بێگومان بریتیە لە گۆڕینی ڕژێم: لابردنی ئەو فەرمانڕەوا خراپانە و دامەزراندنی حکومەتێک کە مامەڵەیەکی باشتر لەگەڵ خەڵکەکەی دەکات و هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا دەکات. بەڵام هەروەک دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی گۆڕانی ڕژێم لە لیبیا و عێراق دەریخست، لابردنی سەرکردە تەواو مەترسیدارەکان بریتی نییە لە چارەسەری و باشترکردن، ئەگەر دەرئەنجامەکەی بێ سەروبەری یان دامەزراندنی ڕژێمێکی لاواز، گەندەڵ و کێشە دروستکەر بێت. یەکێک ڕەنگە یەمەن و سۆماڵیاش بخاتە نێو لیستەکەوە، هەروەها ئەفغانستانیش ئەگەری هەیە ببێتە دەوڵەتێک کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی واز لە پشتگیریکردنی بهێنن.

دروستکردنی حکومەتێکی کارا لە کۆمەڵگاکانی پاش دەسەڵاتی تۆتالیتاری زۆر زۆر زەحمەتە، بە تایبەت دوای گۆڕینی ڕژێم بە ڕێگای توندوتیژ. تەنانەت زەحمەتتریش دەبێت ئەگەر هاتوو کۆمەڵگاکە دابەشبوو. نەبوونی هیچ دەسەڵاتێکی کارا و خاوەن ڕەوایەتی بۆشایی هێز دروستدەکات کە تێیدا خراپترین جۆری توندڕەوی سەرهەڵدەدات. وانەی تۆ چییە بۆ ئەو هەموو گۆڕانکارە ناپەشیمانانەی ڕژێمەکان؟ وریابە لەوەی هیوای بۆ دەخوازی.

**وانەی چوارەم:** ڕێبازی "ئەو شتە دانوستاندنی لەسەر ناکرێ" دیبلۆماسیەتێکی خراپە

بە درێژایی بیست ساڵی ڕابردوو، ئەمریکا مەیلێکی بێ پەشیمانی بۆ پرسەکان نیشانداوە و هەروەها هەڕەشەشی دروستکردووە، تەنها لەبەرئەوەی نەچێتە دیبلۆماسیەتێکی ڕاستەقینەوە کە بریتیە لە خۆگونجاندنی دوولایەنانە لەسەر بەرژەوەندییە ناکۆکەکان بۆ مەبەستی قازانجی دوو لایەنە. چونکە پێیوابووە نەیارەکانی شەیتانین و باوەڕی وابووە ئەمریکا زۆربەی یان ڕەنگە هەموو کارتە بەهێزەکانی لەدەستە، ئەمریکاییەکان هەر تەنازولێک لە بەشی ئێمە وەکو جۆرێک لە تەسلیمبوون دەبینن، تەنانەت ئەگەر ئێمە لە کۆتاییدا زۆرینەی ئەو شتانەش بەدەست بهێنین کە دەمانویست. بەڵام لەجێی دانوستاندنێکی ڕاستەقینە، ئێمە بەوانی دیکە دەڵێین ئەو شتانە بکەن کە ئێمە لێیانمان دەوێت و دواتریش فشاریان بخەنە سەر ئەگەر پابەند نەبوون.

ئەم ڕێبازە جەنگی لە کۆسۆڤۆ هەڵگیرساند لەساڵی 1999، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە نەبوونی هیچ ئامێرێکی پەرەپێدانی یۆرانیۆمی ئێرانییەوە لە ساڵی 2000 بۆ زیاتر لە 11 هەزار لەمڕۆدا زیاد بکات. ئەم ڕێبازە وا دەردەکەوێت لەپشتەوەی وەڵامی ڕۆژئاواشە بۆ ئۆکراینا، پێگەی بنەڕەتی یەکێتی ئەورووپا/ ئەمریکا/ ناتۆ بە شێوەیەکە کە ڕووسیا دەبێت هەموو چالاکییەکانی لە ئۆکراینا بوەستێنێ و لە کریمیا بکشێتەوە، دواتریش ڕێگە بە ئۆکراینا بدرێت ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ ئەگەر هاتوو مەرجەکانی بوونە ئەندامی جێبەجێ کرد. بە شێوەیەکی دیکە، ئێمە داوا لە مۆسکۆ دەکەین دەستبەرداری هەموو بەرژەوەندییەکانی بێت لە ئۆکراینا، فوول ستۆپ.

ئەو دەرئەنجامە لە ڕووی تیۆرییەوە ڕەنگە زۆر خوازراو بێت، بەڵام مێژووی ڕووسیا وەربگری، بەرژەوەندییەکانی لە ئۆکراینا، نیگەرانییە درێژخایەنەکانی ئاسایشی خۆی، زۆر زەحمەت دەردەکەوێت کە پوتین تەسلیمی داواکارییەکانی ڕۆژئاوا بێت بەبێ ململانێیەکی درێژ و سەخت کە زیانێکی زۆر بە خودی ئۆکراینا دەگەیەنێت. هەروەک گوندە نەناسراوەکە لە ڤێتنام، هەردوولا وا دەردەکەون کە خۆیان بۆ لەناوبردنی ئۆکراینا ئامادە دەکەن لە پێناو ئەوەی ڕزگاری بکەن.

بێگومان، ئەمریکا تاکە وڵات نییە ئەو ڕێبازەی گرتبێتە بەر بۆ پرسە سەرەکییە دیبلۆماسییەکان. چینیش وا دەردەکەوێت کە خوازیاری دیبلۆماسیەتی ڕاستەقینە نییە لەسەر دەریای باشووری چین و هەروەها حکومەتەکەی نەتەنیاهۆش بە ئاشکرا دەریبڕی کە خوازیاری دانوستاندنە لەگەڵ فەلەستینییەکان، بەڵام تەنها کاتێک دانوستاندن هەرگیز نەچێتە بواری ڕێککەوتنێک، یان ئەگەر فەلەستینییەکان بە شێوەیەکی فەرمی دەستبەرداری دروستکردنی دەوڵەت بن بۆ خۆیان. بە داخەوە، دیبلۆماسیەت بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای هەڕەشە، ئاگادارکردنەوە بەڕێوەدەچێت و دوودڵییەکی نەگۆڕ بۆ دەستبەرداربوون لە بەشێک لە شتەکان بە دەگمەن دەبێتە هۆی هێنانەئارای دەرئەنجامێکی سەرکەوتوو و درێژخایەن. یەکەم، تەنانەت لایەنە زۆر لاوازەکان هەندێ هێز و کارتی دانوستاندنیان هەیە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت تەنانەت دەوڵەتە زۆر بەهێزەکانیش کێشەیان بۆ دروست دەبێت لەبەدەستهێنانی هەر شتێک کە دەیانەوێت. دووەم، کاتێک لایەنی لاواز ناچار دەکرێت دەستبەردار بێت لە ژێر هەڕەشە و ترسدا، دەچێتە بواری مقاوەمەوە و لە دەرفەتێک دەگەڕێت بۆ ئەوەی دووبارە پرسەکە بکاتەوە کاتێک هەلومەرج بۆ ئەوە لەبار بێت. بۆئەوەی دیبلۆماسی کار بکات، دەبێت شتێکی باش لەو شتانەی کە لایەنەکەی دیکە دەیەوێت، ببەخشی. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ پابەندی ڕێککەوتننامەکە بێت. لە کۆتاییدا، شکستخواردن لە دەستپێکردنی دانوستاندن بەبێ مرونەتێک و نەرم و نیانییەکی گونجاو ڕێگە بە کێشەکان دەدات قووڵتر و توندتر بێت، ئەمەش زۆرجار وا دەکات چارەسەرکردنی کێشەکە لە داهاتوودا زۆر زەحمەتتر بێت.

**وانەی پێنجەم:** وریای لە خۆباییەکان بەیۆنانییە کۆنەکان لەبەرامبەر لەخۆباییەکان زەنگیان لێداوە، پێکەوەگرێدانێکی خۆبەگەورە زانین و زیاد لە پێویست متمانە بەخۆبوونە کە وا دەکات مرۆڤێکی گەمژە ڕووبەڕووی خوداوەندەکان ببێتەوە، لەو ساتەوە وەبیرهێنانەوەی زۆرمان لەسەر دەرئەنجامە تێکدەرەکانی ئەوە هەیە. ئەوە لەخۆباییبوون بوو پاڵی بە ئەمریکاوە نا ناتۆ فراوان بکات بێ گوێدانە ئاکامە درێژخایەنەکانی. ئەوە لەخۆباییبوون بوو وای لە دیبلۆماتە ئەمریکاییەکان کرد بیر لە هێز و سیحرە تاکەکەسییەکانیان بۆ قەناعەتهێنان بە بەرامبەر بکەنەوە وەکو شتێکی تەواو کاریگەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەری دوو دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەخۆباییبوون جۆرج بوشی بردە عێراق، لەخۆباییبوون بوو قەناعەتی بە سەرکردە ئەورووپاییەکان هێنا دراوێکی هاوبەش دروست بکەن سەرەڕای ئاگادارکردنەوەیەکی زۆر کە پێداویستییە دامەزراوەییەکان بۆ دروستکردنی دراوێکی هاوبەش بوونی نییە. ئەوە لە خۆباییبوون بوو لە پشتەوەی ئارەزووە بەشکۆ و خۆدەرخەرەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە وا دابنێت تورکیا گرنگترین دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێیە، بەهۆی سیاسەتی "سفر-کێشە" لە سیاسەتی دەرەوە.

تەنانەت شتێکی ناڕاستەوخۆی لەم شێوە لە باوەڕی ئۆبامادا هەیە کە دەتوانێت کێشە سەختەکان لە ڕێگای تاکە گوتارێکی بە باشی پێشکەشکراوەوە چارەسەر بکات. دەبێت سەیربکرێت ئاخۆ پۆتین زۆر دوور ڕۆیشتووە لە ئۆکراینا، بەڵام ئەگەر بە کارەساتێک بۆ ڕووسیا کۆتایی هات، لەوەشدا لەخۆباییبوون ڕۆڵێک دەبینێ.

لێرەدا وانەیەکی بەردەوام هەیە. لە جیهانێکی بێ دەسەڵاتێکی باڵا و لەگەڵ کۆمەڵێک ناوەندی هێزی سەربەخۆ و نایەکسان، بابەتی سیاسەتی دەرەوە بەشێوەیەک دەمێنێتەوە کە تێیدا ڕکابەری بەربڵاو دەبێتەوە و تەنانەت بەهێزترین ئەکتەرەکانیش بە زەحمەتی دەبینن ئیرادەی خۆیان بەبێ زەرەر یان بە زەرەرێکی کەم بسەپێنن. سیاسەتی دەرەوە بە شێوەیەک دەمێنێتەوە کە تێیدا چانس و شتی چاوەڕواننەکراو گەورە دەردەکەون و خۆدەرخەری و فراوانخوازی بەردەوام شکست دەهێنن. هەروەکو سندووقەکانی وەبەرهێنان، سەرکەوتنەکانی ڕابردوو هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ ئەدای داهاتوو، وڵاتەکانیش لە ساتێکدا بەرز دەڕۆن، دەشێ خۆیان لە باروودۆخێکی ناڵەباردا بدۆزنەوە بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک.

قۆناغی دوای جەنگی سارد ئەم حەقیقەتەی لەسەرووی هەموو گومانێکەوە سەلماند: ئەگەر ئەمریکای مەزن لەو دووبارەبوونەوە بێوچانە بوەستێت، ئەوە بێگومان وەبیرهێنانەوەیەکە کە دەوڵەتمەدار دەبێت لە ئامانجە واقیعییەکانەوە دەستپێبکات و بە چاوێکی کراوەوە دەربارەی هەر مەترسییەکی مومکین بڕوانێت. ئەوکات سەرکردەیەکی وریا و زیرەکن کە هەمیشە پلان B یان ئامادەیە.

ئەوە لیستی من بوو بۆ پێنج وانە سەرەکییەکە، وانەکانی تۆ چین؟

***ستیڤان واڵت، پرۆفیسۆرە لە زانکۆی هارڤارد و ئەم وتارەی مانگی ڕابردوو لە گۆڤاری (foreign policy) بڵاوکراوەتەوە.**

وەرگێڕانی: کامەران محەممەد عەزیز



نەوزاد هیتوتی*

# ڕۆڵی ئێران لە ناکۆکیی نێوان بەغدا و هەولێردا

ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا، بەدەر لە ململانێیەکی ناوخۆیی لەسەر ئاستی عێراق، ڕەهەندێکی قووڵی ئیقلیمیشی هەیە کە بریتییە لەوەی هەردوو لایەن سەر بە دوو جەمسەری ناکۆک و هاودژی یەکترن لەسەر ئاستی ناوچەکە. هەربۆیەش، شیکردنەوەی هۆکارەکانی ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندە ئیقلیمییەکان، ڕۆڵ و کاریگەریی ئێران لەسەر حکومەتی ناوەندی و بڕیارە سیاسییەکانی و هەڵوێستی ئێران لەهەمبەر هەرێمی کوردستان، سەختە فاکتەر و پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەم ململانێیە بەشێوەیەکی ڕاست و ورد دیاری بکرێت.

لە کاتێکدا پێش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، عێراق بە گەورەترین و بەهێزترین ڕکابەری ئێران دادەنرا و فاکتەری سەرەکیی ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز بوو لە ناوچەکەدا، بە ڕووخانی ڕژێمی سەدام و شکستی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق، هاوسەنگی و هاوکێشە سیاسییەکان لە عێراق و ناوچەکە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانی ئێران گۆڕا. ئێران لە ڕێی ڕێکخستنەوەی ناوماڵی شیعە و بەکارهێنانی کارتی دیموکراسیی زۆرینە، توانی هەژموونی شیعە و لە ڕێگەی شیعەشەوە هەژموونی خۆی بەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بسەپێنێ.

ئاستی کاریگەری و ڕۆڵی ئێران لە عێراقدا بەتایبەتی دوای ڤەکشانی هێزەکانی ئەمریکا لەساڵی 2011، گەیشتە ئاستێک کە هەموو ئاراستە سیاسییەکانی حکومەتی ناوەندی لەسەر ئاستی عێراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان لەگەڵ بنەما و سیاسەتی ئێران یەکیگرتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، سیاسەتی عێراق بووە پاشکۆی سیاسەتی ئێران لەهەمبەر هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە. هەڵوێستی حکومەتی ناوەندی بەرامبەر عەرەبی سوننە و پەراوێزخستنیان، پشتگیریکردنی عێراق لە ڕژێمی بەشار ئەسەد، ڕێگەنەدان بە دامەزراندنی بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە عێراقدا و پەلەکردن لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی2011، دژایەتیکردنی دەوڵەتانی عەرەبی سوننی و تورکیا، هەموو ئەمانە دەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە پاشکۆییەی عێراقی ژێر هەژموون و دەسەڵاتی شیعەیە کە نەک هەر توانای پراکتیزەکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆ و هاوسەنگی نەبوو، بەڵکو ڕێک ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و ئەجێنداکانی دەوڵەتی ئێران بوو.

لەم چوارچێوەیەدا، سیاسەت و هەڵوێستی حکومەتی ناوەندی لە هەمبەر کوردستان، نەک هەر بەدەر نییە لە کارتێکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی ئێران، بەڵکو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە دادەڕێژرێت و پاڵپشتی دەکرێت. لێرەدا لەوانەیە ئەم پرسیارە بوروژێنرێت: ئەگەر وابێ و ئێران ڕۆڵی هەبێت لە قەیرانسازیی نێوان بەغدا و هەولێردا، بۆچی دەبێ ئێران هانی بەغدا بدات لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە گوشار بخاتە سەر کوردستان؟ کامانەن ئەو هۆکارانەی وادەکەن کە ئێران لە هەرێمی کوردستان نیگەران بێت؟ لەڕاستیدا کۆمەڵێک فاکتەر هەن کە وا لە ئێران دەکەن هانی بەغدا بدات بۆ دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان، دەکرێت بەم شێوەیە ڕیزبەندی بکەین:

**یەکەم:** ئێران لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە نیگەرانە و پێیوایە مەترسییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی. نزیکبوونەوەی کورد و بە تایبەتیش پارتی لە عەرەبی سوننەی عێراق و لەسەر ئاستی هەرێمیش لە میحوەری تورکیا، دەوڵەتانی عەرەبی سوننی و ئەمریکا، بووە جێی نیگەرانیی دەسەڵاتدارانی ئێران. بۆیە ئێران هەوڵدەدات لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارتی بەغداوە، کورد دووربخاتەوە لە چوونە ناو هەر جۆرە هاوپەیمانییەک لەگەڵ عەرەبی سوننەی عێراق و میحوەرە هاودژەکە لەسەر ئاستی ناوچەکە و بە هەمان شێوەش دەیەوێت گوشار لەسەر هەرێمی کوردستان دروست بکات، بۆئەوەی پاڵپشتی لە هاوپەیمانەکانی بکات لە ناوچەکەدا، وەک ئەوەی ئێستا هەندێ لایەنی سیاسی کوردی دەیکەن.

**دووەم:** ئێران پێیوایە بە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و دابەشبوونی یەکێتی، هاوسەنگیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی پارتی و میحوەری هاودژەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەمەش وایکرد کە لەسەر ئاستی کوردستان ئێران نەتوانێت وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت کاریگەری لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان دروست بکات. لێرەدا کێشەی سەرەکیی ئێران ئەوەیە کە ئەو لایەنانەی پاڵپشتییان دەکات، پێگەی بەهێزی پێشوویان نەماوە، ئەمەش کێشەی بۆ سیاسەتی وڵاتەکەی دروستکردووە. چونکە ئێران وەک دەوڵەتێکی بەهێزی هەرێمی، ئەوەی پێ هەزم ناکرێت کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت بەبێ دەستتێوەردانی ئەو دیاری بکرێن، وەک چۆن لە عێراقدا ئەمەی بۆ دەچێتە سەر.

**سێیەم:** ئێران زۆر نیگەرانە لە هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سازدانی ریفراندۆم و پێیوایە ئەمە هەڕەشەی ڕاستەقینەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانی. تاران پێیوایە تاوەکو عێراق وەک دەوڵەتێکی سەنتراڵ بمێنێتەوە، دەتوانرێت لە ڕێگەی زۆرینەی شیعەوە، ئامانج و سیاسەتەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا بسەپێنێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئێران دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی هاوسنوور بە مەترسی ڕاستەقینە دەزانێ بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی و پێیوایە ئەم هەنگاوە، کوردی ڕۆژهەڵات و نەتەوەکانی دیکەی ناو وڵاتەکەی هاندەدات بۆئەوەی بە هەمان ئاراستە هەنگاو بهاوێژن.

**چوارەم:** بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان کە ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و ناوەندی گەیاندە لوتکە، ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی کراوە و هانی مالیکی داوە کە ئەم کارتە لەدژی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێ. ئەمەش بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی هاوبەش کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا دەکات، لەوانە: لاوازکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گورز وەشاندن لە پارتی، لە بەرامبەردا بەهێزکردنی پێگەی هاوپەیمانە نزیکەکانی وەک لە هەڵبژاردنەکانی ئەپریلی 2014 بینیمان. دەسەڵاتدارانی ئێران و مالیکی پێیان وابوو کە بە بڕینی بودجەی کوردستان، ناڕەزایی گشتی خەڵک لە دژی پارتی کە سەرۆکایەتی حکومەت دەکات توندتر دەبێت و هانیان دەدات بۆئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە لایەنەکانی نزیک لە ئێران بدەن. بەڵام بە هاتنی داعش بۆ عێراق هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، لەلایەک ئەم ڕووداوە بووە هۆی سەرەکی لابردنی مالیکی لە دەسەڵات و لەلایەکی دیکەشەوە مەترسی و هەڕەشەی ڕاستەقینەی لەسەر دەسەڵات و هەژموونی شیعە لە عێراقدا دروست کرد، ئەمەش پاڵی بە ئێرانەوە نا تاوەکو سیاسەتێکی نەرمتر لەهەمبەر هەرێمی کوردستان و پارتی بگرێتەبەر. بەگشتی، بەهۆی ئەو فاکتەرانەی کە باسمکردن و کاریگەریی مەزنی ئێران لەسەر بڕیارە سیاسییەکانی عێراق، سەرەڕای ڕێککەوتنی ئەم دواییە، چاوەڕوان ناکرێت بە ئاسانی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا چارەسەر بکرێن، مەگەر گۆڕانکاری لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا ڕووبدات.

***خوێندکاری دکتۆرا لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پرسی کورد- زانکۆی لیستەر- بەریتانیا.**



گۆران محەممەد

# گوێ و گوارە

جاران گۆرانییەکی تەڕبەگە هەبوو لە هەندێ لە کۆپلەکانیدا دەیگوت: گوێ لە تۆ گوارە لە من، پەنجە لە تۆ ئەڵقە لە من، لێو لە تۆ سووراو لە من. جا ئیتر نەیدەبڕییەوە هەر ئەوە مابوو بڵێ قوون لە تۆ دەرپێ لە من.

قوربان سیاسەتی مۆدێرنی یەکێتیی کۆنە مۆدێرن و گۆڕانی تازە مۆدێرنیش، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم گۆرانییە کۆنەدا داڕێژراوە. بە تەڕبەگە، پۆستەکانیان وەک گوێ و گوارە، مەچەک و بازنگ و پاژنە و پاوانە لەنێوانی خۆیاندا بەشکرد.

کۆمەڵ و یەکگرتوو، کە دەیانتوانی تای تەرازووەکە بەلایەکدا بخەن و نەیانکرد، لە ئەنجامدا هەر خۆیان لە هەردوو جەژن بوون و سفر هین بەدەستەوە لێی هاتنە دەرەوە، ئاخر ئەوە باشترین ئەنجامی بێهەڵوێستی و سیاسەتنەزانی بوو.

کۆمەڵی ئیسلامی، هەر تۆپەڵێ ئیسلامیی ڕاڕا دەرچوون و هەرگیز ئەوە نەبوون کە بتوانن لە دووڕیانی ترس لە یەکێتی و ئیدیعای چاکسازیی لەگەڵ گۆڕاندا، ڕێیەک هەڵبژێرن و دواجار بەجێمان.


خواگرتووی ئیسلامییش نە باوەڕیان بە بەڵێنەکانی یەکێتی هەبوو، نە لەوەش دڵنیابوون کە گۆڕان هیچی پێدەگۆڕێ، بۆیە ئەوانیش خوا گرتینی و پوولێکیان پێوە نرا.

کۆمەڵ و یەکگرتوو لە زەوی بوون و لە ئاسمانیش، ئاخر بەگوێرەی ڕێککەوتن، زەوی بۆ یەکێتییە، ئاسمانیش بۆ گۆڕان. نانی بەیانی، هەڵوێستی سیاسیت دیاری دەکات، ئاخر سەموونی حەجەری بۆ یەکێتییە، نانی تیریش بۆ گۆڕان. ڕێژەی کۆلیسترۆل پەیوەندییەکی قووڵی بە حکومەتی خۆجێیی سلێمانییەوە هەیە، ئاخر هێلکەی دوو زەردێنە بۆ یەکێتییە، تاکزەردێنەش بۆ گۆڕان.

مەستبوون، لایەنگیرییە، ئاخر وێسکی سینگڵ مەڵت هی یەکێتییە، عارەقی فەلیش بۆ گۆڕان. جادەی قیر بۆ یەکێتی، هی خۆڵیش بۆ گۆڕان. کولیچەی ناوگوێز بۆ یەکێتی، گاڵگاڵیش بۆ گۆڕان. شاورمەی گۆشت هی یەکێتییە، فەلافلی نۆکیش بۆ گۆڕان. دیژلەمەی بەدارچین هەر قابیلی یەکێتییە، قەنداویش بۆ گۆڕان.

ئەو زوڕنایەی گۆڕان بۆ ڕاوە دەنگ فووی پێدا دەکرد، عەیب و عاری حکومەتی فیفتی فیفتی بوو، دەرکەوت شینی گۆڕان بۆ فیفتی بە فیفتی یەکێتی و پارتی نەبوو، بۆ فیفتییەکەی خۆیان بوو. ئاخر ئەو پەتایەی خوازیاربووین کوردستانی لێدەرباز بێ، تەنیا بۆ سلێمانی مایەوە، ئیتر سلێمانی دەکەوێتە گێژاوی ئەوەی یەکێتی چی بەرکەوت و گۆڕان چی بەرکەوت.

حەوت مانگ چاوەڕوانیی سلێمانی، ئیدارەیەکی بەرهەمهێنا کە چواردە ساڵ ئەزموونی لە ئیفلیجیدا هەبوو، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونەی یەکێتی و پارتیدا، ئەگەر زۆرە ئەو منداڵە ئیفلیجەی گۆڕان و یەکێتی دروستیان کردووە، لە بری ئیدارەی خۆجێیی، ئیدارەی خۆگێیی بێ.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئەو گۆڵەی یەکێتی کردی

ڕێککەوتنی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (بۆیە باڵی دەستڕۆیشتوو، چونکە پێناچێ بە ڕەزامەندی تێکڕای مەکتەبی سیاسی حیزب کرابێت) لە کاتێکدا بوو کە نامەیەکی دوو جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی بە پاڵپشتیی چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئەو حیزبە، دزەی کردە میدیاکان و لەوێدا داوا کرابوو کە میکانیزمی بڕیار و دەسەڵاتەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی ڕێکبخرێنەوە. کورت و پوختەکەی ئەوەبوو کە دەسەڵاتەکانی ناو یەکێتی لەدەستی چەند کەسێکدا کۆبوونەتەوە و ئەوانن کە بڕیار دەدەن. جارێ بەر لەوەی باسی تەوقیتی نامەکە و شێوازی موخاتەبەی نامەکە بکەم، دەچمە سەر ڕێککەوتنەکە.

ڕێککەوتنەکە وەک چاوەڕێ دەکرا، جگە لە دابەشکردنی ئیدارەی زۆنی سەوز و مۆر لە نێوان یەکێتی و گۆڕاندا، هیچی دیکەی تێدا نەبوو. بە واتایەکی دیکە دەنگدەر کە بە حیسابی خۆی دەنگی بە بەرنامە و پرۆژە دابوو، بۆ جارێکی دیکە زاکیرەی مێژوویی تازە کرایەوە و برایەوە بۆ سەردەمی پەنجا بە پەنجاکەی نێوان پارتی و یەکێتی. ئەگەر لەلایەک ئەو ڕێککەوتنە خەڵکێکی زۆری لە نوێبوونەوە و گۆڕانکاری نائومێد کردبێت، ئەوا بۆ هەندێک لە خەڵکیش کە لە ماهییەت و جەوهەری ململانێکان تێگەیشتبوون، چاوەڕوانکراو بوو، بووە هۆی ئەوەش هەناسەیەکی ئارام هەڵکێشن و دوای حەوت مانگ ئەنجوومەنی هەڵبژێردراو بتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ. جیا لەوەی کە بەو ڕێککەوتنە پارتی و حیزبەکانی دیکە لە هاوکێشەی ئیداریی زۆنی سەوز و مۆڕ، ئەگەر نەشسڕابنەوە، ئەوا تا حەددی نەبوو مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. چونکە لە تێکڕای پۆستە ئیدارییەکان، هەندێک پۆستی لابەلا ماوە کە ناگەنە 5 لەسەد و ئەوانیشیان بۆ پێنج حیزبی دیکە داناوە. ئەوەیان دیوێکی مەسەلەکەیە کە حیزبەکان خۆیان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەڵام دوو خاڵی زۆر گرنگ و جەوهەری هەن لەو بەینەدا: یەکەمیان ئەوەی کە هەردوولایان قسەی خۆیان بردە سەرێ، واتا یەکێتی پارێزگاریی لەوە کرد کە هێشتا نیوەی ناوچەی دەسەڵاتی پێشووی خۆی بەدەستەوەیەوە و گۆڕانیش سەلماندی کە لەو زۆنەدا شەریک و برابەشی یەکێتییە. بەڵام خاڵی دووەم کە یەکێتی یان باڵی دەستڕۆیشتووی ناو حیزب بۆیان لەهەموو ئەو دابەشکارییەش گرنگتر بوو، ئەوە بوو کە ڕێککەوتنەکە لە نێوان خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان نەوشیروان مستەفادا ئیمزا بکرێت. ئەو ئیمزایەش تەنانەت وەکو یەکێک لە مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە دانرابوو. جا لێرەدایە کە گۆڕان گەورەترین خزمەتی بە باڵی دەستڕۆیشتوو کرد و نامەی ناڕەزایەتی سەرکردەکانی دیکەی ناو یەکێتیش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەم زەربی سفر کرا و هەمیش بایەخی نەما.

بەو ئیمزایە، گۆڕانیش وەکو پارتی، ئێران و بەغدا، هاتە بنباری ئەوەی کە دەبێ بزانێ لەمەودوا مامەڵە لەگەڵ کێ بکات و قەبووڵ بکات کە بنەماڵەی تاڵەبانی و خانمی یەکەمی حیزب، میراتگرن و لەوان زیاتر میکانیزمێکی دیکە بۆ بڕیار وەرگرتن لەناو یەکێتیدا وجودی نییە. ئینجا ئەو نامەیەش دووبارە تەئیدێکی بەهێز بوو بۆ ئەوەی کە جێگرانی سکرتێری گشتی بە کردەوە هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر یەکێتیدا نەماوە و داوای دەسەڵات لە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی دەکەن! کە ئەوە بەپێی ڕیزبەندی دەسەڵاتەکان لەناو ئەحزابی سیاسیدا شتێکی سەیرە.

ئەم ڕێککەوتنە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی و توانییان هەم پێگەی خۆیان لەناو هاوکێشە سیاسییەکاندا قایمتر بکەن، هەمیش گورزێکی کوشندە بوو بۆ نەیارانیان کە چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، گۆڕان نەچێتە بنباری ئەو ڕێککەوتن و دابەشکارییە. باڵی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی ئەگەرچی ئێران لەوەیاندا زۆر هاوکاریان بووە، لە چەند هەنگاوێکی بنچینەیی بە سەرکەوتوویی هاتۆتەدەر: نەبەستن و دواخستنی کۆنگرە، مانەوە وەکوو شەریکێکی بەهێز لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، باڵادەستیی تەواو لەسەر کەرکووک، سەرکەوتنی کاندیدی ئەوان بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، نیشاندانی ئەوەی کە شەڕی گۆڕان بۆ پلە و پۆست بووە و زاڵبوون بەسەر قەیرانی پارێزگای سلێمانی. ئێستا تەنها یەک هەنگاوی دیکەی ماوە کە ئەویش بەستنی کۆنگرەی دواخراوە لە کاتێکی گونجاودا کە بتوانن لە ڕێگەی شەرعییەتی کۆنگرەوە کۆتایی بە هەموو دەنگە نارازییەکان بێنن و لە بەرامبەر گۆڕانیشدا کە ئێستا جەماوەرەکەیان تووشی نا ئومێدی بوونە، هەنگاوی بوێرانەتر باوێن بۆ دووبارە دارشتنەوەی هاوسەنگیی هێز.



غیاسەددین نەقشبەندی

# ئەفسانەی دیکتاتۆری دادپەروەر

کام سیستم باشترین سیستمە بۆ حوکمداری؟ پرسیارێکە لەدێرزەمانەوە مشتومڕێکی بەردەوامی لە ناوەندە سیاسی و فیکرییەکاندا لەسەرە، باشترینیش لێرەدا واتای ئەوە نادات کە من کێم دەوێ و تۆ کێت دەوێ و کێ بۆ من باشە، بەڵکو "باشترین" ئەوە دەگەیەنێت کێ زیاتر خزمەتی خەمڵین و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە دەکات کە هەموو تاکەکان لەسەر ئاوەدانکردنەوە، گەشەکردن، بەرەوپێشبردن، بەهێزکردنی وڵات پێکهاتوون بە کۆنتراکتێکی کۆمەڵایەتی/ نیشتیمانی لەنێوان تاک و کۆمەڵدا.

دیموکراسی و لیبرالیزم، بە مۆدێلە ئەمریکییەکەی بووەتە تاکە سیستمی باو، یاخود لە ئەنجامی پێشکەوتنی ڕژێمە سیاسییەکان و زاڵبوونی فیکری لیبراڵی و هەژموونی ئەمریکا دوای جەنگی سارد، ئەو سیستمە بووەتە مۆدێلێکی عورفی کە هەموو جیهان دەبێ لەسەری بڕوات لەپێناو بووژانەوەی ئابووری و مافی مرۆڤ و ئازادیی بازاڕ و زۆر جار بینیومانە لە شوێنی جیاوازدا، دەوڵەت سزادراون لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە ئەو سیستمە بەرپا بکەن، سزای ئابووری، سزای بایکۆت، سزای لەشکری.. و هتد.

هەمیشە پێموابووە کە باشترین سیستم لەشوێنێک، ئەوە ناگەیێنێت کە دەبێتە باشترین سیستم لەهەموو شوێنێک، بەڵکو لە هەندێک شوێن نشوستی دەهێنێت، چونکە لەگەڵ بونیە و دابونەریتی مرۆڤەکانی ناگونجێت، ناشکرێت دیکتاتۆریەت بەکاربهێنرێت لەپێناو چەسپاندنی دیموکراسی! چونکە ئەوسا دیکتاتۆریەت و دواکەوتن لەڕێگای دیموکراسییەتەوە دێتە سەر حوکم.

ئێمە لەکوردستان حوکممان نەبووە بۆ ئەوەی شێوازێکی چاکی بۆ هەڵبژێرین یان خوێندنەوەی لەسەر بکەین و خەباتی لەپێناودا بکەین، بەڵکو زیاتر حوکمێکی شۆڕشگێڕی خێڵەکی بووە، پشتبەستنمان بە خێڵ و کەسایەتیی خەباتگێڕ بووە کە دوای ڕاپەڕین سیستمەکە بوو بە خێڵەکییەکی مۆدرین، بە جلوبەرگی سڤیل بەڵام بەدید و ڕەفتاری دواکەوتوو، نە بە بۆرژوا گەیشتین و نەشمانتوانی فیوداڵیزمەکە بکەین بەسیستمێکی شاهانەی پێشکەوتوو.

تەنها ماوەی خەباتی شاخ و هێزی کەسایەتی و چەکداری بەهەند وەرگیراون، بۆیەش حیزبەکان بەهەمان کەتەلۆگی شاخ کەوتوونەتە ناو مەیدانی کاری سیاسیی پاش خەباتی چەکداری، تەنانەت ئەوانەی بەناوی نوێخوازییەوە دژایەتی خێڵەکییان دەکرد، لەکۆتاییدا بوون بە کۆپییەکی خراپی سیستمی خێڵەکی و دەستیان لە خەباتی چینایەتی بەردا، چونکە بەهەڵە بەو قەناعەتە گەیشتن کە لەگەڵ میللەتی کورد تەنها حوکمی خێڵەکی سەردەگرێت کە واش نییە! بەوەش خەباتی ڕزگاریخوازی میللەتی کوردیان بە قۆناغ گەڕاندەوە دواوەو بوون بە مایەی نشوستی و نامۆبوونی بەسەدان کادیر و مرۆڤی ڕووناکبیر.

پێکهاتەی حیزبەکان لەکوردستان بەگشتی ئەوە نیشاندەدات کە ناتوانین ناوی خێڵەکیش لەسەر سیستمی سیاسی کوردستان دابنێین، چونکی خێڵەکی بەتەنێ نییە بەقەد ئەوەی سێگۆشەیەکی خێڵەکی-ئاینی-حیزبییە، حیزبەکەش هەر خێڵە، بەڵام بە فۆرمێکی پێشکەوتووتر و بۆ ڕاکێشانی مرۆڤگەلێکی دیکە کە بە ناوی خێڵەکی ئەرێ نین، بەڵام لە بنیاتدا هەر خێڵەکییە و سەری پیرامید (هەرەم) هەر سەرۆکی خێڵە و حاکمی ڕەها، ئەوەش خراپ نییە ئەگەر خێڵەکان لەژێر چەمکی مەلەکییەت یەکبگرنەوە و هەستی بەنیشتیمانبوون دروستبکەن و بمانگەیێنن بە سەربەخۆیی، بەڵام ئەوەش ناکەن و خەریکی قەپێلکی سیستمی دیموکراتیی کۆمارین بەبێ ناوەڕۆک.

حیزبی وامان هەیە لەکوردستان مۆدرێنترین شێوازی حوکمیان هەڵبژاردووە و کردوویانە بە پەیرەوپرۆگرام کە دڵنیام زۆربەی کادیرەکانی خۆی لە واتا و بدەرەکانی شێوازی ئەو حوکمە ناگەن و ناشزانن بۆ ئەو ناوە دانراوە (دیموکرات، سۆشیال دیموکرات، دیموکراتی نەتەوەیی و دیموکراتی چەپ و ڕاست و دیموکراتی پێشکەوتوو... هتد). بەڵام لەناوەڕۆک هیچ پەیوەندییەکیان بە ناوە ئەسڵییەکەوە نییە و بەدیهێنان و چەسپاندنی دروشمەکان تەنها سەرۆکی هەرەمەکە بڕیاریان لەسەر دەدات و ئەندامە باڵاکانیش تەنها گوێڕایەڵ و جێبەجێکەری سیاسەتی سەرۆکی پیرامید دەکەن نەک پەیڕەو پرۆگرام.

ئەو سیستمی حوکمە کە لە کوردستان هەمانە، شتێکی سەیروسەمەرە، لە تێکەڵاویی هەموو سیستمەکان، بەناو جمهورییە بەڵام ڕەفتاری مەلەکییە، بەناو دیموکراسییە، بەڵام گشتگیرە، بەناو پێشکەوتووە، بەڵام دواکەوتووە، سڤیل و لەشکری و خێڵەکی تێکەڵە، ڕەش و سپی تێکەڵە، دەشڵێین بۆ گرفتمان هەیە و بۆ تووشی قەیران دەبین؟

لەبەر تێکەڵاوکردنی ئەو هەموو سیستمە، دەزگای حیزبی، دەزگای حکومی، دەزگای ناحکومی و خۆبەخش، هەرهەموویان بەدەردی گەندەڵی ئاڵوودە بوون، بێ سیستمیەکی سەیریان دروستکردووە و بەرهەمیان تەنها دروستکردنی قەیرانە و هیچ چارەیەک پێشکەش ناکەن، بۆیەش دەبینین حکومەتیش دەکەوێتە قەیران و قەیرانەکان لەدوا ڕۆژ کەڵەکە دەبن و دەبن بە گرێکوێرە و بە ئایدیۆلۆجیا نەبێت چارە ناکرێن، ئایدیۆلۆجیایەکی تیژ کە سیستمەکە ڕابماڵێت و سەرلەنوێ دایبمەزرێنێتەوە، یانیش ئەفسانەیەکی سیحری ڕووبدات و دیکتاتۆرێکی دادپەروەرمان پێ ببەخشێ کە لەگەڵ میللەتی خۆی زۆر بەسۆز و ڕەحم بێت وەکو ماندێلا، بەڵام لەهەمانکاتدا بەرامبەر بەهەڵە و ڤاریبوون وەکو ئاگر و ئاسن زۆر دڕندە بێت، باوکێکی نەتەوەیی زیندوومان دەوێت وەکو غاندی، کوردێکمان دەوێت بەرامبەر بە دوژمنەکان دڕندە بێت وەکو هیتلەر، دیکتاتۆرێکی دادپەروەر بێت، لەسەر موخالەفەی هاتوچۆ گەورەترین سزا دابنێت و لەسەر هەموو کەسێک وەکهەڤی سزایەکە بسەپێنێ و لەسەر دزی و گەندەڵی و خیانەت، بەبێ بەزەیی خەڵک لە قەنارە بدات، یاسا تەنانەت لەسەرخۆی و نزیکەکانیشی بە یەکسانی جێبەجێ بکات و گوێ لە لێدانی دڵی میللەت بگرێت، لە تەلار و قەسر و ڤێللادا نەژیێت، بەڵکو لە دڵی میللەتدا بژی، بەرژەوەندی کەسایەتیی دەوروبەری خۆی بکاتە قوربانیی بەرژەوەندیی میللەت، چونکە هەر میللەت بەکەڵکی دێت و ئەوانەی کە لەبەر بەرژەوەندیی کەسایەتی لێی نزیکن، ڕاستییەکانی لێدەشارنەوە و لەکۆتاییدا لەخشتەی دەبەن. ئەگەر ئەو دیکتاتۆرە دادپەروەرە پەیدا نەبێت، گۆڕەپانێکی چاک بۆ هزری تێکدەر و توندڕەو و دژە کورد دروستدەبێت کە بەهیچ شێوەیەک نامانگەیێنێتە کەناری ئۆقرە.

موشیر ڕەشید ئیبراهیم

# کوردستان
# هەڵبژاردن و سازان

لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا هەمیشە سازان (توافق) خۆی دێنێتە پێشەوە. ئەگەر سەیری هەڵبژاردنی ساڵی 1992 بکەین، سەرەڕای بێ ئەزموونیی کورد لە حوکمڕانی، پاش هەڵبژاردن هەوڵدرا سازان بکرێت لەسەر بەربەستی هەڵبژاردن و کەمکردنەوەی ڕێژەی 7% بۆ 3% و 1%. تاوەکو زەمینە بڕەخسێ بۆ بەشداریی لایەنەکانی دیکە لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم، لایەنەکان نەسازان و دوو لایەنە براوەکە سیستەمی پەنجا بە پەنجایان داهێنا و بە سازان لەنێوان خۆیان هەموو کوردستانیان دابەش کرد، هەر لە وەزیرەوە تا فەڕاش، ئەمەش وایکرد سیستەمێک بێتە ئاراوە بۆ کارگێڕی کە لە هەموو جیهاندا وێنەی نەبوو، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە هەر وەزارەتێکدا دوو وەزیر و لە هەر بەڕێوەبەرایەتییەک دوو بەڕێوەبەر تا خواری خوارەوە، ئەمەش بووە هۆکارێک لە هۆکارەکانی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ، شەڕی لەناوبردنی پرۆسەی سیاسی کوردستان و دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بۆ دوو زۆنی زەرد و سەوز و بنیاتنانی حکومەتی حیزبی لە هەردوو زۆندا .

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا لەساڵی 2003 قۆناغێکی نوێ لە سازان لە نێوان ڕابەرانی هەردوو زۆن دەستپێکرد، ئەویش بە ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوانیان وەک سازانێک بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان و بەشداریکردن لە حکومەتی فیدراڵی بەغدا (حکومەتی پارێزگاکانی نەگرتبووەوە). ئەم سازانە لەلایەک سوودی هەبوو کە ماڵی کوردی ڕێکخستەوە و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی کردە خاوەنی یەک گوتار بەرامبەر بەغدا و تا ڕادەیەک بۆ یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستانیش باش بوو، بەڵام زیانیشی هەبوو، سیستەمی سازان هیچ مانایەکی نەهێشتەوە بۆ هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان. لایەنێک لە دوو لایەنەکە ئەگەر دەنگیشی لەدەستدابایە لەناو جەماوەر، قەرەبوو دەکرایەوە بە دەنگی لایەنی بەرامبەر. سیستەمی پەنجا بە پەنجا هەر مایەوەو هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهات، بگرە سنوورەکەی فراوانتر بوو لە هەرێمی کوردستان و پەلی بۆ هەموو عێراق هاویشت بە ناوچە دابڕێنراوەکانیشەوە.

ئەمەش بووە هۆکاری سەرهەڵدانی ناڕەزایی لەنێو هەوادارانی هەردوو لایەن و هەردوولا خۆیان بە بەشخوراو دادەنا. لە زۆربەی فەرمانگەکانی حکومەت بەربەرەکانێی حیزبی مابوو، بە شێوازێک ئەگەر بەرپرسی یەکەمی فەرمانگەیەک سەر بەلایەک بووایە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دژی فەرمانبەرانی لایەنەکەی دیکە بوو، ئەو فەرمانبەرەش دەیگوت بەدەنگی من لەسەر کورسی دانیشتووە و دژایەتیم دەکات، لەلایەکی دیکەوە گلەیی لەنێوان شارەکاندا پەیدا بوو، ئەمانە بوونە هۆکار بۆ دوورکەوتنەوەی دەنگدەران لە لایەنەکانیان و کاڵبوونەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی و دواجار گەیشتنە ئەوەی هەرلایەنێک بە لیستی جیا بەشداربن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە مانگی ئەیلولی 2013 و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە 2014.

لەم هەڵبژاردنانەدا ئەنجامی جیاواز بەدەست هاتن لەلایەن پارتە کوردییەکان، لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا پارتی سەرکەوتنی بەدەستهێنا و گۆڕان و لایەنە ئیسلامییەکان دەنگەکانیان پاراست، بەڵام یەکێتی نیشتمانی کوردستان تووشی شکست هات، سەرکردەکانی ئەو حیزبە بە ئاشکرا گوتیان شکستمان هێناو ئەنجامەکە قبوڵ دەکەین، بەڵام لەناخەوە نەبوو، چونکە داوای سازانیان دەکرد و تەنازولیان نەکرد لە دەسکەوتەکانی پێشوویان. بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی بەغداش لەگەڵ هەرێم باشتر بوو سازان بکرێت و سازان کرا.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان پارتی تا ڕادەیەک دەنگەکانی خۆی پاراست و سەرکەوتنی لە هەولێر و دهۆک و مووسڵ بەدەستهێنا، یەکێتی توانی دەنگەکانی خۆی بهێنێتەوە لە هەولێر و سلێمانی و سەرکەوتن بهێنێت لە کەرکووک.

گۆڕان توانی تا ڕادەیەک دەنگەکانی لە سنووری سلێمانی و گەرمیان بپارێزێ و تووشی شکست بێت لە هەولێر و کەرکووک، بەڵام ئیسلامییەکان تووشی شکست بوون، هەرچەندە لایەنێک لەسەر حسابی لایەنەکەی دیکە سەرکەوتنیشی بەدەستهێنابێ.

جارێکی دیکە سازانی نێوان لایەنە کوردستانییەکان خۆی سەپاندەوە. وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان سازان کرا لە بەشداری حکومەتی فیدراڵ و هەر پێنج لایەنەکە بەشداربوون لە حکومەت و پەرلەمانی عێراق، لێرەدا هەندێک لایەن لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن زیاتریان بەدەستهێنا .

هەوڵدەدرێت لە حکومەتی پارێزگاکانیشدا سازان بکرێت، بەڵام ئەمە بەربەستی زۆرە، چونکە ئەگەر سەیری دهۆک و هەولێر بکەین، پارتی زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگای بەدەستهێناوە ئەگەر سازان لە سلێمانی و کەرکووک لەگەڵی نەکرێت باشترە ببێتە ئۆپۆزسیۆن و لە هەولێر و دهۆک حکومەتی زۆرینە دابمەزرێ.

لە سلێمانی گۆڕان هەرچەندە دەنگی زیاتریش بوو، ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتی کرد و زۆربەی هەرەزۆری پۆستەکانیان لەنێوان خۆیان دابەشکردووە بەرەو حکومەتی زۆرینە دەچێت.

من پشتگیریی سازان دەکەم لە نێوان لایەنە سیاسییەکان لە حکومەتی هەرێم و بەشداریی لە حکومەتی فیدراڵی، چونکە سیاسەت زاڵە لەسەر هەردوو بوارەکە و تا سەقامگیری سیاسی لە کوردستان و عێراق (تا ئەوکاتەی لەگەڵ عێراق ماینەوە!) هەرچەندە کاتێک باسی سازان دەکەین هیچ پێوەرێک بۆ هەڵبژاردن نامێنێتەوە.

لە حکومەتی لۆکاڵی لە پارێزگاکان کە لە یاساکەدا هاتووە، بە لامەرکەزیی ئیداری کاردەکات و حکومەتێکی خزمەتگوزارییە، پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، بە پێویستی دەزانم حکومەتی زۆرینە بێت و سازان نەبێت، ئەو لایەنەی زۆرینەی هەیە حکومەتەکە دامەزرێنێ بە تەنها بە پاراستنی مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان یان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بە هاوپەیمانی نەوەک سازان و بەرپرس دەبن لە خزمەتی هاووڵاتیان و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیش دەتوانن لە ڕێگای چاودێری نوێنەری هاووڵاتیان بن.

لەلایەکی دیکەوە تاوەکو حکومەتی لۆکاڵی پارێزگاکان کاری خزمەتگوزاری خۆی بکات و دوور بێت لە سیاسەت و سازان و بەشی لایەنەکان و تاوەکو ببێتە حکومەتی خزمەتگوزاریی هاووڵاتیان، دەبێت خەڵکی تەکنۆکرات دابنرێت و وەزیفەش دەبێتە ئەرک نەوەک ماف، بەڵام لە سیستەمی سازان و بەشبەشانێدا لایەنەکان ئازادن کێ دابنرێت، لەوانەیە هیچ لە کارەکە نەزانێت و پۆست وەربگرێت، لێرەدا وەزیفە دەبێتە ماف یان بەش نەوەک ئەرک.






هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ئەسەد ناگۆڕێت

قەیرانی سووریا پێیناوەتەساڵی چوارەمیەوە. ئەوەی سەرەتا خەڵک بۆی هاتە سەرشەقام لابردنی ئەسەد بوو، بەڵام چوار ساڵ دواتر، دەردەکەوێت ئێستا لە هەموو کاتێک قورسترە ئەسەد بگۆڕدرێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لاچوونی ئەسەد و بەدوایدا پەیدابوونی داعش زۆر کەیسی داغی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە جیهانیشدا ساردکردووەتەوە. لاچوونی ئەسەد و نەمانی داعش سەرلەنوێ ئەو کەیسانە گەرمدەکاتەوە، بۆیە هەر وڵاتە و لە ڕوانگەی خۆیەوە پێی گرنگە جارێ ئاگرەکەی سووریا کڵپەی بێت.

براوەی یەکەم لە دەستپێکردنی قەیرانی سووریا، دەوڵەتی ئیسرائیل بوو. چونکە لەوکاتەوە شتێک بەنێوی کێشەی عەرەب و ئیسرائیلەوە نەماوە. ئەوەی هەیە شەڕە بەردێک یان دەمەقاڵێی سەرسنووری نێوان چەند فەڵەستینییەک و سەربازانی ئیسرائیلییە. تێلئەڤیڤ لەوەدا قازانجی کرد کە موسڵمانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەجیاتی ئەوەی وەک جاران بانگەشەی جوولەکەقڕان بکەن، خەریکی سوننەقڕان و شیعەقڕانی یەکدین. لەماوەی چوار ساڵی ڕابردووشدا سنوورەکانی ئیسرائیل لەگەڵ سووریا هەڕەشەی جددییان لەسەر دروست نەبووە. تەقوتۆق هەبووە، بەڵام ئەگەر قەیرانی سووریاش نەبووایە ئەوە ڕەنگە زیاتریش هەر هەبووایە.

براوەی دووەم لە دروستبوونی قەیرانی سووریا بەهۆی مانەوەی ئەسەدەوە ئێرانە. دەوڵەتێک کە بەر لە ساڵی 2011 تەواو گۆشەگیرکرابوو و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆشەگیرکردنەکەی بانگەشەی پشتبەخۆبەستوویی (خودکفایی) دەکرد، بەکردەوە لە سێ ساڵی ڕابردوودا هیلالە شیعەکەی لە ئێرانەوە بەرەو عێراق و لەوێشەوە بەرەو سووریا و لوبنان ڕاکێشا. لەوەش گرنگتر چارەنووسی ئەسەد بووە یەکێک لە خاڵەکانی دانوستاندنی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا لەگەڵ ئێران لەسەر دۆسێی ئەتۆمیی ئەو وڵاتە. ئەو قەیرانانەی ئێران لە نێوخۆیدا هەیبوون و ئەو گوشارانەی ڕۆژئاوا لەسەر ئەو دەوڵەتە دروستیکردبوون وایکرد دروستبوونی قەیرانی سووریا ببێتە دیارییەکی ئیلاهی بۆ ئێران.

براوەی سێیەم دەوڵەتی ڕووسیا بوو. ئەوە ڕوونە کە مۆسکۆ و تاران پشتیوانییان لە مانەوەی ئەسەد کرد. قازانجەکانی ئەو پشتیوانیە بۆ ڕووسیا زۆر زۆر بوون. لەلایەکەوە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ سووریا، کە هەموو دنیا وەکو دوایین مەنزڵگای ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قۆناخی پاش ڕووخانی سۆڤیەت، تەماشای دەکرا، پارێزران. لەلایەکی دیکەوە لەبەرامبەر پشتیوانیکردن لە ئەسەد شاباشی لە تارانیش وەرگرت. بەڵام لەمانە گرنگتر ئەوکاتە ئەو قازانجانە دەرکەوتن کە هەرچی ئیسلامیی توندئاژۆیە داغستان و چیچان و کۆمارە فیدراڵییە موسڵماننشینەکانی ڕووسیایان بەجێهێشت و لە سووریا دەستیان بە "جیهاد" کرد. ئەمە بۆ ڕووسیا "ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە" بوو، ڕەنگە بە بودجەی چەند ملیار دۆلاری و سوپای زەبەلاح و چەکی قورسیش نەیتوانیبووایە ئەوانە لەو ناوچانە دووربخاتەوە. جگە لەوەش هێندەی ئێستا دنیا بە داعشەوە خەریکە کە مانەوەی ئەسەد هۆکاری سەرەکیی گەشەکردنی بووە، نیو هێندە ئاگای لە دەستتێوەردانەکانی ڕووسیا لە ئۆکرانیا و پێشتر لە جیۆرجیا نییە.

بۆیە باشترین شت بۆ هەموولا ئەوەیە کە جارێ ئەسەد بمێنێتەوە. گرنگ نییە سووریا وێرانتر دەبێت، گرنگ ئەوەیە یەک ئاگری بەکوڵ هەبێت باشترە بۆ شاردنەوەی شەش حەوتێک لە شوێنی جیاواز جیاواز. هەر بۆیەش تازە بە تازە حکومەتی ڕووسیا ڕایگەیاندووە ئامادەیە دانیشتنێک لەنێوان ئەسەد و کاربەدەستانی ئەمریکا ڕێکبخات، بەمەرجێک هەردوولا بیانەوێت.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# یەکێتی و گۆڕان لەسەر چی ڕێکەوتن؟

ڕێکەوتنی یەکێتی و گۆڕان لەسەر دیاریکردنی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بێگومان زۆر گرنگ بوو. من وەک کوڕێکی سلێمانی کە هەمیشە خەونم بە ئایندەیەکی درەوشاوەوە بینیوە بۆ ئەو شارە، زۆر زۆر دڵم پێی خۆش بوو.

بەڵام دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی شار لەسەر بنەمای دەستکەوتی هەڵبژاردن هەتا بڵێیت شتێکی نامۆ و نائاسایی بوو بەلامەوە. لە هەموو جیهاندا هەڵبژاردن تەنها سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان دەگۆڕێت نەک بەڕێوەبەری گشتی و قایمقام و مودیر ناحیە و فەرمانبەرەکانی دیکەی کەرتی گشتی.

کەرتی گشتی ناوی خۆی بەخۆیەوەیە، ئەو فەرمانگانەیە کە هەموو کەس دەبێت یەکسانانە خزمەتگوزاری لێ وەربگرن و کارمەندەکانی دوور بن لە سیاسەت، نەوەکو ئینتیمای سیاسییان ببێتە هۆکاری ئەوەی جیاوازی بکەن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا بۆ هاووڵاتیان.

یەکێک لەو برینە قووڵانەی ساڵەهای ساڵە ئەم وڵاتە پێوەی دەناڵێت، دەسەڵاتی حیزبە بەسەر حکومەتەوە. زاڵبوونی دەسەڵاتی سیاسییە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە پەروەردەوە بیگرە هەتا سەر زانکۆکان و هونەر و تەنانەت کەرتی تایبەتیش.

ئامادەیی حیزب لە هەموو کایەکانی ژیاندا بووەتە هۆی دروستبوونی دابەشکارییەکی نامۆ لە کۆمەڵگادا. ئەگەر بیرتان بێت لە ساڵانی نەوەد کە دوو کەس یەکدییان دەناسی، یەکەم پرسیاریان لە یەکدی ئەوە بوو کە "یەکێتیت یان پارتی؟".

دروستبوونی ئەم بۆشاییە قووڵە لە نێوان خەڵکدا بێگومان کاتێکی زۆری ویست هەتا تا ئاستێک سڕدرایەوە، کە هێشتاش بە تەواوی ون نەبووە. جا لەم کاتەدا دووبارە هێنانەوەی ئەم نەریتە ترسناکە نەک تەنها خزمەتی کوردستان ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی قووڵتربوونەوەی برینەکانمان.

من چەند پرسیارێکم هەیە کە دەمەوێت ڕووبەڕووی ویژدانی هەموو خاوەن ویژدانانی بکەمەوە:

یەکەمیان، ئەو خەڵکانەی ئێستا کارمەندی حکومەتن لە ئاستی بەڕێوەبەری گشتی و قایمقام و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان، کاتێک لایاندەبەن و یەکێکی دیکە دەهێننە جێگایان چارەنووسیان چی دەبێت؟ دەیانگوازنەوە یان خانەنشینیان دەکەن؟ ئەدی ئەمە قورساییەکی دیکەی دارایی بۆ حکومەت دروست ناکات؟

دووەم، ئەدی دوای چوار ساڵی دیکە کە هەڵبژاردن کرایەوە و پارسەنگەکان گۆڕدران دیسان چی دەکەن؟ جارێکی دیکە ئەم خەڵکەی ئەمڕۆ لەو پۆستانەدا داتاناون خانەنشینیان دەکەن و کەسانی سەر بە ئەحزابی براوە دەهێننە جێیان؟

پرسیارێکی دیکەم ئەوەیە کاتێک کە پۆستێکی ئیداری دەدەن بە لایەنێک، ئەو لایەنە سوود لەو پۆستە وەردەگرێت بۆ بەرژەوەندی خۆی؟ ئەگەر نا ئەی بۆ پێداگرە لە وەرگرتنی ئەو پۆستانە و بە مافی دەزانێت و شەڕی بۆ دەکات؟

کەوابوو بەکارهێنانی پۆستێکی فەرمی بۆ بەرژەوەندی حیزبی چەندێک لەگەڵ ئەخلاق و ویژدان و یاسا دەگونجێ؟

من زۆر لە ئاقاری ئەم ئیشە دەترسم. وا بڕوات ڕۆژێک دێت ژیان لەم کۆمەڵگایەدا بەسەر پێنج لایەنەکەدا دابەش دەکرێت.

بۆ نموونە ڕەنگە دوای چوار ساڵی دیکە و لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی نوێ کە سازانێکی گەورەتری دەوێت، هەندێک لە لایەنەکان داوا بکەن و بڵێن: دەمانەوێت دامەزراندن لەسەر بنەمای دەستکەوتی هەڵبژاردن بێت!

یەعنی فلانە پارت لەسەدا 30 هێناوە، ئەوی دیکە لەسەدا 20 و ئەوی دیکە لەسەدا 10 و هەتا دوایی، دەبێت لەسەر ئەم بنەمایە، لایەنگرانی ئەو پارتە لە فەرمانگەکانی حکومەت دابمەزرێن!

یان دوور نییە ئەرزە وەرگرتن، چوون بۆ حەج، خوێندن لە زانکۆکان، سلفەی زەواج، هەموو ئەمانە لەسەر بنەمای دەستکەوتی هەڵبژاردن دابەش بکرێن بەسەر خەڵکدا!

هەر حیزبە و بەپێی ئەو دەنگەی بەدەستی هێناوە بەش یان کورسی هەبێت لە هەر یەکێک لەم بوارانەدا و دابەش بکرێت بەسەر ئەندام و لایەنگرەکانیاندا. خەڵکانی بێلایەنیش مافی هیچیان نەمێنێ!

ئەگەر ڕێگە لە دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر حیزبدا نەگیرێت، بەلاتانەوە دوور نەبێت ئەگەر سبەی ڕۆژ هەر پارتە و بەپێی دەنگی خۆی داوای داهاتی نەوت بکات بۆ ئەندامەکانی. ڕەنگە پێویست بکات لەسەر فۆرمی بایەعی هەمووشمان ئینتیمای سیاسیمان بنووسرێت.

بێگومان ئومێد دەکەم هیچ کات کوردستان نەبێتە شانۆی ئەو کۆمیدیا تراژیدییەی باسمکرد، بەڵام ئەگەر ئیرادەیەک ڕێگە لە حیزبیبوونی ژیان نەگرێت لەم وڵاتەدا، بە دووری مەزانن ئەو ڕۆژانەش ببینین.

ئەوەی کە پێویستە بکرێت، بە نموونە وەرگرتنی وڵاتانی پێشکەوتووە. سەیر بکەن بزانن لە وڵاتانی پێشکەوتوو خەڵک لەسەر بنەمای حیزبی ئەرکی فەرمییان دەدەنێ، یان لەسەر بنەمای توانست و لێهاتوویی.

لە وڵاتانی خودا پێداو، کارمەندی حکومی نەک هەر بۆی نییە ئەندامی پارتێک بێت، بەڵکو تەنانەت ناتوانێت ئینتیمای سیاسی خۆیشی ڕابگەیەنێت.

ئەم قسانە ڕەنگە هەتا ئێستا بۆ کوردستان وەک دروشم وا بن، بەڵام لەم کاتەدا کە هەڵگرانی ئەو دروشمەش پشتیان لە دروشمەکەیان کردووە، پێویستە کەسێک بیری کۆمەڵگا بخاتەوە کە لە وڵاتان ئەو دروشمانە بوون بە بەشێک لە ڕاستییەکانی ژیان.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# ئەمریکاش لە تیمی سێیەمە

چەند ساڵێک لەمەوبەر، هاوڕێیەکی کوردم ئەم نوکتەیەی لەسەر دەزگا هەواڵگرییەکان بۆ گێڕامەوە:

ئەفسەرانی دەزگاکانی هەواڵگری (CIA) و (موساد)ی ئیسرائیلی و (MIT) تورکی لە کامپێکی مەشقدا لە یەکێک لە دارستانەکانی ئەمریکای باکوور کۆدەبنەوە. ئەرکی ئەو ڕۆژەیان چوونەدەرەوە دەبێت لە کامپەکە بۆ دۆزینەوەی کەرە کێویەک و هێنانەوەی بۆ ناو کامپەکە. لەبەرئەوەی لە ئەمریکای باکوور دۆزینەوەی کەرە کێویەک ئاسان نییە، بۆیە ئەرکەکەیان زۆر قورس دەبێت.

تیمەکەی (CIA) پەیوەندی بە واشنتن دی سیەوە دەکات تا کارئاسانییان بۆ بکەن لە هێنانی کەرەکێویەک لە باخچەی ئاژەڵانی ویلایەتی ڤێرجینیاوە بە فڕۆکە. تیمەکەی موسادی ئیسرائیلی دەچنە دەرەوەو ئەسپێک دەگرن و بۆیاخی ڕەش و سپی دەکەن و ناوی دەنێن کەرە کێوی.

تیمەکەی میتی تورکی ئەو ئێوارەیە ناگەڕێنەوە و بۆ ڕۆژی داهاتووش هێشتا دیارنین. لە ڕۆژی سێیەمدا، ڕاهێنەرانی ناو کامپەکە دەچنە دەرەوە بۆ گەڕان بە دوای تیمەکەی میتی تورکیدا. لە دارستانەکەدا دەیاندۆزنەوەو دەبینن ئاسکێکیان گرتووە و ئەشکەنجەی دەدەن و بەدەنگی بەرز هاواری لەسەر دەکەن: ئیعتراف بکە کە کەرەکێویت.

لەوکاتەوە ئەو نوکتەیەم بە چەندین شێوازی جیاواز بیستووە کە هەندێک تیمی سێیەم بە دەزگای هەواڵگریی عێراقی و سووری و پۆلیسی نهێنی سەردەمی شای ئێران ناودەبەن. هەروەک نوکتەکانی دیکە، ئەوەی مایەی پێکەنینە نیشاندانی ئەو جیاوازییە کە لەنێوان نەتەوەی جیاوازدا هەیە: سیخوڕە ئەمریکییەکان بە تەکنەلۆجیا و پارەو ئۆپەراسیۆنی گەورە هەموو کێشەیەک چارەسەر دەکەن. ئیسرائیلیەکان بەلێزانی و خەرجکردنی پارەیەکی کەم. تورک و عەرەب و ئێرانییەکان بە ئەشکەنجەی کوێرانە. کورد زیاتر ئاشنان بە شێوازی سێیەم، ئەوەش توانای دروستکردنی نوکتەیان پێدەدات لەسەر مێژووی نەهامەتیی خۆیان.

بەڵام لەم هەفتەیەدا، ئاشکراکردنی ڕاپۆرتێک لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکیەوە لەسەر شێوازی ئەشکەنجەدانی دەزگای هەواڵگریی CIA لەسەرەتای جەنگی دژە تیرۆرەوە، ئەفسەرانی ئەو دەزگا هەواڵگرییەی خستە پۆلێنی تیمی سێیەمەوە. بێگومان ئۆپەراسیۆنەکانی CIA گەورە و گرانن، بەڵام لەهەمان کاتدا توانیویانە کۆنگرێس و کۆمەڵگەی ئەمریکی لەوکارە دڕندانانەیان چاوبەست بکەن.

کورتکردنەوەی ڕاپۆرتێکی 6 هەزار لاپەڕەیی کە کورتەکەی 500 لاپەڕەیە (خۆم زۆربەیم نەخوێندووەتەوە) ئاسان نییە، بەڵام زۆرێک لە میدیاکان نموونە و خاڵە سەرەکیەکانی مامەڵەی دەزگای CIA یان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا کردووە، لەوانە: لێکۆڵەرانی (سی. ئای. ئەی) زۆریان لەهەندێک زیندانی کردووە بە قاچی شکاوەوە چەند کاژێرێک بەپێوە بوەستن. هەڕەشەی دەستدرێژییان لە دایکی زیندانیان کردووە. هەندێک زیندانی زیاتر لەسەد جار سەریان کراوە بە ئاودا. هەندێک زیندانی ڕێگەی خەوتنیان بۆ ماوەی 180 کاژێر لێگیراوە. لەژێر دەستی ئەفسەرانی CIA زیندانیەک بەهۆی خستنە ناو ئاوی ساردەوە مردووە. هەندێکی دیکەیان بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بەڕووتی لەسەر زەوی کۆنکرێتی ماونەتەوە. ئەمە سەرەڕای لێدان و ئابڕووبردن و ئەشکەنجەدان بەشێوازی باو.

ئەمە جگە لەوەی ئاشکرا بووە لە 119 دەستگیرکراوی ژێر دەستی CIA، 26 کەسیان بێتاوان بوون و بە هەڵە دەستگیر کراون. یەکێک لە دەستگیرکراوەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بووە لە یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی. دووی دیکەیان کاریان بۆ CIA کردووەو بە هەڵە دەستگیر کراون و ئەشکەنجەدراون. یەکێکی دیکە لەسەر بنەمای زانیاری ئەشکەنجەدراوێکی دیکە دەستگیرکراوە. لەهەندێک حاڵەتی دیکەدا، زیندانیەکان ڕووبەڕووی ئەشکەنجە بوونەتەوە بەرلەوەی هیچ لێکۆڵینەوەو پرسیارێکیان لێبکرێت. دەرەنجامی ڕاپۆرتەکە نیشانی دەدات، ئەشکەنجەدانەکان جگە لەزانیاری هەڵە هیچ زانیارییەکی بەسوودیان لێنەکەوتووەتەوە.

دەبێت هەوڵی دیموکراتەکانی ئەمریکا لە ئاشکراکردنی ئەو ڕاپۆرتە و هەوڵەکانیان بۆ نەهێشتنی ئەو شێوازانەی ئەشکەنجەدان لەساڵی 2009وە بەرز بنرخێنرێت. بەڵام هێشتا کۆمارییەکان ڕەتیدەکەنەوە هیچ هەڵەیەکیان کردبێت. ئەوەی لە ئەمریکا تەرکیزی دەخرێتە سەر، پاراستنی ئەمریکایە بەهەر نرخێک بێت. بەڵام گومانی تێدا نییە پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە تاکتیکە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە زەرەر بە ناوبانگیان دەگەیەنێ و بەقازانجی پەیامی جیهادییەکان دەشکێتەوە. لانیکەم، ئەمە وایان نیشان دەدات کە خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ دوژمنەکەیان.



پەریڤان سەعید

# ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا عێراق زیندوو دەکاتەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر بودجە و هەناردەکردنی نەوت ڕێککەوتن، ئەو کێشانە لە چەندین ساڵی ڕابردوودا چەقی ناکۆکیەکانی نێوان هەردوولا بوون.

بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، هەولێر 550 هەزار بەرمیل نەوت دەداتە بەغدا و لەبەرامبەریشدا 17%ی بودجەی عێراق و خەرجی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە وەردەگرێت.

کاربەدەستانی کورد دەڵێن جگە لەو 250 هەزار بەرمیل نەوتەی لە کێڵگەکانی خۆیانەوە دەیدەنە بەغدا، هێشتا دەتوانن نەوتی زیاتر لە بازاڕەکانی جیهاندا بفرۆشن، تاکو ئێستاش بەغدا ناڕەزایی لەبەرامبەر ئەمە نیشان نەداوە. بەڵام ئەم خاڵە ڕەنگە ببێتە کێشەیەکی گەورە بۆ بەغدایەکی سێنتراڵی لە داهاتوودا.

دیارە ئەو وردەکاریانە لەکاتی ڕێککەوتنەکەدا بە وردی باس نەکراون بۆ ئەوەی کە ڕێککەوتنەکە سەربگرێت. لەبەرئەوە، ئەگەر هەولێر و بەغدا هەموو وردەکاریەکانی ڕێککەوتنەکە نەخەنە سەر کاخەز و بنەمای یاساییان بۆ دروست نەکەن، ئەوا دەکرێت لە هەر سات و ئانێکدا هەڵبوەشێتەوە.

سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی ئەوەیان بە ڕوونی باس کردووە کە کوردستان لەسەر هەناردەکردنی سەربەخۆی نەوت بەردەوام دەبێت هەر بەوشێوەیەی کە لە ڕابردوودا کراوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە کوردستان کلیلی بۆڕیە نەوتەکانی ناداتە دەست سۆمۆ.

بەقسەی وەزیری وزەی تورکیا تانەر یلدز، تا ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ تورکیا دوو هێندە زیادی کرد، لە 120 هەزار بەرمیلەوە لە ڕۆژێکدا بۆ 240 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. لە یەکەم هەفتەی مانگی نۆڤەمبەردا، هەناردەی کوردستان گەیشتە 320 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. کاربەدەستانی کورد پێیانوایە تاوەکو مانگی ئاداری 2015 هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ نیو ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزدەبێتەوە.

کوردستان ژێرخانێکی باشی نەوت و گازی بۆ خۆی بنیاتناوە و سەرکەوتنی ئابووریی خۆی لە داهاتوودا مسۆگەرکردووە. بەڵام دەستکەوتی ئابووری بەبێ سەربەخۆیی سیاسی بە ناسکی دەمێنێتەوە. ئابووریی کوردستان هەموو کات لە ژێر هەڕەشەی بەغدا دەبێت، لە بەغداش تا ئێستا بیرکردنەوەی وەکو ئەو ڕژێمانەی پێشووتری عێراق زۆرن کاتێک کە باس دێتە سەر مافەکانی خەڵکی کوردستان.

ڕێککەوتنەکەی ئەم دواییە پێدەچێت ژیانی عێراق وەکو دەوڵەتێک درێژبکاتەوە، هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە گەرەنتی زیندوومانەوەی عێراق ناکات، ئەگەر بەغدا هەڵسوکەوتی خۆی نەگۆڕێت و ستراتیژیانەتر کارنەکات. ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کە بەغدا لە ساڵی ڕابردوودا خستیە سەر کوردستان برینی وای لە کوردستان دروست کردووە کە چەندین ساڵی دەوێت تا جارێکی دی سارێژ ببنەوە.

هەڕەشەی داعش ڕەنگە وای لە بەغدا کردبێت کە ئامادەی ئەو ئاشتبوونەوەیەی ئێستای بێت، بەڵام هەر کە هەڕەشەی داعش نەما، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگە ڕووبەڕووی هەڕەشەی میلیشیا شیعیەکان ببێتەوە.

میلیشیای شیعی کە حکومەتی عێراق پشتگیرییان دەکات، هەر لە ئێستاوە هەندێک بارگرژییان لە ناوچە کوردیەکانی پارێزگای دیالە و کەرکووک دروست کردووە.

هەروەها زیندووکردنەوەی دیپلۆماسیەتی عێراقی لەسەر دەستی سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، ئەوەش بۆ خۆی هەڕەشەیەکە بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. دروستکردنی پەیوەندی عێراقی لەگەڵ دراوسێکانی گومانی تێدا نییە کە لەسەر حیسابی پەیوەندییە دەرەکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

هەرچەندە هێزی پێشمەرگە باوەڕپێکراوترین هێزی زەمینی دژە داعش بووە، هەفتەی ڕابردوو کە کۆنفرانسی سەرکردەکانی هێزی هاوپەیمانانی دژ داعش لە بڕۆکسل بەسترا، سەرکردەکانی کورد بانگهێشتی کۆنفرانسەکە نەکرابوون و بۆ ئەمەش دەبێت لۆمەی پەیوەندییەکانی کوردستان بکرێت.

ئێستا، ڕەنگە کورد وەکو براوەی ئەم ڕێککەوتنە دەرکەون، بەڵام بە تەماشاکردنی ڕابردووی تاڵی کوردستان لەگەڵ بەغدا، دەستکەوتی کورتمەودای ئابووری نابێت لە ڕێچکەی سەربەخۆیی دوورمانبخاتەوە.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




دەشنێ موراد :

## کەس ناوێرێ پێم بڵێ شووم پێ بکە

12 «


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net






RÛDAW

SIDAR AGENCY

هەر کەسێک گرتەیەکی ڤیدیۆیی سەرنج راکێشی هەیە
بۆ بڵاوکردنەوەی، بەرامبەر بە بڕێک پارە.

دەتوانن پەیوەندی بکەن بە:

agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com

+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

